زنجیرەی ڕێنماییەکانی ڕێگای ڕاست
( ٦٧ )

# وەڵامی ڕاست و دروست
# بۆ
# ژن و مێردی خواپەرست

وەڵامی ( ٥٠ ) پرسیاری ماڵپەڕی بەهەشت تایبەت بە ژیانی ژن و مێردایەتی

وەڵام دراوەتەوە لە لایەن بەڕێزان

﴿دکتۆر عبداللطیف أحمد ، مامۆستا خلیل أحمد ، مامۆستا عبدالکریم ،مامۆستا عدنان بارام ، مامۆستا محمد عبدالرحمن﴾

کۆکردنەوەی
جلیل إبراهیم علی

==============================================================

لە بڵاوکراوەکانی

**ماڵپەڕی بەهەشت**

www.ba8.org

✉ malpariba8@yahoo.com

07701517378

عێراق - کوردستان - کەلار

هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ

کتێبی ژمارە ﴿١٦٢﴾ لە کتێبخانەی ماڵپەڕی بەهەشت

# کورتەیەك سەبارەت بە ماڵپەڕی بەهەشت

السلام عليكم ورحمة الله وبركاته

**پێناسەیەکی کورتی ماڵپەڕی بەهەشت :**

ماڵپەری بەهەشت (www.ba8.org) ماڵپەڕێکی سەلەفی زانستی پەروەردەییە ، و لە پێناو بڵاوکردنەوەی ئەو ئیسلامەیە کە سەلەفی صالح ـ پێغەمبەری خوا (ﷺ) و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) ـ لەسەری بوون ، وە سەر بە هیچ گروپ و لایەنێکی حیزبی نییە .

**ڕۆژی دامەزراندن :**

ماڵپەری بەهەشت لە (١٠ / ٣ / ١٤٢٧) کۆچی بەرامبەر بە (٨ / ٤ / ٢٠٠٦) دامەزراوە .

**ئامانجمان :**

١ ـ ئاشناکردنی کۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستکردنی تاك و کۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەکانی کە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح .

٢ ـ ئاشکرا کردنی ئەو شتانەی کە نامۆن بە ئیسلام و خراونەتە نێویەوە بە چەندین دەستەواژەی دەنگ و ڕەنگ و نوسراو لە بوارەکانی بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار و پەروەردە و زانست و پزیشکی و گەشەی کۆمەڵایەتی ...

**ماڵپەری بەهەشت ئەو کتێب و بابەت و لێکۆڵینەوە شەرعیانە بڵاودەکاتەوە کە دەبنە هۆی :**

١ ـ شارەزاکردنی موسڵمانان و پەروەردەکردنیان لەسەر ڕێگا ڕاستەکەی ئیسلام ، ئەمەش دەستەبەر دەبێ بە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوە ڕەسەنەکەی ئیسلام ، کە بریتییە لە قورئان و سوننەت ، بە تێگەشتنی پێشین و پێشەوایانی ئوممەت .

٢ ـ پاك کردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی موسڵمانان لە دیاردەکانی شیرك و کوفر و تاوان .

٣ ـ پاڵاوتن و تەصفیەکردنی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەکان .

٤ ـ وریا کردنەوەی موسڵمانان لە شوێنەواری خراپی ڕیوایەتە لاواز و هەڵبەستراوەکان .

٥ ـ پتەوکردنی برایەتییەکی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەکەی ئیسلام و نەهێشتن و کەمکردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی کە زاڵبووە بەسەر بیروهۆشی زۆرێك لە موسڵمانان ، وە بووەتە مایەی پارچەپارچە بوونیان و تەسك کردنەوەی برایەتی و هاوکاری لە چوارچێوەیەکی مەزهەبی و حیزبی دا .

**بەشە سەرەکییەکانی ماڵپەڕی بەهەشت:**

ماڵپەڕی بەهەشت لە چەندین بەشی جۆراوجۆر پێك هاتوە کە بریتین لـەم بەشـانەی خـوارەوە لەگـەڵ کورتەیەك لە باس کردنی بەشەکە :

١ ـ **قورئان و تەفسیر** : لەم بەشەدا هەموو ئەو بابەتانەی کە پەیوەندی بە قورئانی پیرۆز و تەفسیرەوە هەبێت بڵاودەکرێـتەوە و لە ئایندەدا بە یارمەتی خوای گەورە هەموو تەفسیری قورئانی پـیرۆز بـە کـوردی لەم بەشەدا دادەنرێت.

٢ ـ **پێغەمبەری خوا** (ﷺ) : لەم بەشەدا هەموو ئەو بابەتـانـەی کـە پەیوەنـدی بـە خـودی پێغەمبـەری خواوە (ﷺ) هەبێت بڵاودەکرێتەوە و لە گرنگترین ئەو بابەتانەش : (تایبەت مەندیەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، هۆکارەکانی سەرخستنی پێغەمبەر (ﷺ) ...) .

٣ ـ **بیروباوەڕی دروست** : لەم بەشەدا هەموو ئەو بابەتانەی کە پەیوەندیان بە بیروباوەڕ و عەقیـدەی موسڵمانانەوە هەبێت بڵاودەکرێـەوە بۆ ئەوەی بیروباوەڕیان لە هەموو خورافیات و شیرك و هاوەڵبڕیـاردان پاك بکەنەوە .

٤ ـ **کتێبخانە** : ئەم بەشە یەکێکە لەبەشە هەرە بەسوود و گرنگەکانی ماڵپەڕی بەهەشـت کـە تیایـدا زیاتر لە (١٥٠) کتێبی کوردی لە بوارەکانی : (عەقیدە ، عیبادەت ، ئافرەتان ، لاوان ، مـانگی ڕەمـەزان ، موعامەلات ، هەمە جۆر ...) بڵاوکراوەتەوە و هەموو هەفتەیەکیش کتێبێکی نوێ بڵاودەکرێـتەوە .

٥ ـ **گۆڤار** : لەم بەشەدا سەرجەم ژمارەکانی گۆڤاری ڕێگای ڕاست بڵاوکراوەتەوە .

٦ ـ **بڵاوکراوەی زانست** : لەم بەشەدا سەرجەم ژمارەکانی بڵاوکراوەی زانست بڵاوکراوەتەوە .

٧ ـ **پەرسـتیش و عیبـادەت** : لـەم بەشـەدا هـەموو ئـەو بابەتانـەی کـە پەیوەنـدیان بـە پەرسـتش و عیبادەتەوە هەبێـت بڵاوکراوەتەوە .

٨ ـ **ئافرەتان** : لـەم بەشـەدا کۆمەڵـە بابـەتێك بڵاوکراوەتـەوە سـەبارەت فیقهـی شـەرعی ئافرەتـان و مەرجەکانی باڵاپۆشی و خراپی سفوری و ... .

٩ ـ **لاوان** : لەم بەشەدا ئەو بابەتانە دانراون کە تایبەتن بە لاوان و ئامۆژگاری بـە سـوودی تێدایـە بـۆ لاوان تاوەکو خۆیان لە هەموو فیتنە و فەسادێك بپارێزن .

١٠ ـ **منداڵ و پەروەردە** : لەم بەشەدا کۆمەڵێك بابەتی بە سوود بڵاوکراوەتەوە سەبارەت بە چۆنێـتی پەروەردە کردنی منداڵ .

١١ ـ **گەشەپێدانی مرۆیی** : لەم بەشەدا کۆمەڵێك بابەتی بە سوود بڵاوکراوەتەوە سەبارەت بـەوەی کە چۆن دەبیتە کەسێکی سەرکەوتوو لە ژیاندا... لەگەڵ زۆر بابەتی بە سوودی تر .

١٢ ـ **بەهەشتی تەوبەکاران** : لەم بەشەدا کۆمەڵێك بابەتی بە سوود بڵاوکراوەتەوە بۆ ئەو کەسانەی کە تەوبە دەکەن و دەگەڕێنەوە بۆ لای خوای گەورە و خۆیان لە تاریکی تاوان و خراپەکاری ڕزگار دەکـەن

بۆ ڕوناکی خواپەرستی ، نمونەی ئەو بابەتانەی کە لەم بەشەدا دانراون : چۆن تەوبە بکەم؟ مەرجەکانی تەوبە کردن چییە ؟ نیشانەکانی قەبوڵ بونی تەوبە چیە؟ بۆچی تەوبە بکەم؟ ...

١٣ ـ **مێژووی موسڵمانان** : لەم بەشەدا کۆمەڵێك بابەتی بە سوود بڵاوکراوەتەوە سەبارەت بە مێژووی موسڵمانان .

١٤ ـ **ژن هێنان و شوو کردن** : لەم بەشەدا کۆمەڵێك بابەتی بە سوود بڵاوکراوەتەوە بۆ ئەو کەسانەی کەوا بە نیازی پێکەوەنانی ژیانی هاوسەرگرین.

١٥ ـ **مانگی ڕەمەزان** : لەم بەشەدا کۆمەڵێك بابەت و کتێب و پرسیار و وەڵامی بە سوود بڵاوکراوەتەوە تایەبت بە ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان .

١٦ ـ **سیاسەتی شەرعی** : لەم بەشەدا کۆمەڵێك بابەتی بە سوود بڵاوکراوەتەوە سەبارەت بە سیاسەتی شەرعی و سەرجەم ئەو دیدار و چاوپێکەوتنانەی کە گۆڤار و ڕۆژنامەکان لەگەڵ مامۆستایانی سەلەفی ئەنجامیان داوە بڵاوکراوەتەوە.

١٧ ـ **پزیشکی** : لەم بەشەدا کۆمەڵێك بابەت و پرسیار و وەڵامی پزیشکی بڵاوکراوەتەوە .

١٨ ـ **چیرۆك** : لەم بەشەدا کۆمەڵێك چیرۆکی بە سوود بڵاوکراوەتەوە کە هانی گەنجان دەدات بۆ تەوبە کردن و گەڕانەوە بۆ لای خوای گەورە .

١٩ ـ **زیکرەکان** : لەم بەشەدا کۆمەڵێك لە زیکری ڕۆژانەی موسڵمان بڵاوکراوەتەوە ، لەگەڵ کۆمەڵە بابەتێك لەسەر فەزڵ و گەورەیی زیکر و سودەکانی .

٢٠ ـ **وەڵامی گومان و ڕەخنەکان** : ئەم گۆشەیە تایبەتە بە وەڵامی گومان و ڕەخنەکان لەسەر ئیسلام و قورئان و سوننەت و مێژووی ئیسلام ، وە هەر شتێك پەیوەندی بە ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە هەبێت ، ئەمەش دوای ئەوەی بینیمان لە گۆڕەپانی ڕۆشنبیری کوردی دا چەند کەس و قەڵەمێك ئەیانەوێت جوانی ئیسلام بشێوێنن ، وە سەر لە نەوەی نوێی موسڵمانان تێك بدەن بە تایبەت لە توێژی خوێندکارانی زانکۆ و پەیمانگاکان لە ڕێگەی وەرگێڕانی کەلتوری هەڵەی بێگانە بە ناوی فەلسەفە و عەقڵانیەت و نوێخوازی و مەعریفەوە ! لە کاتێکدا هەموو ئەوانە وەڵامی تێروتەسەلیان هەیە و بە توندی لە مێژووی زێڕینی ئیسلامدا ڕەتکراونەتەوە .

٢١ ـ **فیقهی شەریعەت** : لەم بەشەدا هەموو بابەتە فیقهیەکان بڵاوکراوەتەوە وەکو بەشی پاك و خاوێنی ، بەشی نوێژ ، بەشی ڕۆژوو ، بەشی زەکات لە کتێبی (فقه السنة) ، وە هەروەها لە کتێبی (الوجيز في فقه السنة والكتاب العزيز) .

٢٢ ـ **حەرامکراوەکان** : لەم بەشەدا هەموو بابەتەکانی کتێبی (محرمات التي إستهان بـها الناس يجب الحذر منها) بڵاوکراوەتەوە کە باس لە زۆرترینی ئەو بابەتانە دەکات کە لە شەریعەتی پیرۆزی ئیسلام دا حەرامکراون و لە ناو خەڵکی دا پشتگوێ خراون و فەرامۆش کراون ، وە هەر باسێکیشی هێنابێ بەڵگەی بۆ

هێناوەتەوە لە قورئان و سوننەت بۆ ئەوەی خوێنەر لەسەر چاوڕۆشنی پێ هەلگرێ و بە بەلگەوە حەرامەکان بناسێ .

٢٣ ـ **وتاری مامۆستایان** : لەم بەشەدا کۆمەلێك وتار و دەرسی مامۆستایانی سەلەفی بلاوکراوەتەوە .

٢٤ ـ **کۆمپیوتەر** : لەم بەشەدا کۆمەلێك بابەت و بەرنامەی بە سوود دانراون .

٢٥ ـ **هەمەجۆر** : لەم بەشەدا هەموو ئەو بابەتانەی کە لە بەشەکانی سەرەوە جێگایان نابێتەوە لە بەشە دانراون ، ئەمە جگە لەوەی کە هەر لەم بەشەدا کۆمەلێك بابەت سەبارەت بە بۆنە و یادەکان بلاوکراوەتەوە وەکو : درۆی نیسان ، حوکمی ئاهەنگ گێڕان بۆ سەری سالی زاینی ، ڤالەنتاین ....

٢٦ ـ **گولبژێری فەتوا** : لەم بەشەدا کۆمەلێك فەتوای زانایان گولبژێرکراون و لەم بەشەدا دانراون .

٢٧ ـ **لینکەکان** : لەم بەشەدا کۆمەلێك ناونیشانی سایتی زانایان و کۆمەلێك سایتی سەلەفی کوردی دانراون .

٢٨ ـ **گۆشەی پرسیار و وەلامی شەرعی** : ئەم گۆشەیە لە هەموو بەشەکانی تر خوێنەری زیاترە ، چونکە زیاتر لە (٥٠٠) پرسیار و وەلامی شەرعی تێدایە لە بوارەکانی (قورئان ، فەرموودە ، عقیدە ، نوێژ ، زەکات و سەرفترە ، ڕۆژوو ، حەج ، دەست و نوێژ و غوسل ، ئافرەتان ، ژیانی ژن و مێردایەتی ، حوکمی خۆشەویستی و دلداری ، موعامەلات ، ڕاوێژکاری ، هەمەجۆر) وە وەلامەکان بە پێی بەلگەکانی قورئان و سوننەت لە لایەن مامۆستایانی سەلەفیەوە وەلام دراونەتەوە بە شێوەیەکی زۆر جوان و ڕوون ، وە ڕۆژانەش پرسیار و وەلامی تری بۆ زیاد دەکرێت لە سەرجەم بوارەکاندا.

**لە کۆتایدا** : داواکارم لە خوای پەروەردگار ئیخلاص بخاتە نێو کار و گوفتارمانەوە و مالپەڕی بەهەشت بکاتە توێشویەك بۆ قیامەتمان ، وە داواکارم لە هەموو موسلمانان لە دوعای خێر بێ بەشمان نەکەن .

والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته

جليل إبراهيم علي

بەڕێوبەری مالپەڕی بەهەشت

www.ba8.org

## ١- ئامۆژگاری بەڕێزتان بۆ ئەو کوڕانە چی یە کەدەیانەوێت خێزان پێك بهێنن ؟

بسم الله الرحمن الرحيم

سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورە وە درودو سڵاو لە سەر گیانی پێغەمبەری خوا وە لەسەر خێزان و کەس وکاری ئیماندارو هاوەڵان و شوێن کەوتوانی تا ڕۆژی دوایی.

**وەڵام :**

ئامۆژگاریمان بۆ ئەوگەنجانەی کەدەیانەوێت خێزان پێك بهێنن کە ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەری خوا – صلي الله عليه وعلى آله وسلم – جێ بەجێ بکەن کە فەرموویەتی:"**تنكح المرأة لأربع: لمالها و لحسبها و لجمالها و لدينها، فاظفر بذات الدين تربت يداك** " رواه البخاري

ئەو ئافرەتەی کە دەخوازرێ لەبەر چوار شت دەخوازرێ،لەبەر ماڵەکەی ، یان لەبنەماڵەیەکی ڕێك وپێك بێت ، یان لەبەر جوانیەکەی ئەوکەسەی کەدەیخوازێت پێویستی بەوە نەبێت کەخەمی جێگەی نیشتەجێبوون و چەند خەمێکی تری بۆ بخۆی، دوایی هەموویان گومانی تێدا نی یە باشتر بێت بۆ مرۆڤ هەڵبژاردنی دینەکەی لەهەموو شت باشترێکە، ئەی ئەگەر دینەکەی هەبوو خاوەنی جوانیەکەش بوو و ماڵیشی هەبێت یان لەبنەماڵەیەکی ڕێك وپێکیش بێت ئەوە گومانی تێدا نی یە چاکترێکە،ئەگەر ئەم سێ یانەی تێدانەبوو بەس دینەکەی تێدابوو، لەبەرئەوەی خاوەنی دین و ئەخلاقە ئەوە لەپێش هەموو شتێکەوەیە، ئەگەر لەبەر جوانی یەکەی بێت دڵنیاین لەوەی جوانی یەکەی تاوەکو سەر نی یە و پیر دەبێت یان سوتان و منداڵ بوون ئەمانە هەمووی کاریگەری تەواوی هەیە، لەسەر جوانی ئافرەت وەماڵیش تاوەکو سەرنابێت چەندەها خەڵك هەبووە خاوەنی ماڵ بووە پاشان خوای گەورە ومیهرەبان لێ ی وەرگرتۆتەوە، بنەماڵەش سوودی نی یە بۆ مرۆڤەکان ئەگەر خۆی باش نەبێت چونکە پێغەمبەری خوا – صلي الله عليه وعلي آله وسلم – دەفەرموێت: " من بطأ به عمله لم يسرع به نسبه " ئەوەی کەوا کردەوەی باشی نەبێت نەسەب هیچ سوودێکی پێ ناگەیەنێت، ئەگەر کچ و کوری پێغەمبەریش بێت ئەگەر خۆی خاوەن دین وئەخلاق نەبێت ئەوە هیچ سودێکی پێ ناگەیەنێت بۆیە پێغەمبەری خوا هۆشداری داوەتە سەرپەرشتیارانی کچان وفەرموویەتی – صلي الله عله وعلى آله وسلم -: " **إذا أتاكم من ترضون دينه و خلقه فزوجوه، إلا تفعلوا تكن فتنة في الأرض وفساد عريض** " رواه الترمذي(١٠٨٤)وابن ماجه(١٩٦٧) واتە: هەرکاتێك کوڕێکی گەنجی باوەڕدار و خاوەن ڕەوشت هاتەداخوازی کچەکەتان ڕازی بن ڕێگری لێ مەکەن ئەگەرنا خراپەو خراپەکاری بڵاودەبێتەوە.

نەسەب هیچ ڕۆڵێك نابینێت و هیچ سودێکت پێ ناگەیەنێت، لەوانە کورەکەی پێغەمبەر نوح – عليه السلام – وەباوکی پێغەمبەر ئیبراهیم – عليه السلام – چی سودێکی پێ گەیاندن ؟ کەواتە بوونی نەسەبیش شتێك نی یە کە مرۆڤی موسڵمان پشتی پێ ببەستێ، بەڵام ئەگەر لەبنەماڵەیەکی باش بێت و ئەمیش خۆی باش بێت ئەوە زۆر چاکە، بەڵام ئەگەر لەبنەماڵەیەکی چاك بێت و دایك باوك وبراو خزم وکەس هەمووی باش بێت ئەم خۆی خراپ بێت ئەوە هیچ سوودێکی پێ ناگەیەنێت، وە کەس بائەم شتەنەکات بەپێوەر

بۆچاكيەتی و خراپيەتی، ئەم باوكی خراپ بووە نامەوێت باوكی خراپە ؟! ئەگەر باوباپيرانی صالح بوون ئەميش صالح بوو ئەوە دينەكە لەپێش هەموو شتێكەوەيە، چونكە ئەگەر دين وئەخلاقی هەبوو وە خاوەنی جوانی بوو ئەوە جوانی يەكەی بۆمێردەكەيەتی وە ئەگەر ماڵی خۆی هەبێت لەرێگەی شەرعی دا خەرجی دەكات كەواتە ئامۆژگاريمان بۆ گەنجان ئەوەيە كەئەوەی دەيەوێت خێزان پێك بهێنێت با ئافرەتێك بكات بەهاوژينی ژيانی كەخاوەن دينێكی صحيح بێت وە خاوەنی عيبادەتێكی رازاوە بەسونەت و خورەوشتێكی بەرز چونكە پێغەمبەری خوا صلي الله عله وعلى آله وسلم فەرموويەتی:"الدنيا متاع،وخير متاعها المرأة الصالحة"رواه مسلم(٢٦٦٨)

واتە:دونيا خۆشی يە وە باشترين خۆشی بريتی يە لەئافرەتێكی چاك(لەخواترس ورەوشت جوان).

وەپێغەمبەری خوا صلي الله عله وعلى آله وسلم فەرموويەتی:(الدنيا متاع وليس من متاع الدنيا شي ء أفضل من المرأة الصالحة)رواه ابن ماجه(١٨٤٥).

واتە: دونيا خۆشی يە وە هيچ خۆشييەك نييە باش تربێت لەئافرەتێكی چاك(لەخواترس ورەوشت جوان).

فەرموويەتی: ﴿ الْخَبِيثَاتُ لِلْخَبِيثِينَ وَالْخَبِيثُونَ لِلْخَبِيثَاتِ وَالطَّيِّبَاتُ لِلطَّيِّبِينَ وَالطَّيِّبُونَ لِلطَّيِّبَاتِ أُولَئِكَ مُبَرَّءُونَ مِمَّا يَقُولُونَ لَهُمْ مَغْفِرَةٌ وَرِزْقٌ كَرِيمٌ﴾ النور(٢٦).

وە هەروەها ئەوئافرەتانە ئافرەتێكی حيزبی نەبێت، ئەگەر ئافرەتەكە حيزبی بێت ئەوە هيچ سودێكی لێ نابينێت، لەبەرئەوەی ئەوئافرەتانەی كەوا حيزبين حزبەكانيان فەرمانيان پێ دەكات نەك مێردەكانيان، زۆريشيان ئافرەت بەكاردەهێنن بۆبانگەشەی حزبايەتی، چونكە كچ دەدەنە كەسێك بۆئەوەی بەهۆی ئەو ئافرەتەوە ئەميش رابكێشنە ناوحزبەكەيانەوە، ئەگەر هاتوو هەردووكيان چوونە ناو حزبێكەوە پاشان وازی هێنا كێشەی بۆ دروست دەكەن، يان پێ ی تەڵاق دەدەن ئەگەر نەگاتە ئەو رادەيەش نارەحەتی بۆ دروست دەكەن،بێگومان پياو يان ئافرەت سەر بەهەر حيزبێك بێت ئەوان فەرمان كردن وقەدەغەكردنيان هەيە، ئەبێت گوێ رايەڵی ئەوان بكات ئەوە گەورەترين موصيبەتە كەكەوتۆتە ناوماڵەكانەوە، تياياندا هەيە كورە گەورەكە لەم حيزبەيە و كچە ناوەنجی يەكە لەم حيزبەيەو باوك ودايك هەريەكەو لەحيزبێكە هەمووشيان دژی يەكن،ئەوەش گەورەترين موصيبەتە كە رووبەرووی خەڵك بۆتەوە وە هەروەها ئەو ئافرەتانە بخوازن كە بتوانێت حەقی مێردەكەی جێ بەجێ بكات و حەقی منداڵ و ميوان جێ بەجێ بكات، ئافرەت ئەگەر بيەوێت بچێتە دەرەوە وەكو خوێندن يان دەوام بكات ئەبێت ئەو شوێنە شوێنێك تێكەڵ نەبێت،وە هەروەها ئەو مێردە رازی بێت بە رۆيشتنی بۆ ئەو شوێنە ئەگەر توانی حەقی مێرد وماڵ و منداڵ جێ بەجێ بكات و مێردەكەشی رازی بوو مۆڵەتی بدات ئەوە دروستەئەگەر ئەوشوێنە تايبەت بێت بە ئافرەتەوە شەريعەت رێگەی پێداوە و دروستە كە ئێمە وەكو موسڵمانێك پێمان دروستە مامۆستای ئافرەت و دكتۆری ئافرەت هەبێت يان دكتۆرەی ئافرەت هەبێت يان ئەندازيار لەگەڵ ئەوەی پێويستمان بەئەندازيار نی يە وەكو كچ بەڵام بوونی مامۆستای ئافرەت وكتۆری ئافرەت لە پێويستی يەكانە،هەر كەسێك لەئێمە خێزانی يان

خوشكی یان دایكی نەخۆش بێت دەچێت بۆلای دكتۆری ئافرەت كەواتە واجبە هەبێت، بۆئەوەی ئافرەت بچێتە لای ئافرەت و پیاویش بچێتە لای پیاو، كاتێك دروست نی یە ئافرەت بچێتە لای دكتۆری پیاو كەوا دكتۆری ئافرەت هەبێت، دكتۆرەكەش بە خوێندن پەیدا دەبێت، وەپاشان شوێنی تایبەتی خۆیان هەیە، ئیسلام ڕێگر نی یە بەهیچ شێوەیەك بەڵام شوێنی گونجاوی بۆ خۆی هەبێت، ئەگەر مێردەكە داوای لێ كرد دەوام نەكات ئەوكات دەتوانێت لەكاتی خوازبێنی بەمەرجی بگرێت، ئەوكات بلێین من مارەی دەكەم بەومەرجەی كەدەوام نەكات، ئەگەر ئافرەتەكە رازی بوو بەمەرجەكە نابێت دەوام بكات لەبەرئەو فەرموویەتی :

( المسلمون علي شروطهم ) مرۆڤی موسڵمان واجبە لەسەریان بەپێ ی مەرجەكانی خۆیان كردەوە بكەن لەگەڵ یەكتری دا، وەئەگەر ئافرەتەكە دەوام كردنەكەی بەمەرج دانا و لەرۆژدا مێردەكەی ڕێگری لێ نەكات و ئەگەر پیاوەكە قبوڵی ئەوە نابێت ڕێگری لێ بكات چونكە پەیمانت پێ داوە كەڕێگری لێ ناكەیت لەدەوام كردن ئەگەر ڕێگری لێ بكات گوناهبار دەبێت.

وە ئامۆژگاریشمان بۆ خوشكان ئەوەیە كە گوێرایەلی مێردەكانیان بكەن لەچوار چێوەی شەرعدا تاوەكو بچنە ژێر سێبەری ئەو فەرموودەیەی كە پێغەمبەری خوا – صلي الله عليه وعلى أله وسلم – فەرموویەتی: " فإذا صلى المراة خمسها و صامت شهرها و أحصن فرجها و أطاعت زوجها قيل لها ادخل الجنة من أي أبواب الجنة شئت " صحيح الترغيب و الترهيب(١٩٣١).

واتە: هەرئافرەتێك پێنج نوێژەكەی كرد و مانگی ڕەمەزان بە ڕۆژوو بوو داوێنی پاراست و گوێڕایەڵی مێردەكەی كرد لە چوار چێوەی شەرعدا لە ڕۆژی قیامەتدا پێی دەوترێت برۆ ژوورەوە بۆ بەهەشت لەهەردەرگایەك لە دەرگای بەهەشت كە پێت خۆشە.

(مامۆستا عبدالكريم محمد قادر)

**٢- من خۆشحاڵم وەدەستخۆشیتان لێ دەكەم ئایا ئەگەر كەسێك بە هەڵە چوویتە لای خێزانی لە كۆمەوە پاشان پەشیمان بێت ئایا چی بكات خوای گەورە لێی خۆش دەبێت وە ئایا تەڵاقی دەكەوێت؟**

**وەڵام :** خوای گەورە هەموو لایەكمان خۆشحاڵ بكات ئێمەش هیوای سەركەوتن بۆ تۆ لە خوای گەورە دەخوازین .

چوونە لای خێزان لە كۆمەوە تاوانێكی گەورەیە و بە كوفری بچووك دانراوە وە ك پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ : (من اتى حائظاً أو امراةً في دبرها فقد كفر بما أنزل على محمد) كەفەرموودەیەكی صحیحە جاپێویستە مرۆڤی موسڵمان خۆی بپارێزێت وەزاڵ بێت بەسەر ئارەزووەكانیدا و سنوری خوای گەورە نەشكێنێت خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ فَأْتُوهُنَّ مِنْ حَيْثُ أَمَرَكُمُ اللّهُ إِنَّ اللّهَ ﴾ (٢٢٢) سورة البقرة

واتە : بچنە لای خێزانەكانتان لەو جێگایەی فەرمانتان پێ كراوە . جا ئەگەر كەسێك ئەو كارەی كرد نەیزانی ئەوە كۆمە و جێگای دیاری كراوی شەرعی نییە بەشكو خوای گەورە لێی خۆش بێت چونكە هەڵە

كردن قەڵەمی لەسەر هەڵگیراوە وەك پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی : (ان الله تجاوز عن أمتي الخطأ والنسيان وما استكرهوا عليه) رواه ابن ماجه و صححه الألباني .

واتە : خوای گەورە لێخۆشبووە لە ئوممەتی من لە هەڵە كردن بێ ئەنقەست و لەبیر چوو و زۆر لێ كردن .

وە سەبارەت بەوەی كە تەڵاقی بكەوێت هیچ شتێكی لەسەر نەهاتوە وتەڵاقی ناكەوێت.

(مامۆستا خليل أحمد)

**٣ و ٤- حوكمی كەسێك كە نوێژ ناكات و غوسل ناكات :**

**پرسیاری یەكەم: من دوو مانگە شووم كردووە پیاوەكەم نوێژ ناكات و پاش جووتبوونیش غوسل دەرناكات :ئایا حوكمی غوسل دەرنەكردنەكەی چی یە ؟**

**وە داواتان لـێدەكەم یارمەتیم بدەن چۆن وای لـێبكەم نوێژ بكات ؟ هیچ گرفتێكمان نی یە تەنها ئەوە نەبێت كە مێردەكەم نوێژ ناكات زۆریش پێی دەڵێم .**

**پرسیاری دووەم : ئەگەر لە پاش جووتبوون یەكسەر غوسل دەرنەكەی واتە دوای بخەی بە مەرجێ كارنەكاتە سەر نوێژەكانت ئایا گوناهە ؟**

**وەڵام :**

١ ـ بەڕاستی شووكردن بە كەسێك كەوا نە نوێژ بكات و نە غوسلی پاش جووت بوون دەربكات تاوان و هەڵەیەكی زۆر گەور و سامناكە ، چونكە ئەگەر ئەو مێردە باوەڕی بە فەرزێتی نوێژ كردن و غوسل دەركردن نەبێت ئەوا كەسێكی كافر و بێباوەڕە و بە هێچ جۆرێك دروست نی‌یە بۆ ئافرەتێكی موسڵمان شووی پێبكات و لە گەڵیدا بمێنێتەوە ، وە ئەگەر باوەڕی بە نوێژ كردن و غوسل كردن هەبێت بەڵام لە بەر كەم تەرخەمی و تەمبەڵی ئەنجامیان نەدات ئەوا ئەو كەسە كەسێكی فاسق و تاوان بار و لاڕێ بووە پێویستە لە سەری تەوبە بكات و بە زووترین كات پەشیمان ببێتەوە و بگەڕێتەوە بۆ لای خوای گەورە ، وە پێویستیشە لە سەر خێزانەكەی كەوا یەكەمجار نەسیحەت و ئامۆژگاری بكات و داوای لێبكات كەوا دوای جووت بوون خۆی بشوات و خۆی پاك بكاتەوە و ئەنجا نوێژەكان بە جوانی و بەردەوامی ئەنجام بدات جا ئەگەر نەگەڕایەوە ئەوا دەبێت بۆ ماوەیەك ئەو ئافرەتە خۆی بگرێتەوە لە جێبەجێكردنی ماف و حەقەكانی ئەو مێردە و خۆی نەدات بە دەستەوە بۆ جووت بوون لە گەڵیدا تاوەكو وەعد و پەیمانی نەداتێ كەوا تەوبە بكات و واز بێنێت لە تەمبەڵی و كەمترخەمی بەوەی كە لە پاش نیعمەتی جووت بوون خۆی بشوات و ئەنجا نوێژەكانی ئەنجام بدات ، ئەگەر ئەمەش سوودی نەبوو ئەوا دەبێت ئەوا ئافرەتە بگەڕێتەوە بۆماڵی باوكی و نابێت لە گەڵ ئەو پیاوەدا بمێنێتەوە و دەبێت ماوەیەك مۆڵەتی بدات بۆ تەوبە كردن و گەڕانەوە بۆ لای خوا ، جا ئەگەر پیاوەكە هەر بەردەوام بوو لە سەر نەكردنی خۆشۆردن و نوێژ نەكردن ئەوا نابێت ئەو ئافرەتە بگەڕێتەوە بۆ لای ئەو پیاوە نوێژ نەكەرە ، چونكە بە ڕاستی ئەگەر پیاو دوای ئامۆژگاری و نەسیحەت .. ئەنجا دوای خۆگرتنەوەی خێزان لە جێبەجێكردنی مافەكانی و خۆنەدان بەدەستەوەی بۆ

جووت بوون لە گەڵیدا .. ئەنجا دوای مۆڵەت پێدانی بۆ تەوبە کردن هەر سوور بوو لە سەر خۆنەشۆردن و نوێژ نەکردن و ملنەدان بۆ فەرمانەکانی خوای گەورە ئەوا بەڕاستی ئەو پیاوە پێدەچێت هەر باوەڕی بە خۆشۆردن و نوێژکردن نەبێت نەك لە بەر تەمبەڵی و کەمتەرخەمی ئەنجامیان نادات ئەگینا هەموو ئەو هەنگاوانەی خێزانەکەی دەبێت گاریگەری بکاتە سەری و دڵی ڕابچەڵەکێنێت و هۆش بکاتەوە و توبە بکات و بگەڕێتەوە بۆ لای خوای گەورە ..

ئەمەش لە بەر ئەوەیە کە نوێژ کردن یەکێکە لە کۆڵەکەکانی ئاین و نیشانەی جیاکردنەوەی مرۆڤی ئیمانداره لە مرۆڤی بێئیمان وکافر :

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : " الْعَهْدُ الَّذِي بَيْنَنَا وَبَيْنَهُمُ الصَّلاَةُ فَمَنْ تَرَكَهَا فَقَدْ كَفَرَ" (صحيح الـــجامع الصغير رقم : (٤١٤٣)) .

واتە : بەڵێنی نێوان ئێمەی موسڵمان و بێباوەڕەکان بریتیيە لە نوێژ جا هەرکەسی وازی لێبێنێت ئەوا کوفری کردووە .

جا ئەگەر پیاوێك دوای جووت بوونی لە گەڵ خێزانیدا خۆی نەشوات و نوێژەکانی ئەنجام نەدات ئایا ئەو پیاوە چ جیاوازیەکی هەیە لە گەڵ پیاوێکی کافر و بێباوەڕدا کە ئەویش خۆی ناشوات و نوێژ نەکات ؟!!

هەروەها خوای گەورە لە قورئاندا فەرموویەتی : ﴿ فَإِن تَابُواْ وَأَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَوُاْ ٱلزَّكَوٰةَ فَإِخۡوَٰنُكُمۡ فِي ٱلدِّينِۗ ١١ ﴾ (التوبە) .

واتە : جا ئەگەر تەوبە بکەن و نوێژ بکەن و زەکات بدەن ئەوا ئەوانە براتانن لە ئایندا .

کەواتە ئەگەر تەوبە نەکات و نوێژ نەکات ئەوا بە برای دینی و موسڵمانی ڕاست و دروست حیساب ناکرێت بۆیە برادەرێتی و هاوەڵێتی و هاوسەرێتی و خێزانداریتی لە گەڵ کەسی وادا ناکرێت ، بەڵکو دبێت دووری لێبگریت تاوەکو تەوبە دەکات و نوێژەکانی دەکات لە پاش خۆشۆردن .

جا لە بەر ئەمەیە لە کاتی مارەبڕیندا پرسیار لە هەردوو لا (کوڕ و کچ) دەکرێت ئایا نوێژ دەکەن یان نا ؟ چونکە ئەگەر یەکێکیان نوێژ نەکات ئەوا نابێت ئەو کچە مارە بکرێت لەو کوڕە تاوەکو تەوبە نەکات و نوێژەکانی ئەنجام نەدات .

وە ئەگەر کچەکە مارە کرا لە کوڕەکە بەو مەرجەی کەوا نوێژ دەکات یان بەو مەرجەی کەوا نوێژ بکات ئەگەر لە پێش مارەبڕینەکە نوێژی نەکردبێت ئەوا بەم مەرجە ئەو ئافرەتە حەڵاڵ دەبێت بۆ ئەو پیاوە .. ئەگینا ئەگەر پیاوەکە یان ئافرەتەکە نوێژی نەکرد ئەوا حەڵاڵ نییە بۆیان پێکەوە جووت بن بە بەڵگەی ئەم فەرموودەیە :

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ((أَحَقُّ الشُّرُوطِ أَنْ تُوفُوا بِهِ مَا اسْتَحْلَلْتُمْ بِهِ الْفُرُوجَ)) [صحيح البخاري رقم : (٢٧٢١)] .

واتە : حەقترین و شایستەترینی ئەو مەرجانەی کەوا وەفاداربن لە ئاستیدا ئەوەیە کە دامێنی ئافرەتێکی پێ حەڵاڵ دەبێت بۆتان

جا گرنگترین و ئاشکراترینی مەرجەکانی مارە کردنی کچێکی موسڵمان لە کوڕێکی موسڵمان و حەڵاڵ بوونیان بۆ یەکتری ئەوەیە کە نوێژ بکەن ، بۆیە ئەگەر یەکێکیان نوێژی نەکرد چ پیاوەکە بێت یان ئافرەتەکە یاخود ئەگەر هەردووکیان نوێژیان نەکردن ئەوا حەڵاڵ نیيە بۆیان لە گەڵ یەکتردا جووت ببن و کۆببنەوە ، چونکە مەرجی حەڵاڵ بوونی دامێن و عەورەتی ئافرەتەکە بۆ ئەو پیاوە ـ کە نوێژ کردنە ـ مەوجود نیيە ! کەواتە حەڵاڵ نین بۆ یەکتری ، خواش زاناترە .

٢ ـ دوا خستنی خۆشۆردن (غوسل کردن) لە پاش لەشگران بوون (جووت بوون) حەرام نی یە بە مەرجێك کاریگەری نەبێت بۆ سەر ئەنجامدانی نوێژەکان لە کاتی خۆیاندا ، جا ئەگەر کاتی نوێژێك لە نوێژە فەرزەکان هات و تۆش لەشت گران بوویت ئەوا دەبێت (فەرزە) خۆت بشۆیت بۆ ئەوەی بتوانیت نوێژەکەت لە کاتی خۆیدا ئەنجامبدەیت .

بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا کە دوا خستنی (غوسل کردن) لە پاش (جووتبوون) حەرام نیيە ـ بە مەرجێك کاریگەری نەبێت بۆ سەر ئەنجامدانی نوێژەکان لە کاتی خۆیاندا ـ ئەوا باش نیيە دوا بخرێت بەڵکو باشتر وایە و سوننەتە موسڵمان زوو خۆی بشوات و غوسل بکات بۆ ئەوەی لەشی پاك بێت ، چونکە موسڵمان پێویستی بە زیکر کردنی خوای گەورە و خواردن و خواردنەوە و خەوتن هەیە ، ئەم کارەنەش باش نیيە (مەکروهە) بە لەشگرانیيەوە ئەنجام بدرێن ..

**بەڵگە بۆ ئەم وتانە :**

١ ـ بەڵگەی ئەوەی کە دوا خستنی (غوسل کردن) لە پاش (جووتبوون) حەرام نیيە :

ـــ عَنْ عَائِشَةَ زَوْجَ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَتْ : ((قَدْ كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يُدْرِكُهُ الْفَجْرُ فِي رَمَضَانَ وَهُوَ جُنُبٌ مِنْ غَيْرِ حُلُمٍ فَيَغْتَسِلُ وَيَصُومُ)) [متفق عليه واللفظ لـــمسلم] .

واتە : پێغەمبەری خوا (ﷺ) کاتی دەرکەوتنی فەجری (کاتی نوێژ بەیانی)ی پێدەگەیشت لە ڕەمەزاندا هێشتا ئەو لەشگران بوو بە بێ خەوبينين (واتە لەشگران بوونەکەی بە هۆی خەو بينينەوە نەبووە بەڵکو بە هۆی چونە لای خێزانەوە بووە وەك لە فەرموودەی دووەمدا هاتووە) ئەنجا غوسلی دەکرد و ڕۆژووی دەگرت .

وە لە ریوایەتێکی تردا عائیشە خوای لێ ڕازی بێت فەرموویەتی : ((أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) كَانَ يُدْرِكُهُ الْفَجْرُ وَهُوَ جُنُبٌ مِنْ أَهْلِهِ ، ثُمَّ يَغْتَسِلُ وَيَصُومُ)) [متفق عليه واللفظ للبخاري] .

واتە : پێغەمبەری خوا (ﷺ) کاتی دەرکەوتنی فەجری پێدەگەیشت هێشتا ئەو لەشگران بوو بە هۆی چونە لای خێزانیيەوە ئەنجا غوسلی دەکرد و ڕۆژووی دەگرت .

وَعَنْ عَائِشَةَ (رضي الله عنها) قَالَتْ : ((كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يَنَامُ وَهُوَ جُنُبٌ مِنْ غَيْرِ أَنْ يَمَسَّ مَاءً)) [صحيح أبي داود رقم :

(٢١٣٩)] .

واتە : پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەخەوت بە لەشگرانییەوە بە بێ ئەوەی ئاو لێی بدات (واتە بە بێ دەست نوێژ و خۆشۆردن) .

لەم فەرموودەیەدا ئەوەمان دەست دەکەوێت کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە پاش چونە لای خێزانی غوسلی دوا خستووە تا کاتی نوێژ بەیانی هاتووە ئەنجا بۆ نوێژی بەیانی خۆی شوشتووە (غوسلی کردووە) .

٢ ـ بەڵام دوا خشتنی خۆشۆردن (غوسل کردن) لە پاش لەشگران بوون بۆ ماوەیەکی زۆر و بە بەردەوامی کارێکی نابەجێ و باش نییە بە بەڵگەی ئەم فەرموودەیە :

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ((ثَلاَثَةٌ لاَ تَقْرَبُهُمُ الْمَلاَئِكَةُ : الْجُنُبُ وَالسَّكْرَانُ وَالْمُتَضَمِّخُ بِالْخَلُوقِ)) [سلسلة الأحاديث الصحيحة رقم : (١٨٠٤)] .

واتە : سێکەس هەن فریشتەکان نزیکیان نابنەوە : لەشگران و سەرخۆش و ئەو کەسەی کە خۆی گرتووە لە بۆنی زەعفەران .

شێخ ئەلبانی ڕەحمەتی خوای لێبێت لە شەرحی ئەم فەرموودەیەدا فەرموویەتی : (والجنب معروف ، وهو الذي يجب عليه الغسل بالجماع وبخروج الماء الدافق ، ولعل المراد به هنا الذي يترك الاغتسال من الجنابة عادة فيكون أكثر أوقاته جنباً ، وهذا يدل على قلة دينه وخبث باطنه) [سلسلة الأحاديث : (٤ / ٤١٧)] .

واتە : لەشگران زانراوە بریتییە لەو کەسەی کە پێویستە (واجبە) لە سەری غوسل بکات دوای جووت بوون و دەرچونی ئاو هەڵقوڵاو لێەوە ، وە لەوانەیە لەم فەرموودەیەدا مەبەستی ئەو کەسە بێت کە واز دێنێت لە غوسل کردنی لەشگرانی وەك پیشە و عادەت و زۆربەی کاتەکانی لەشگرانە ، وە ئەمەش بەڵگەیە لە سەر کەم دینی و پیسێتی ناخی ئەو کەسە .

منیش دەڵێم : ئایا ئەگەر کەسێك زۆربەی کاتەکانی لەشگران بێت و ئەمەش بەڵگە بێت لە سەر کەم دینی و پیسێتی ناخی ! ئەی ئایا ئەگەر کەسێك بەردەوام بە لەشگرانی بمێنێتەوە و غوسل دەرنەکات ئایا ئەم کەسە بێ دین و پیس نییە ؟!!!

﴿بۆ زانیاریت : شێخ ئەلبانی ڕەحمەتی خوای لێبێت هەر لە شەرحی ئەم فەرموودەیەدا فەرموویەتی : (الخلوق طيب معروف مركب يتخذ من الزعفران وغيره من أنواع الطيب وتغلب عليه الحمرة والصفرة . وإنَّما نهَى عنه لأنه من طيب النساء) [سلسلة الأحاديث : (٤ / ٤١٧)] .

واتە : خەلوق جۆرە بۆنێکی زانراو و گیراوەیە لە زەعفەران و جگە لەویش لە جۆرەکانی تری بۆن دەگیرێتەوە و زیاتر ڕەنگی سووری و زەردی بە سەریا زاڵە ، وە لە بەر ئەوە قەدەغەی کردووە لە پیاوان چونکە بۆنێکی تایبەتە بە ئافرەتانەوە﴾ .

کەواتە لەم فەرموودەیەشەوە ئەوەمان دەست دەکەوێت کەوا زۆر مانەوە بە لەشگرانی و دوا خستنی غوسل کردن بۆ ماوەیەکی زۆر و بەردەوام بە بێ عوزر بەڵگەی کەم دینی و پیسێتی ناخی مرۆڤە بۆیە

فریشتەکانیش لێی نزیك نابنەوە و دووری لێدەگرن .

٣ ـ وە ئەگەر کەسێك لە کاتی لەشگرانیدا (پێش خۆشۆردن) ویستی بخەوێت یان خواردن بخوات یان دووبارە بچێتەوە لای خێزانی بۆ جووت بوون : ئەوا سوننەتە و باشترە لە پێشدا دەست نوێژ بگرێت (هەرچەندە لەشیشی گرانە) ئەنجا ئەو کارانە ئەنجام بدات بە بەڵگەی ئەم فەرموودانەی خوارەوە :

ـ عَنْ عَائِشَةَ (رضي الله عنها) : ((أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) كَانَ إِذَا أَرَادَ أَنْ يَنَامَ وَهُوَ جُنُبٌ تَوَضَّأَ وُضُوءَهُ لِلصَّلَاةِ قَبْلَ أَنْ يَنَامَ)) [صحيح مسلم رقم : (٧٢٥)] .

واتە : پێغەمبەر (ﷺ) ئەگەر بیویستایە بخەوێت لە کاتێکدا کە لەشگران بووایە ئەوا پێش ئەوەی کە بخەوێت دەستنوێژی دەگرت وەك چۆن دەستنوێژ بگرێت بۆ نوێژ .

ـ وَعَنْ عَائِشَةَ (رضي الله عنها) قَالَتْ : ((كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) إِذَا أَرَادَ أَنْ يَأْكُلَ وَهُوَ جُنُبٌ تَوَضَّأَ)) [صحيح سنن ابن ماجه رقم : (٥٩١)] .

واتە : پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەگەر بیویستایە خواردنێك بخوات لە کاتێکدا کە لەش گران بووایە ئەوا دەستنوێژی دەگرت .

ـ وَعَنْ عَائِشَةَ (رضي الله عنها) قَالَتْ : ((كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) إِذَا أَرَادَ أَنْ يَأْكُلَ أَوْ يَنَامَ وَهُوَ جُنُبٌ تَوَضَّأَ وُضُوءَهُ لِلصَّلَاةِ)) [صحيح سنن النسائي رقم : (٢٥٥)] .

واتە : پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەگەر بیویستایە خواردنێك بخوات یان بخەوێت لە کاتێکدا کە لەش گران بووایە ئەوا دەستنوێژی دەگرت وەك چۆن دەستنوێژ بگرێت بۆ نوێژ .

ـ وَعَنْ أَبِي رَافِعٍ (رضي الله عنه) : ((أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) طَافَ عَلَى نِسَائِهِ فِي لَيْلَةٍ وَكَانَ يَغْتَسِلُ عِنْدَ كُلِّ وَاحِدَةٍ مِنْهُنَّ ، فَقِيلَ لَهُ : يَا رَسُولَ اللَّهِ أَلَا تَجْعَلُهُ غُسْلاً وَاحِداً ؟ فَقَالَ : هُوَ أَزْكَى وَأَطْيَبُ وَأَطْهَرُ)) [صحيح سنن ابن ماجه رقم : (٥٩٠)] .

واتە : پێغەمبەر (ﷺ) شەوێك ڕۆیشتە لای هەموو خێزانەکانی و لای هەموو یەکێکیان خۆیی دەشوشت ، پێی وترا : ئەی پێغەمبەری خوا ئەی بۆ بە یەکجار یەك غوسل ناکەیت ؟ فەرمووی : ئەمە پاك ترە .

والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته ...

(مامۆستا محمد عبدالرحمن)

**٥- ئایا دروستە ژن و پیاو ئەندامی زاوزێی یەکتر بمژن و بیلێسنەوە؟ وە ئایا خواردنی مەنی پیاو دروستە وە ئایا پاکە؟وەئایا دروستە مەمکی خێزانت بمژی یان شیرەکەی بخۆی؟**

**وەڵام :**

سەماکردن بریتیە لە خۆ لارکردنەوە و خۆبەرز و نزم کردنەوە وە بۆ چەندین شت بەکاردەهێنرێت بۆ منداڵ و جەژنەکان و ژنان بۆ پیاوانی خۆیان و بەپێچەوانەشەوە وە بۆ زیکر و پەرستن لەمانەش سەماکردن بۆ پەرستن و زیکر تاوانە و نابێ ئەنجامبدرێت بەڵام بۆ منداڵ و جەژنەکان دروستە بەڵام پێویستە زیادە ڕەوی تیا نەکرێت هەروەها ژن بۆ مێردەکەی خۆی دروستە بەمەرجێ حەرامی تیادا نەکات بەڵام سەمای

www.ba8.org

پیاو بۆ ژنی خۆی دروستە بەمەرجێ خۆشکاندنەوەی تیانەبێت بەڵام زۆرکردنی پیاوەتی لەدەست ئەدات .

بۆ مەسەلەی مژین یان لێسینەوەی ئەندامی نێرینە بۆ ئافرەت وە بە پێچەوانەوە ئەڵێم:

بەداخەوە هەموو ئەوەی ئێمە زانیومانە لەشارستانی ڕۆژئاوا ئەوەیە کە فیترەت لەناوبدرێ و دژی کار بکرێت وە بەدوای ئەوانەدا بگەڕێن کە قەدەغە و کارێکی زیانبەخشە لەهەواو ئارەزوو چێژ وەرگرتن ی نادروست لە ژێر دروشمی ئازادی و سەربەستی مرۆڤ ئێمەی موسڵمانیش بەنەزانیەوە لەهەمو شتێکدا لاساییان دەکەینەوە وەك پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ : (لو دخلوا حجر صنب لدخلتموه ورائهم) واتە : گاور و جولەکە بچنە کونی مارمێلکەوە ئێوەش بەدوایاندا دەچن . جا بۆ ئەم بابەتەی خۆمان ئێمەی موسڵمان لە فەرهەنگ و کەلتور و تێگەشتنی پێشینانمان بۆ قورئان و سوننەت شتی وامان نەبووە هەرگیز ڕەوشتی موسڵمانان بەژن و پیاوەوە لەوە بەرز تر بووە لە هیچ سەردەمێکدا لە مێژووی ئیسلام موسڵمانان حەوەجێیان بەشتی وا نەکەوتووە لێرەشەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەمەشتێکی نامۆیە و دوورە لە ئاکاری ئیسلامی بەڵکو خوای گەورە فەرمان پێ دەکات بەو جێگایەی کە خوا خۆی فەرمانی پێ کردووە وەك دەفەرموێ: ﴿ فَأْتُوهُنَّ مِنْ حَيْثُ أَمَرَكُمُ اللَّهُ ﴾ (٢٢٢) سورة البقرة .

واتە : جا کاتێك پاك و خاوێن بوونەوە و خۆیان شت بچنە لایان بەو شێوەیەی کە خوا فەرمانی داوە . مەبەستی ئەم بڕگەیە (بەو شێوەیەی کەخوا فەرمانی داوە) سوننەتی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم وە تێگەشتنی هاوەڵان و پێشەوایانی ئیسلام ڕەحمەتی خوایان لێ بێ ئەم کارەی تیا نەبووە بەڵکو شوێنی تایبەت بۆ چونە لای ئافرەت ئەوەیە کە خوا دیاری کردوە بۆیە ئیمامی قرطبي لەتەفسیرەکەیدا ئەفەرموێ : (وذكر الحرث يدل على أن الإتيان في غير المأتي محرّم) بەرگی ٣ لاپەڕە ٩٣ – واتە : باسکردنی کێڵگە لە ئایەتەکەدا کە دەفەرموێ : ﴿ فَأْتُواْ حَرْثَكُمْ أَنَّى شِئْتُمْ ﴾ (٢٢٣) سورة البقرة

واتە : جا بەهەرشێوەیەك دەتانەوێت تۆو بوەشێننە ناو کێڵگەکەتانەوە ئەوە بەڵگەیە کە چونە لای ئافرەت جگە لە شوێنی تایبەت حەرامە .

ئەمە وەکو تێگەشتن و کاری موسڵمانان لە مێژووی ئیسلامدا ئەمما وەکو خودی ئەو کارە پێویستە بگەڕێینەوە بۆ لای پسپۆڕان لە زانایانی پزیشکی چونکە ئەگەر زیانی هەبوو بەئافرەتەکە یان بە پیاوەکە یان بەهەردووکیان ئەوکاتە حەرام دەبێت چونکەپێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ : (لا ضرر ولا ضرار)أخرجه مالك والحاكم والبيهقي والدارقطني وابن ماجه وصححه الألباني في صحيح سنن ابن ماجه . واتە : زیان گەیاندن بە غەیر دروست نییە لەسەرەتا، وە دروستیش نییە زیان بە زیان وەڵام بدەیتەوە .

ئەمەش پێویستە پسپۆڕان دیراسەی بکەن بزانن زیانی لێ دەکەوێتەوە یان نا چونکە بەڕاستی ئەگەر شتێکی باش بوایە قورئان و سوننەت باسیان دەکرد یان هاوەڵان دەیانکرد یان ئەگەر حەڵاڵ بوایە لە مێژووی موسڵماناندا شتێکی باو دەبوو ئەوەش بزانە چەندین لێکۆڵینەوە و دیراسات هەن کە هەندێ نەخۆشی هەن هۆکارەکانی دەگەڕێتەوە بۆ (سێکسی دەم) (الجنس الفموى) بۆ نموونە : دیراسەیەکی

فەڕەنسی ئەوەی سەلماندوە کە پەيوەندييەکی بەهێز هەيە لە نێوان (وەرەم سەرەتان) و سێکسی دەمدا ئەو ديراسەيە ئەوەشی ئاشکراکردووە بەبەڵگەی بەهێز کە پەيوەندی توند هەيە لە نێوان خانەی سەرەتانی لەدەمدا لەگەڵ ئەنجامدانی ئەو کارە قێزەونە لە فيترەتی مرۆڤدا وە دەمێکەزانايان گومانيان بۆ ئەوە دەچێ کە پەيوەندی لە نێوان جنسی دەم بۆ هۆی گواستنەوەی (ڤايرۆس)ە وە بۆ منداڵدان کە دەبێتە سەرەتانی منداڵەکە ئەو (ڤايرۆس)ە ش ناسراوە بە (ئێچ پی ڤی) وە ئەگەری جۆری تر لەسەرەتان، وە گۆڤاری (نيوسنستف)ی زانستی تايبەت لەم بوارەدا يەکێك لە بارترين ئەنجامی تاقيکردنەوەکانی تۆمار کردووە کە ئەمە کورتەکەيەتی : (سێکسی دەم لەوانەيە مرۆڤ دوچاری شێرپەنجەی دەم بکات بە ئاماژەکردن بە ديراسە و لێکۆڵينەوەيەك ئەنجامدراوە لەسەر نزيکەی –١٦٠٠– هەزارو شەش سەد کەس نەخۆش توشبوو بە شێرپەنجەی دەم لە ئەوروپا و کەنەدا و ئوستراليا و سودان وکوبا بەراورد لەگەڵ – ١٧٠٠– کەس لەوانەی لەش ساغن لەئەنجامدا لێکۆڵەرەوەکان لە وەکالەی نێو دەوڵەتی بۆ لێکۆڵينەوە لە نەخۆشی (سرطان) ئەوەيان دەستکەوتووە و دۆزيوەتەوە لە شاری –ليون– لەفەڕەنسا کە بوونی ڕێژەی جۆرێك لە جۆرەکانی ڤايرۆس ناسراو بە hpv لای ئەو نەخۆشانەی کەشێرپەنجەی دەميان هەيە ئەوانەی سێکسی دەم بەکاردەهێنن زياترە لە سێ بەرامبەر بەوانەی ئەو جۆرە سێکسە بەکارناهێنن )

وە هەمان گۆڤار ئەوەی تۆمار کردووە کە ئەم جۆرەڤايرۆسە کە ناسراوە بە (HPV16) لای کەسانی لەش ساغ نييە . هەروەها گۆڤاری بەريتانی ئەوەی ئاشکرا کردووە کەلێکۆڵەرەوەکان لەو بڕوايەدان کە (مژينی ئەندامی پياو) و لێسينەوەی ئەندامی زاوزێی ژن لەوانەيە ئەنجامدارەکانی دوچاری (وەرەم) بکات لە دەمدا . (رائيل فنيری) پسپۆڕ لە ڤايرۆس و يەکێکە لە هاوکارانی ئەم ديراسەيە ئەڵێ : هاوڕيان و هاوکارانم گەشتونەتە ئەو قەناعەتەی کە ئەو ديراسەتەی کردوويانە هەموو مرۆڤەکان قايل دەکات بە ئەنجامەکەی .

جا لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت پێويستە لەسەر موسڵمانان لە خوابترسن و شوێنی هەنگاوەکانی گاور و جولەکە نەکەون وە پێويستە شوێنی فەرمانی خوا و پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم وە تێگەشتنی هاوەڵان بکەون .

وە ئەو برگەيەی کە دەڵێ ئايا پاکە ؟ ئەگەر مەبەست لە خودی ئەندامەکان بێت ئەوە پاکە بەڵام ئەو شتانەی لەو دوو ئەندامەوە دەردەچن زانايان ئەڵێن هەموو ئەو شتانەی لە ئەندامی ئافرەتەوە دەرئەچێ دروست نيە دەمی پێوە بدرێت بەڵام بۆ ئاو (منی) پياو زانايان ڕاو بۆچونی جياوازيان هەيە ڕای پەسەند ئەوەيە دروست نييە بۆ مەسەلەی خواردنی (مەنی)پياوەکە هەندێ لەزانايان خودی ئاوەکە بە پاك دادەنەن – دوو ڕای جياواز هەيە ئەوەی کە دروست و بەناوبانگە ئەوەيە کە دروست نيە (ئاوی پياو) بوخورێتەوە . بڕوانە کتێبی المجموع هی ئيمامی نەوەوی لە زانايانی شافعی مەزهەب .

وە بۆ مەسەلەی مەمك مژينی ئافرەت دروستە هيچ ڕيگرێکمان نيە بۆ قەدەغەکردنی بەڵام نابێت زيادەڕەوی تيا بکرێت وە ئازاری ئافرەتەکە بدرێت بەوەی برينداری بکات وە خوێنی برينەکە بخوات وە پێويستە

لەسەر پیاوان خۆیان بەدوور بگرن لەو سێکسانەی لە ئاستی پیاوەتی دایان دەبەزێنێ وە نابێ لەشیری مەمکی خێزانەکەی بخوات وە ئەگەر ئەندازەیەکی کەم ڕۆشتە دەمی پیاوەکەوەئەوە هیچ شتێك ڕونادات بەڵام وا چاکترە موسڵمانان خۆیان لەم جۆرە زیادەڕەویانە بپارێزن .

(مامۆستا خليل أحمد)

**٦- لە ڕووی پزیشکیەوە دروستە ژن و پیاو ئەندامی زاوزێی یەکتر بمژن و بیلێسنەوە؟**

**وەڵام :** بەکارهێنانی جنسی دەم (الجنس الفموي) لەلایەنی مێرد و خێزانەکەی کارێکی باش نیە لە لایەنی شەرعەوە و پزیشکیدا.

لە لایەنی پزیشکییەوە زیانەکانی ئەمانەن:

١- تووشبوونی ناو دەم بە نەخۆشی شێرپەنجە (سرطان) چونکە ڤایرۆسی شێرپەنجەی منداڵدان (الرحم) کە ناسراوە بە (HPV16)بڵاودەبێتەوە بەم جۆرە پەیوەندیە جنسییەوە.

٢- تووشبوون بە دڵۆپەیەکی هەوایی air embolism وەکو (جلطه)یەکی بایی وایە کە دەرواتە ناو لوولەکی خوێنەڕۆ (الأوعية الدموية) تاوەکو ئەگەێتە خوێن هەڵگری ناو دڵ کە دەبێتە هۆکارێك بۆ مردن (وە چەندەها حاڵەتی مردن تۆمارکرابوو بە هۆی ئەم کێشەیە).

٣- تێکدانی توانا و هێز و ئارەزووی مرۆڤ بۆ جووتبوون بە شێوەیەکی سرووشتییەوە لە دوای فێربوونی.

٤- ئامادەبوونی جۆری کەڕوو لە لیکی ناو دەم کە ئەبێتە هۆی هەوکردنی ئەندامی جووتبوونی خێزان و ئەبێتە هۆی نەزۆکی.

٥- تووشبوون بە نیشانەکانی هەوکردنی قوڕگ و کێشەی قووتدانی خواردن.

٦- تووشبوون بە هەوکردنی جگەر جۆری B و نەخۆشی لێشاوبوون(سیلان)

٧- تووشبوون بە نەخۆشی سیفلس کە ئەبێتە هۆی دەرچوونی زامێك لەسەر ئەندامی جووتبوون و لێو کە ئەگەر چارەسەر نەکرا ئەبێتە هۆی کێشەی ناو لوولەکی خوێنەڕۆ و دڵ و نەخۆشی دەروونی و کوێری چاو و کێشەی دەمارگەلی و مردن لە کۆتاییدا جگە لەوەیە کە ئەبێتە ڕێگاییەکی ئاسان بۆ تووشبوون بە ئایدز.

(**شێرزاد گەرمیانی** ماجستير وراثة باحث في مجال الأمراض الوراثية الطبية)

**٧- ئایا دروستە لە کاتی زەواج کردندا مارەیی زۆر وەربگریت ؟**

**وەڵام** :مەبەست لە ژن هێنان و شوو کردن دروست کردنی خێزانێکی بەختەوەرە نەك (کڕین و فرۆشتنی کچ و پارە پێ پەیدا کردن) !!!

بە ڕاستی لە ئیسلامدا کچ لەوە زۆر ڕێزدار و قورس و سەنگین ترە کە بە پارە یان بە زێڕ و شتومەك بەها و وەزن بکرێت ، بۆیە دەبێت ئەوە بزانرێت ئەو مارەییەی کەوا بۆ کچ دادەنرێت لە کاتی بە شوودانیدا بریتی نیيە لە نرخی کچەکە بەڵکو دیاری و بەخشیشێکە پێشکەش بە کچ دەکرێت بۆ ئەوەی دڵی پێخۆش بکات و هەندێك شتومەکی پێبکرێت وەك زێڕ و جلوبەرگ بۆ ئەوەی خۆی پێبڕازێنێتەوە چونکە ئافرەتان

زۆر حەزيان لە شتی ڕازاوە و جوان و ناسكە و ئەمەش شتێكی سروشتی يە وەك خوای گەورە فەرموويەتی : ﴿أَوَمَن يُنَشَّؤُا۟ فِى ٱلْحِلْيَةِ وَهُوَ فِى ٱلْخِصَامِ غَيْرُ مُبِينٍ ﴿١٨﴾﴾ [الزخرف] .

بەڵگەش بۆ ئەوەی كەوا مارەيی دياری و بەخشيشە نەك نرخ و بەهای كچ خوای گەورە فەرموويەتی : ﴿وَءَاتُوا۟ ٱلنِّسَآءَ صَدُقَـٰتِهِنَّ نِحْلَةً ﴿٤﴾﴾ [النساء] (**نحْلَةً** : أي هدية) .واتە : مارەيی بدەن بە ئافرەتان وەك دياری.

وە پێوەر بۆ بە شوودانی ئافرەت بريتیيە لە دين و ئەخلاق نەك پارە و ناوبانگ و پلەوپايە ! پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموويەتی : ((إِذَا جَاءَكُمْ مَنْ تَرْضَوْنَ دِينَهُ وَخُلُقَهُ فَأَنْكِحُوهُ إِلاَّ تَفْعَلُوا تَكُنْ فِتْنَةٌ فِي الأَرْضِ وَفَسَادٌ [عَرِيضٌ])) [صحيح سنن الترمذي رقم : (١٠٨٤)] .

واتە : ئەگەر كەسێك هات بۆ خوازبێنی ژن لێتان لە دين و ئەخلاقی ڕازی بوون ئەوا ژنی بدەنێ ، ئەگەر وا نەكەن ئەوا فيتنە و ئاشوب و فەساد و بەدڕەوشتیيەكی گەورە ڕوودەدات لە زەويدا .

وە ئيسلام هانی گەنجانی داوە بۆ ژن هێنان بۆ ئەوەی خۆيان لە تاوان بپارێزن وەك پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموويەتی : ((يا معشر الشباب من استطاع منكم الباءة فليتزوج فإنه أغض للبصر وأحصن للفرج)) [صحيح سنن النسائي رقم : (٢٢٤٢)] .

واتە : ئەی گرۆی گەنجان هەر يەك لە ئێوە توانای ژن هێنانی هەيە ئەوا با ژن بێنێت چونكە ژن هێنان دەبێتە مايەی چاو گرتنەوە لە سەير كردن و دامێن پاراستن لە داوێن پيسی .

بۆيە پێويستە هاوكاری گەنجان بكرێت بۆ ژن هێنان بە هەموو شێوەيەكی شەرعی ، يەكێك لەو شێوانە ئەوەيە كە مارەيی كچانيان لە سەر قورس و زۆر و گران نەكرێت تاوەكو بتوانن ژن بهێنن و خێزانێكی ديندار و بە ئەخلاق و بەختەوە پێك بێنن .

وە كار ئاسانی كردن لە بە شوودانی كچدا و كەم كردنەوەی مارەييەكەی نيشانەی بەرەكەت و خێر و فەڕی ئەو ئافرەتەيە وەك پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموويەتی : ((إنَّ من يُمن المرأة تيسير خطبتها وتيسير صداقها)) [صحيح الجامع الصغير رقم : (٢٢٣٥)] .واتە : بەڕاستی لە بەرەكەتی ئەوەيە كە خوازبێنی كردنی و بە شوودانی ئاسانكاری تێدا بكرێت و مارەييەكەی سووك و كەم بێت

وە پێويستە ئەوەش بزانرێت كەوا ئەمە لە ڕێزی ئافرەتان كەم ناكاتەوە بەڵكو هاوكاری كردنی ئەوانيشە بۆ شوو كردن و ئارام گرتن لە ماڵی خۆيدا چونكە ئەويش مافی خۆيەتی بچێتە ماڵی خۆی و لە سايەی ژيانی هاوسەرگيريدا بحەسێتەوە .

وە بە پێچەوانەوە هەم كوڕان و هەم كچانيش دووچاری ئەوە دەكرێنەوە كەوا پەنا بۆ كاری حەرام ببەن ئەگەر كاری ئاسانی نەكرێت لە پرۆژەی هاوسەرگيريدا .

**(مامۆستا محمد عبدالرحمن)**

**٨- ئایا ئەگەر ئافرەت سكی پڕ بوو مێردەكەی دەتوانێ جیماعی لەگەڵ بكات یان نا وە ئەگەر دەتوانێ چۆن چۆنی؟**

**وەڵام :** بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

مەسەلەی جوتبون (جیماع) لەگەڵ هاوسەردا (ژن) مۆڵەتی پێدراوە لە هەموو كاتێكدا تەنها لەكاتی حەیز و زەیستانیدا نەبێت كەوا بوو لە كاتی (سك پڕ) یدا دروستە و هیچ زیانێكی شەرعی و واقیعی تێدا نییە و چۆنییەتێكەشی دەگەڕێتەوە بۆ لای ژن و مێرد و لەكەسێكەوە بۆ كەسێكی تر دەگۆڕێت .

(مامۆستا خلیل أحمد)

**٩- ئایا ئیسلام بە چ چاوێك سەیری ئەو پیاوانە دەكات كە ژنیانیش هەیە و لە هەمان كاتدا زینا دەكەن لە گەڵ ئافرەتی تردا ؟**

**وەڵام :** ئەو جۆرە پیاوانە بە پیاوانێكی تاوانبار و فاسق و خیانەتكار سەیر دەكرێن :

تاوانبار و فاسقە چونكە یەكێك لە تاوانە گەورەكانی ئەنجام داوە ، خوای گەورە لە قورئاندا فەموویەتی : ﴿ وَلَا تَقْرَبُوا۟ ٱلزِّنَىٰٓ ۖ إِنَّهُۥ كَانَ فَـٰحِشَةً وَسَآءَ سَبِيلًا ﴿٣٢﴾ ﴾ [الإسراء] .واتە : نزیكی زینا مەبنەوە چونكە زیناكردن كارێكی زۆر ناشیرینە و ڕێگایەكی خراپە .

هەروەها خوای گەورە فەموویەتی : ﴿ وَٱلَّذِينَ لَا يَدْعُونَ مَعَ ٱللَّهِ إِلَـٰهًا ءَاخَرَ وَلَا يَقْتُلُونَ ٱلنَّفْسَ ٱلَّتِى حَرَّمَ ٱللَّهُ إِلَّا بِٱلْحَقِّ وَلَا يَزْنُونَ ۚ وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ يَلْقَ أَثَامًا ﴿٦٨﴾ يُضَـٰعَفْ لَهُ ٱلْعَذَابُ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ وَيَخْلُدْ فِيهِۦ مُهَانًا ﴿٦٩﴾ إِلَّا مَن تَابَ وَءَامَنَ وَعَمِلَ عَمَلًا صَـٰلِحًا فَأُو۟لَـٰٓئِكَ يُبَدِّلُ ٱللَّهُ سَيِّـَٔاتِهِمْ حَسَنَـٰتٍ ۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴿٧٠﴾ ﴾ [الفرقان] .

واتە : وە ئەوانەی كەوا لە گەڵ خوادا پەرستراوێكی تر ناپەرستن و هاواری تێناكەن و كەسێك ناكوژن كەوا خوا كوشتنی حەرام كردبێت ئیللا بە حەق نەبێت و زینا و داوێن پیسی ناكەن .. وە هەر كەسێك ئەمانە بكات ئەوا تاوانبار دەبێت و سزای تاوانەكەی دەبینێتەوە و لە ڕۆژی قیامەتدا سزاكەیان بۆ چەند قات دەكرێتەوە و بە سەرشۆڕی هەتاهەتایی تێدا دەمێنێتەوە .. ئیللا كەسێك نەبێت كەوا تەوبە دەكات و ئیمان و باوەڕ دەهێنێت و كردەوەی چاكە دەكات ، ئا ئەوانە خوا خراپەكانیان بۆ دەگۆڕێتەوە بە چاكە ، وە خوا لێبوردە و بە بەزەیی یە .

وە خیانەتكارە لە خۆی و ژنەكەشی چونكە شەهوەتی خۆیی لە حەڵاڵدا دانەمركاندووەتەوە لە گەڵ ژنەكەیدا بەڵكو لە گەڵ ئافرەتێكی تردا بە حەرام ئەو كارەی ئەنجام داوە ، ئەمەش خیانەتە لە ژنەكەی .

وە ئەم جۆرە پیاوانە (كە ژنایانیش هەیە و لە هەمان كاتدا زینا دەكەن لە گەڵ ئافرەتی تردا) ئەگەر ئەم كارەیان لە سەر سەلمێنرا و ئاشكرا بوو ئەوا دەبێت بەردباران (ڕەجم) بكرێن تاوەكو مردن .

ئیمامی عومەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((الرجم حق على من زنَى إذا أحصن من الرجال والنساء إذا قامت به البينة أو كان الـحُبل أو الاعتراف ، وقد قرأتـها : "الشيخ والشيخة إذا زنيا فارجموهما البتة نكالا من الله والله عزيز حكيم)) [متفق عليه] .

واتە : بەردباران (ڕەجم) کردن حەقە و پێویستە لە سەر کەسێك کە زینا بکات ئەگەر لەو پیاوانەی بێت کە ژنیان هەیە و لەو ژنانەش بێت کە پیاویان هەیە ئەگەر بەڵگە (چوار شایەت) یان سکپڕبوون یان دانپێدانان هەبوو لە سەری ، وە من خوێندوومەتەوە : پیاوی ژندار و ژنی شوودار ئەگەر زینایان کرد ئەوا بەردباران (ڕەجم)یان بکەن بە یەکجاری وەك سزایەك لە لایەن خواوە ، خواش بە دەسەڵات و دانایە .

ئەمەیە هەڵوێستی ئیسلام سەبارەت بە پیاوی ژندار ئەگەر زینا و داوێن پیسی بکات:

تاوانبار و فاسق و خیانەتکارە و پێویستە بەردباران (ڕەجم) بکرێت .

**(مامۆستا محمد عبدالرحمن)**

********************

**١٠- ئایا ئەگەر زەکەری پیاو داخلی فەرجی خێزانی بێت و ئاوی نەیەتەوە لەشی پیس دەبێت ؟**

**وەڵام :** ئەگەر زەکەری پیاو داخل فەرجی ئافرەت بوو تەنها سەری زەکەری دیار نەما غوسلی دەکەوێتە سەر با ئاویشی دانەبەزێ لەبەر ئەم فەرموودەیە کە أبو هریره ڕیوایەتی کردووە کە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرموویەتی : (إذا جلس بين شعبها الأربع ثم جهدها فقد وجب الغسل انزل أم لم يترل) رواه مسلم .

واتە : ئەگەر پیاو لە نێوان چوار پەلی ئافرەت دانیشت و پاشان زەکەری خستە ژوورەوە ئەوە غوسلی دەکەوێتە سەر ئاوی دابەزێ یان دانە بەزێ ، وە لەفەرموودەیەکی تردا هاتوە:(إذا أصاب الختانُ الختان فقد وجب الغسل)رواه أحمد ومالك . واتە : هەردوو خەتەنە کراوەکە بەیەك گەیشتن غوسل واجب دەبێ .

**(مامۆستا خلیل أحمد)**

**١١- سڵاوی خوای گەورەتان لێ بێ زەحمەت نەبێ ئەمەوێ بزانم حوکمی کرداری جنسی لەگەڵ خێزانی خۆت لە دواوە چی یە ؟ تکایە بە جوانی ڕوونی بکەنەوە بۆم لەگەڵ ڕێزدا .**

**وەڵام :** چەند بەڵگەیەك بۆ سەلماندنی حەرامێتی (جووتبوون لە گەڵ ژنـــدا لە کۆمەوە !) لە ئیسلامدا :

١ ــ عن جابر (ﷺ) قال : كانت اليهود تقول : إذا أتى الرجل امرأته من دبرها في قُبُلِـها كان الولد أحول ، فنــزلت : ﴿نِسَآؤُكُمۡ حَرۡثٞ لَّكُمۡ فَأۡتُواْ حَرۡثَكُمۡ أَنَّىٰ شِئۡتُمۡ ٢٢٣﴾ [البقرة] ، فقال رسول الله (ﷺ) : ((مقبلة ومدبرة إذا كان ذلك في الفرج))[1].

واتە : جوولەکەکان (یەهودیەکان) دەیانووت : ئەگەر پیاو بچێتە لای ژنەکەی لە دواوە و لە جێگای پێشەوە (واتە لە پاشەوە دەچێتە لای بەڵام لە ڕێگای منداڵدانەوە) ئەوا منداڵەکەی چاو خێل دەردەچێت ، بە هۆی ئەمەوە ئەم ئایەتە دابەزی : ﴿ژنەکانتان جێگای تۆو چاندنی ئێوەن جا ئێوەش بچنە لای جێگای

[1] صحيح البخاري رقم : (٤٥٢٨) وصحيح مسلم رقم : (٣٥٢١)

www.ba8.org

**تۆوەکانتان بە هەرچی شێوازێك خۆتان ئارەزووی دەکەن﴾ ، بۆیە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : واتە : لە ڕووی پێشەوە و دواوە ئەگەر ئەمە لە دامێنی‌یەوە بوو .**

٢ ــ وعن ابن عباس (رضي الله عنه) قال : (كان هذا الحي من الأنصار وهم أهل وثن ، مع هذا الحي من يهود ، وهم أهل كتاب ، وكانوا يرون لهم فضلا عليهم في العلم ، فكانوا يقتدون بكثير من فعلهم ، وكان من أمر أهل الكتاب أن لا يأتوا النساء إلا على حرف [٢] ، وذلك أستر ما تكون المرأة ، فكان هذا الحي من الأنصار قد أخذوا بذلك من فعلهم ، وكان هذا الحي من قريش يشرحون النساء شرحا [٣] منكرا ، ويتلذذون منهن مقبلات ومدبرات ومستلقيات ، فلما قدم المهاجرون المدينة ، تزوج رجل منهم امرأة من الأنصار ، فذهب يصنع بها ذلك ، فأنكرته عليه ، وقالت : إنما كنا نؤتى على حرف ، فاصنع ذلك وإلا فاجتنبني ، حتى شري أمرها ، فبلغ ذلك رسول الله (ﷺ) ، فأنزل الله عز وجل : ﴿نِسَآؤُكُمۡ حَرۡثٞ لَّكُمۡ فَأۡتُواْ حَرۡثَكُمۡ أَنَّىٰ شِئۡتُمۡ ۝٢٢٣﴾ [البقرة] أي : مقبلات ومدبرات ومستلقيات ، يعني بذلك موضع الولد[٤].

**واتە : جاران خەڵکی ئەم گەڕەکە لە (ئەنصاری‌یەکانی مەدینە) کە بت پەرست بوون ، لە گەڵ خەڵکی ئەم گەڕەکە لە جوولەکەکان (یەهودیەکان) کە خاوەنی (کتێب) بوون ، لە بەر ئەمە بۆچوونیان وابوو کەوا جوولەکەکان فەزڵ و چاکەیان هەیە بە سەریانەوە لە زانست و شارەزاییدا ، بە هۆی ئەمەوە لاسایی زۆرێك لە کردارەکانیانیان دەکردوە و چاویان لێیان دەکرد ، وە بەشێك لە حاڵی (ئەهلی کتێب / جوولەکە) بریتی بوو لەوەی کە نەدەڕۆیشتنە لای ژن ئیللا بە لاوە نەبێت ، وە ئەمەش داپشراوترین شێوە بوو بۆ ئافرەت ، بۆیە خەڵکی ئەم گەڕەکەی ئەنصاری‌یەکان ئەم شێوازەی چوونە لای ژنیان لە کردەوەی جوولەکەکانەوە وەرگرتبوو ، بەڵام خەڵکی ئەم گەڕەکەی (قورەیشی‌یەکانی مەککە) دەچوونە لای ژن بە هەڵاژیانەوە لە سەر پشت ، وە خۆشی و لەزەتیان لێیان دەبینی لە پێشەوە و لە پاشەوە و بە هەڵاژیانەوە ، بەڵام کاتێك کۆچکارەکانی مەککە روویان کردە مەدینە پیاوێکیان ژنێکی لە ئەنصاری‌یەکان هێنا و بوو بە هاوسەری ، ئەنجا ڕۆیشت وەك شێوازی خەڵکی مەککە لە گەڵیدا جووت ببێت ، بۆیە ژنەکەی ئەمەی لێ قەبووڵ نەکرد و ئینکاری کرد و فەرمووی : ئێمە پیاو لە لاوە دێتە لامان ، بۆیە تۆیش بەو شێوازە وەرە لام ئەگینا لێم دوور بکەرەوە ، تاوەکو ئەمە گەورە بووەوە و ئەنجا گەیشت بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، جا بە هۆی ئەمەوە ئەم ئایەتە دابەزی : ﴿ژنەکانتان جێگای تۆو چاندنی ئێوەن جا ئێوەش بچنە لای جێگای تۆوەکانتان بە هەرچی شێوازێك خۆتان ئارەزووی دەکەن﴾ واتە : لە پێشەوە و لە پاشەوە و بە هەڵاژیانەوە ، مەبەستیشی بەمە ئەوەیە کە لە جێگای منداڵەوە بچێتە لای .**

٣ ــ عن ابن عباس (رضي الله عنه) قال : ( جاء عمر بن الخطاب إلى رسول الله (ﷺ) فقال : يا رسول الله هلكت . قال :

---

[٢] أي : على جانب . " نهاية " .

[٣] قال في لسان العرب (٢ / ٤٩٨) : (قال ابن عباس كان أهل الكتاب لا يأتون نساءهم إلا على حرف وكان هذا الحي من قريش يشرحون النساء شرحا)) شرح جاريته إذا وطئها نائمة على قفاها) .

[٤] أخرجه أبو داود والحاكم ، والبيهقي ، والواحدي في " الأسباب " والخطابي في " غريب الحديث " ، وسنده حسن ، وصححه الحاكم على شرط مسلم ووافقه الذهبي وله عند الطبراني طريق آخر مختصر . وله شاهد من حديث ابن عمر نحوه . أخرجه النسائي في " العشرة " بسند صحيح .

وما الذي أهلكك ؟ قال : حولت رحلي[٥] الليلة ، فلم يرد عليه شيئا ، فأوحي إلى رسول الله (ﷺ) هذه الآية : ﴿نِسَآؤُكُمۡ حَرۡثٞ لَّكُمۡ فَأۡتُواْ حَرۡثَكُمۡ أَنَّىٰ شِئۡتُمۡ ۝٢٢٣﴾ [البقرة] ، يقول : أقبل وأدبر ، واتق الدبر والحيضة "[٦]

**واتە : (ئيمامی عومەر ﷺ) هات بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و ووتی : ئەی پێغەمبەری خوا تياچووم ، پێغەمبەريش (ﷺ) فەرمووی : ئەو شتە چىيە كە لەناوی بردوويت ؟ ووتی : ئەم شەو جێگای دانيشتنەكەم هەڵەوديوكرد (واتە : لە دواوە لە شوێنی منداڵدانەوە چوومە لای خێزانەكەم) ، پێغەمبەريش (ﷺ) بە هيچ شتێك وەڵامی نەدايەوە ، ئەنجا ئەم ئايەتە هاتە خوارەوە بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) : ﴿ژنەكانتان جێگای تۆو چاندنی ئێوەن جا ئێوەش بچنە لای جێگای تۆوەكانتان بە هەرچی شێوازێك خۆتان ئارەزووی دەكەن﴾ دەفەرموێت : لە پێشەوە و لە دواوە ، وە خۆ بپارێزە لە كونی دواوە و هەروەها لە كاتی حەيز و بێنوێژيدا .**

٤ ــ عن خزيمة بن ثابت (ﷺ) : (أن رجلا سأل النبي (ﷺ) عن إتيان النساء في أدبارهن ، أو إتيان الرجل امرأته في دبرها ؟ فقال النبي (ﷺ) : حلال . فلما ولى الرجل دعاه ، أو أمر به فدعي ، فقال : كيف قلت ؟ في أي الخربتين ، أوفي الخرزتين ، أو في أي الخصفتين[٧] ؟ أمن دبرها في قبلها ؟ فنعم ، أم من دبرها في دبرها ؟ فلا ، فإن الله لا يستحي من الحق ، لا تأتوا النساء في أدبارهن "[٨].

**واتە : پياوێك پرسياری كرد لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) سەبارەت بە چوونە لای ژن لە دواوە ، پێغەمبەريش (ﷺ) فەرمووی : حەڵاڵە . كاتێك پياوەكە ڕۆيشت پێغەمبەر (ﷺ) بانگی كردەوە يان فەرمانی كرد بە بانگ كردنەوەی و بانگ كرا ، ئەنجا فەرمووی : چۆنت ووت ؟ لە كام لە دوو كونەكانەوە ؟ ئايا لە دواوە و لە ڕێگای پێشەوە ؟ ئەوا ئەمە دەبێت و دروستە ، يان لە دواوە و لە كۆمەوە (واتە لە كونی دواوە) ؟ ئەوا ئەمە نابێت دروست نىيە ، چونكە خوا لە حەق شەرم ناكات ، نەچنە لای ژن لە كونی دواوە واتە : لە كۆمەوە .**

٥ ــ [ لا ينظر الله إلى رجل يأتي امرأته في دبرها ][٩].**واتە : خوا ـ لە تووڕەييدا ـ سەيری پياوێك ناكات كەوا لە كونی دواوە بچێتە لای ژنەكەی .**

---

[٥] كنى برحله عن زوجته ، أراد بها غشيانها في قبلها من جهة ظهرها ، لأن الـمُجامع يعلو المرأة ويركبها مما يلي وجهها ، فحيث ركبها من جهة ظهرها كنا عنه بتحويل رحله ، إما أن يريد به المنـزل والمأوى ، وإما أن يريد به الرحل الذي تركب عليه الإبل ، وهو الكور . " نهاية " .

[٦] رواه النسائي في " العشرة " ، والترمذي ، وابن أبي حاتم ، والطبراني ، والواحدي بسند حسن وحسنه الترمذي .

[٧] يعني : في أي الثقبين ، والألفاظ الثلاثة بمعنى واحد كما في " النهاية " .

[٨] رواه الشافعي وقواه ، وعنه البيهقي ، والدارمي ، والطحاوي ، والخطابي في " غريب الحديث " ، وسنده صحيح كما قال ابن الملقن في " الخلاصة " ، وعله عـن دالنسائي في " العشرة " والطحاوي والبيهقي وابن عساكر طرق أخر ، أحدها جيد كما قال المنذري ، وصححه ابن حبان ، وابن حزم ، ووافقهما الحافظ في " الفتح .

[٩] أخرجه النسائي في " العشرة " ، والترمذي ، وابن حبانمن حديث ابن عباس وسنده حسن ، وحسنه الترمذي ، وصححه ابن راهويه كما في " مسائل المروزي " ، وله طريق آخر عند ابن الجارود بسند جيد ، وقواه ابن دقيق العيد ، والنسائي ، وابن عساكر ، وأحمد ، من حديث أبي هريرة .

٦ ـــ [ ملعون من يأتي النساء في محاشهن . يعني : أدبارهن[١٠] .

**واتە : لەعنەت و نەفرەت لێکراوە ئەو کەسەی بچێتە لای ژن لە کۆمەوە ، واتە : لە کونی دواوە .**

٧ ـــ [مَنْ أَتَى حَائِضاً أَوِ امْرَأَةً فِي دُبُرِهَا أَوْ كَاهِناً فَقَدْ كَفَرَ بِمَا أُنْزِلَ عَلَى مُحَمَّدٍ ﷺ ][١١].

**واتە : هەر کەسێك بچێتە لای ژنەکەی لە کاتی حەیزدا ، یان لە کونی دواوە ، یان بچێت بۆ لای جادووگەرێك و قسەکەی بە ڕاست بخاتەوە ، ئەوا کوفری کردووە و بێباوەڕ بووە بەوەی کە دابەزیوەتە سەر (محمدﷺ) .**

**ئەمانە (٧) حەوت فەرموودەی پێغەمبەری خوا بوون (ﷺ) ، کەوا باسی دوو شتی لەخۆ گرتبوو :**

**یەکەم : ڕوونکردنەوەی شێوەی چوونە لای ژن لە جێگای مناڵبوونەوە (الفرج) چ بە ڕاکشانەوە بێت لە سەر پشت (مُستلقيات) یان لە پێشەوە بێت (مُقبلات) یان لە پاشەوە بێت (مُدبرات) یان بە لاوە بێت (على جَنب) یان بەهەرچ شێوەیەك کە پیاو و ژن خۆیان ئارەزوویان لێبێت بەڵام بە مەرجێك لە مناڵدانەوە بێت کە جێگای تۆوناشتنە وەك لە ئایەتەکەدا فەرموویەتی : ﴿نِسَآؤُكُمۡ حَرۡثٞ لَّكُمۡ فَأۡتُواْ حَرۡثَكُمۡ أَنَّىٰ شِئۡتُمۡ ٢٢٣﴾** [البقرة] أي : مقبلات ومدبرات ومستلقيات ، يعني بذلك موضع الولد ، **واتە : ﴿ ژنەکانتان جێگای تۆو چاندنی ئێوەن جا ئێوەش بچنە لای جێگای تۆوەکانتان بە هەرچی شێوازێك خۆتان ئارەزووی دەکەن ﴾ واتە : لە پێشەوە و لە پاشەوە و بە هەڵاژیانەوە ، مەبەستیشی بەمەش ئەوەیە کە لە جێگای منداڵەوە بچێتە لای .**

**دووەم : ڕوونکردنەوە و ئاشکرا کردنی حەرامێتی چوونە لای ژن لە کۆمەوە (واتە لە کونی دواوە) ، بەڵکو سەرەڕای حەرامێتی ئەو کارە خوا سەیری ئەو کەسانە ناکات کە لە (کۆم و کونی دواوە) دەچنە لای ژن و بەر لەعنەت و نەفرەتی خوا دەکەون و ئەو کردارەشیان بە کوفر و بێباوەڕی لە سەر دەژمێردرێت .. چوونکە (کۆم و کونی دواوە) جێگای دەرچوونی پیسییە لە لەش نەك جێگای وەچەخستنەوە و جووت بوون و لەزەت بینین ! ! ! (مامۆستا محمد عبد الرحمن)**

**١٢- ئایا ئەگەر بەرێکەوت و بەبێ ئاگا دەستم بەر دەستی پیاوەکەم بکەوێ دەستنوێژم دەشکێ ؟ وە ئایا دەست نوێژ لە شوبرات دەشکێ ؟ ئەگەر دەشکێ ئەی بۆ خوشکم دەستنوێژ لە پیاوەکەم ناشکێنێ؟ ((ڕێزو خۆشەویستم بۆ مامۆستای بەڕێز و سوپاس بۆ هاوکاریت))**

**وەڵام : خوشکی بەڕێزمان : بەرکەوتنی دەستی ئافرەت بۆ پیاوی خۆی یان بە پێچەوانەوە دەستی پیاوەکە بەر دەستی ئافرەتەکە بکەوێت ، بە ڕێکەوت بێت یان بە ئەنقەست ، هیچیان دەستنوێژ بەتاڵ**

---

[١٠] أخرجه ابن عدي من حديث عقبة بن عامر بسند حسن ، وهو من رواية ابن وهب عن ابن لهيعة ، وله شاهد من حديث أبي هريرة مرفوعا به . أخرجه أبو داود ، وأحمد .

[١١] أخرجه أصحاب " السنن " الأربعة إلا النسائي ، فرواه في " العشرة " ، والدارمي ، وأحمد واللفظ له والضياء في " المختارة " من حديث أبي أبي هريرة وسنده صحيح كما بينته في " نقد التاج " . وروى النسائي ، وابن بطة في " الإبانة " عن طاوس قال : سئل ابن عباس عن الذي يأتي امرأته في دبرها ؟ فقال : هذا يسألني عن الكفر ؟ وسنده صحيح ، وعن أبي هريرة نحوه بسند فيه ضعف . وقال الذهبي في " سير أعلام النبلاء " : " قد تيقنا بطرق لا محيد عنها نهي النبي صلى الله عليه وسلم عن أدبار النساء وجزمنا بتحريمه ، ولي في ذلك مصنف كبير " .

ناکەنەوە ، چونکە ئەو کارە ڕووی داوە بۆ پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لە کاتی نوێژکردنیدا ، کە دەستی بەر قاچی دایکە عایشە کەوتووە هەروەکو دایکە عایشە بۆمان دەگێڕێتەوە کە : " كنت أنام بين يدي رسول الله صلى الله عليه وسلم ورجلاي في قبلته فإذا سجد غمزني فقبضت رجلي وإذا قام بسطتهما " (متفق عليه ) .

واتە : لە بەر دەستی پێغەمبەری خوادا ( صلى الله عليه وسلم ) دەخەوتم و پێکانم لە ڕێگەکەیدا بوون لە پێش قیبلەکەی ، جا ئەگەر بیویستایە سوژدە بەرێت ، قورنجگێکی لێ دەگرتم منیش پێکانم هەڵدەکێشا ، کە سوژدەکەی تەواو دەکرد جارێکی تر پام دەکێشانەوە .

یان دەستی دایکە عایشە بەر قاچی موبارەکی پێغەمبەری خوا کەوتووە ( صلى الله عليه وسلم ) ، هەروەکو بۆمان دەگێڕێتەوە کە : " فقدت رسول الله صلى الله عليه وسلم ذات ليلة من فراشه فالتمسته فوقعت يدي على بطن قدميه وهو في المسجد وهما منصوبتان وهو يقول : اللهم إني أعوذ برضاك من سخطك وبمعافاتك من عقوبتك وأعوذ بك منك لا أحصي ثناء عليك أنت كما أثنيت على نفسك " (صححه العلامة الألباني في صحيح سنن بان ماجه : ٣٨٤١ ) .

واتە : لە جێگەی خەوتندا بووین هەستم کرد کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لە جێکە نەماوە ، کە دەستە کوتەم کرد دەستم بەر ناو ژێر پێکانی پێغەمبەر کەوت ( صلى الله عليه وسلم ) ، بینیم لە سوژدەدایە ، بە زەویدا چەقاندوونی ، ئەم زیکرە دەخوێنێ : .... هتد .

کەچی لە هەردوو بارەکەدا نوێژەکەی نەبڕیوە و دەستنوێژی تازە نەکردووەتەوە ، بۆ ئەوەی ئێمەش ئەوە ئەنجام بدەین .

وە لەوەش زیاتر دایکە عائیشە سەبارەت بە کردەوەی پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) بۆمان دەگێڕێتەوە کە : " كان يتوضأ ، ثم يقبل و يصلي و لا يتوضأ " (صححه العلامة الألباني في صحيح الجامع برقم : ٤٩٠٦) .

واتە : پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) دەستنوێژە دەگرت و پاشان ماچی خێزانەکانی دەکرد ،و نوێژی دەکرد بێ ئەوەی دەستنوێژ بگرێتەوە .

وە لە فەرموودەی تری (صحيح )ی پێغەمبەری خوادا هاتووە ( صلى الله عليه وسلم) کە : " كان يقبل بعض أزواجه ، ثم يصلي و لا يتوضأ " ( صححه العلامة الألباني في صحيح الجامع برقم : ٤٩٩٧ ) .

واتە : پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ماچی هەندێك لە خێزانەکانی دەکرد و پاشان نوێژی دەکرد و دەستنوێژی نەدەگرتەوە .

لە هەموو ئەو فەرموودانەی پێشەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە دەست پێوە دانی خێزان ،تەنانەت ماچکردنیان بۆ یەکتر دەستنوێژ ناشکێنێت .

وە سەبارەت بە کردەوەی خوشکەکەت دەڵێین : کردەوەکەی کردەوەیەکی درووستە لەو لایەی کە دەستنوێژ ناشکێنیت لە شوبراکەی ، ئەوەش بە قیاسکردنی لە سەر ئەو فەرموودانەی پێشەوە بەوەش

کردەوەکەی بە پێی سوننەتی پێغەمبەری خوایە ( صلى الله عليه وسلم ) .

بەڵام ئەوەمان لە یاد نەچێت کە خودی دەست پێوەدانەکە حەرامەو تاوانە ، چونکە نامەحرەمن بۆ یەك ، و پێغەمبەری خواش ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : " لأن يطعن في رأس رجل بمخيط من حديد ، خير له من أن يمس امرأة لا تحل له " ( صححه العلامة الألباني في : الصحيحة : ٢٢٦ ) .واتە : ئەگەر ئاسنێك بکوترێت بە سەر پیاوێکدا ، زۆر باشترە بۆی لەوەی دەست بدات بە ئافرەتێکی نامەحرەم بۆی .

وە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : " لا أمس أَيْدي النساء " ( صححه العلامة الألباني في : ( صحيح الجامع : ٧١٧٧ ) .واتە : من دەست نادەم بە دەستی ئافرەتانەوە

وە فەرموویەتی : " إني لا أصافح النساء " ( صححه العلامة الألباني في : ( الصحيحة : ٥٢٩ ) ، و ( صحيح سنن النسائي : ٤١٨١ ) .واتە : من دەست نادەم لە گەڵ ئافرەتاندا ، خواش زاناترە .

وَآخِرُ دَعْوَانا أَنِ الْحَمْدُ لِلّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ .

(مامۆستا عدنان بارام)

### ١٣- لەبەر بارودۆخی ژیان مەنعی تەبیعی دەکەم ، ئایا حەڵاڵە یان حەرامە ؟

**وەڵام :** سەرەتا ئەوە بزانە ئەگەر مەنع کردنی منداڵ بوون لەبەر هۆکاری ئابووری بێت ئەوا حەرامە و شەرعی نییە بە هەر شێوەیەك بێت چونکە رزقی خۆت و منداڵیش لە سەر خوایە وەك خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَلَا تَقْتُلُوٓاْ أَوْلَٰدَكُمْ خَشْيَةَ إِمْلَٰقٍ نَّحْنُ نَرْزُقُهُمْ وَإِيَّاكُمْ إِنَّ قَتْلَهُمْ كَانَ خِطْـًٔا كَبِيرًا ﴿٣١﴾ ﴾ [الإسراء] .

واتە : منداڵەکانتان مەکوژن لە ترسی هەژاری و نەداریدا چونکە ئێمە رزقی ئەو منداڵانەی و ئێوەش دەدەین بەڕاستی کوشتنی منداڵ هەڵەیەکی گەورەیە .

مەنع کردنیش بەهەمان شێوە ئەگەر لەبەر کەمدەرامەتی و بارگرانی ژیان هەڵەیەکی گەورەیە چونکە رزقی منداڵ لە سەر خوایە (ئەگەر خوا سەر بدات رزقیش دەدات) وەك پێشینان فەرموویانە .

بەڵام ئەگەر لەبەر هۆکاری تر بێت وەك ڕێکخستنی منداڵ بوون بۆ ماوەیەکی کاتی تاوەکو دایك هەندێك پشوو بدات و زۆر ئازار و ناڕەحەتی نەبینێت بە هۆی زوو منداڵ بوون و بەخێوکردنی لە دوای یەکی منداڵەکانەوە ئەوا دروستە بە مەرجێك ئەگەر پیاوەکە و ژنەکەش ڕازی بن و بۆ ماوەیەکی کاتی بێت نەك درێژخایەن

وە مەنعی تەبیعی دوو جۆری هەیە :

أ / ڕشاندنی ئاوەکە بۆ دەرەوەی مناڵدان ، ئەمەیان بۆ زیاتر لە یەك ساڵ زیانی تەندروستی هەیە و نابێت بەردەوام بن لە سەری

ب / خۆگرتنەوە لە جووت بوون لە کاتی یەکگرتن و پێتاندنی نێوان تۆوی پیاو و هێلکەی ئافرەت کە دەکەوێتە دوای ڕۆژی پێنجەمی پاك بوونەوە لە عادەی مانگانە و تاوەکو ڕۆژی دوانزەیەم .

ئەم جۆرەی دووەمیان هیچ زیانێکی تەندروسی تێدا نی یە ، لە سەدا حەفتا سەرکەتو دەبێت .

بەڵام مەنعی صناعی بە خواردنی حەپ و دەرزی کۆتان و مناڵدان بەستن ... ئەمانە هەموویان زیانی

تەندروستیان لێدەکەوێتەوە بۆیە بە ناشەرعیان دەزانم و فەتوای هەندێك لە گەورە زانایانیشی لە سەر هاتووە وەك لەم سایتەدا پێشتر بڵاوکراوەتەوە .(مامۆستا محمد عبد الرحمن)

**١٤- ئەگەر نەهێلیت منداڵت ببێ بە خواردنی حەبی مەنع ئەوا حەرامە ؟**

**وەڵام :** لێرەدا ووتەیەکی ئیمامی (ابن العثيمين) ڕەحمەتی خوای لێبێت باس دەکەین بۆ ئەو ئافرەتانەی کەوا (حەپی مەنع) بەکاردێنن ، پێشەوا فەرموویەتی : (إنَّ استعمال هذه الـحبوب ضار على الـمرأة ، على رحمها ، وعلى عادتـها ، وعلى دمها ، بل وعلى جنينها في المستقبل ، وقد يحصل من هذه الـحبوب تشويه للأجنة فيخرج الـجنين مشوهاً ، ولـهذا كثر الآن التشويه ، ما أكثر ما نُسأل عن جنين في بطن أمه ليس على رأسه عظم ، ونُسأل عن جنين مشوه ، كل هذا من أجل هذه الـحبوب التي ضرت المسلمين من جهة ، ومنعت كثرة الإنـجاب من جهة أخرى) [مـجموع فتاوى الشيخ ابن العثيمين : الـمجلد السابع عشر / الفتوى رقم : (٧٢٢)].

واتە : بەکارهێنانی ئەم حەپانە زەرەر و زیانی هەیە بۆ ئافرەتان ، زەرەری هەیە بۆ منداڵدانی ، بۆ عادەکەی ، بۆ سەر خوێنەکەی ، بەڵکو بۆ کورپەڵەکەی لە داهاتوودا ، وە هەندێك جار بە هۆی ئەم حەپەوە ناتەواوی و تێکچوون دێت بە سەر کۆرپەڵەکەدا و بۆیە کۆرپەڵەیەکی ناتەواو دەردەچێت ، لە بەر ئەمە ئێستا تێکچوونی منداڵ زۆر بووە ، وە زۆر جارێك پرسیارمان لێدەکرێت سەبارەت بە کۆرپەڵەیەك کە لە سکی دایکیدایە و سەری ئێسکی تێدا نییە ، وە پرسیارمان لێدەکرێت سەبارەت بە کۆرپەڵەیەکی تێکچوو و ناتەواو ، هەموو ئەمانە هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەم حەپانە کەوا زیانی گەیاند بە موسڵمانان لە ڕوویەکەوە ، وە بەرگیری کرد لە زۆر بوونی منداڵ بوون لە ڕوویەکی ترەوە .

(مامۆستا محمد عبد الرحمن)

**١٥- حوکمی ئیسلام بەرامبەربە گەورە بە بچووك چۆنە، وە ئایا منداڵەکە مارەیی دێت کە مەلاشی نەدیتبێت، تەنها باوکەکە وتویەتی کەگەورەبوو بۆ ئەو کورەیە بۆ کەسی تر نابێت، دەڵێن دەبێت تەڵاق بدرێت دواتر مارەبکرێتەوە.**

**وەڵام :** بسم الله الرحمن الرحيم

سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورە وە درودو سڵاو لە سەر گیانی پێغەمبەری خوا وە لەسەر خێزان و کەس وکاری ئیماندارو هاوەڵان و شوێن کەوتوانی تا ڕۆژی دوایی.

گەورە بە بچوك، هەر گەورە بە گەورەش دروست نی یە نەك گەورە بە بچوك، ژن بە ژن لە ئیسلامدا دروست نی یە، (نهي رسول الله (صلي الله عليه وسلم) عن الشغار) شغار واتە ژن بە ژن، دروست نی یە بە تایبەتیش ئەگەر لە یەك ببەسترێن واتە بە مەرج دابنرێن، تۆ خوشکی خۆتم بەرێ من خۆشکی خۆمت دەدەمێ، تۆ کچی خۆتم بەرێ من کچی خۆمت دەدەمێ، ئەوە شغار یان لەوەش خراپتر مارەییان نەبێت، یان هەرکەسە و مارەیی بۆ کچی خۆی دەکات، یان بۆ خوشکی خۆی دەکات، یان مارەییەکان وەکو یەك دادەنرێن، وەکو ابن عمر (ڕەزای خوا لێ بێت) فەرمووی ﴿وليس بينهما صداق﴾ ، صداق ئەوەیە کە مارەیی نەبێت لە

نێوانیان،ئەوە حەرامەو نەهی لێکراوە، کە نەهی لیّ کرا بێت ئەوە ئەو عەقدە دانامەزرێت، گەورە بە گەورە دروست نی یە، وە گەورە بە بچوکیش دروست نی یە.

(د.عبداللطيف أحمد)

**١٦- دەست گرتنی خێزانی خۆت لە بازاڕدا دروستە ؟**

**وەڵام :** دەست گرتنی خێزانی خۆت لە ئەسڵ و بنەوادا دروستە چ لە ماڵدا بێت یان لە بازاڕدا بێت ، بەڵام هەندێك كردار و ڕەفتار هەیە ئەگەر چی لە بنەڕەتیشدا حەڵاڵ و دروست بن ئەوا لایەق نیيە لە شوێنە گشتیيەكاندا ئەنجام بدرێن لە بەر پاراستنی كەسایەتی و شەهامەت و قورسی و سەنگینی موسڵمانان ، بۆ نموونە بنێشت جاوین یان گوڵەبەڕۆژە توكاندن ئەمانە حەڵاڵن بەڵام لە بازاڕدا لایەق نیيە و جوان نیيە بۆ موسڵمانی سەنگین ئەم كارانە ئەنجام بدات ، بە هەمان شێوە دەست گرتنی خێزانی خۆت لە بازاڕدا ، هەروەها ئەمە لە فەرهەنگی ڕەوشت و ئاكار و ئەدەبی موسڵماناندا بە دی ناكرێت ، بەڵكو دیاردەیەكی دەرەكی و خوازراوە لە كافر و بێباوەڕەكانەوە !

(مامۆستا محمد عبد الرحمن)

**١٧- ئایا دروستە پیاو تەوقە لەگەڵ ئافرەتی نامەحرەمدا بكات ؟**

**وەڵام :** تەوقەكردنی پیاو لە گەڵ ئافرەتی نامەحرەمدا حەرامە و بە هیچ شێوەیەك دروست نیيە ، بە بەڵگەی ئەم فەرموودانەی خوارەوە :

١ــ عن أميمة بنت رقيقة (رضي الله عنها) قالت : قال رسول الله : ((إنّي لا أصافح النساء)) [صحيح سنن الترمذي رقم: (١٣٠٠) والسلسلة الصحيحة رقم: (٥٢٩)]

**واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : من تەوقە ناكەم لە گەڵ ئافرەتدا .**

٢- عن عمرو بن شعيب عن أبيه عن عبدالله بن عمرو : ((إنَّ رسول الله ﷺ كان لا يصافح النساء في البيعة)) [سلسلة الأحاديث الصحيحة رقم: (٥٣٠)] .

**واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ تەوقەی نەدەكرد لە گەڵ ئافرەتدا لە كاتی پەیمان وەرگرتندا .**

٣ ــ عن عائشة رضي الله عنها قالت: ((لا والله ما مست يد رسول الله ﷺ يد امرأة قط))[صحيح البخاري رقم : (٥٢٨٨) وصحيح مسلم رقم : (١٨٦٦)].**واتە : سوێند بە خوا پێغەمبەری خوا ﷺ بە هیچ شێوەیەك دەستی بەر دەستی هیچ ئافرەتێك نەكەوتووە .**

٤ ــ عَنْ مَعْقِلِ بْنِ يَسَارٍ (ﷺ) قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : ((لأَنْ يُطْعَنَ فِي رَأْسِ رَجُلٍ بِمِخْيَطٍ مِنْ حَدِيدٍ خَيْرٌ لَهُ مِنْ أَنْ يَمَسَّ امْرَأَةً لا تَحِلُّ لَهُ)) [صحيح الجامع الصغير رقم: (٥٠٤٥) وسلسلة الأحاديث الصحيحة رقم : (٢٢٦)] .

**واتە : ئەگەر سوژنێك لە ئاسن بكرێت بە سەری یەكێكتاندا باشترە بۆی لەوەی كە دەستی بەر دەستی ئافرەتێك بكەوێت حەڵاڵ نەبێت بۆی .**

٥ ــ وجاء في بعض روايات حديث أبي هريرة الواردة في ذكر مقدمات الزنا ما لفظه ((...واليد زناها اللمس...))[أخرجه أحمد في ((المسند)) رقم: (٨٣٩٢) والبيهقي في ((السنن الكبرى)): (١٢٣/١)]

واتە : زينای دەست بريتی يە لە دەست پێوەدان .

کەواتە بە هيچ شێوەيەك دروست نی يە بۆ پياو کەوا دەست بدات بە دەست يان بە هەر جێگايەك لە لاشەی ئافرەتەوە ئەگەر نامەحرەمی بێت .

(مامۆستا محمد عبد الرحمن)

**١٨- ئايا چ جۆرە هەڵسوكەوتێكی سێكسی حەرامە لەگەڵ هاوسەری خۆتدا.**

**وەڵام :** لەو هەڵسوكەوتە سێكسی يانەی لەگەڵ خێزاندا حەرامە :

يەكەم : جووتبوون لەگەڵ خێزاندا لە پاشەوە ئەمەش لەبەرفەرمودەی (ابو هريره) لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) **فەورموويەتی** : (لا ينظر الله إلى رجل جامع امراته في دبرها)رواه أبوداود وابن ماجه وصححه الألباني انظر صحيح سنن ابن ماجه ١٥٦٠ . واتە : خوای گەورە تەماشای ئەو پياوە ناكات لەگەڵ هاوسەرەكەيدا جوتببێت لە پاشەوە .

دووەم : چونە لای هاوسەر لە كاتی خوێنی حەيز و زەيستانيدا بە بەڵگەی فەرموودەی أبو هريره لە پێغەمبەری خواوە صلى الله عليه وسلم فەرموويەتی : (من أتى حائضاً او امرأة في دبرها أو كاهناً فصدّقه بما يقول فقد كفر بما انزل على محمد) رواه أحمد والترمذي وابن ماجه برقم ٦٣٩ وصححه الشيخ الألباني في الإرواء برقم ٢٠٠٦ .

واتە هەر كەس بچێتە لای هاوسەری خۆی لە كاتی حەيز دا يان لە پاشەوە يان سەردانی فاڵچييەك بكات و باوەڕ بە قسەكانی بكات ئەوە بێ باوەڕ بووە بە (قورئان) ئەوەی بەسەر (محمد) دا صلى الله عليه وسلم دابەزيوە .

(مامۆستا خليل أحمد)

**١٩- پرسيارەكەم ئەوەيە : ئايا ژن دوای منداڵبوون تا چەند ڕۆژ نابێ پياوەكەی بچێتە لای واتە جيماعی لەگەڵ بكات ؟ لەگەڵ سوپاس بۆ ئێوە .**

**وەڵام :** ئافرەت لە دوای منداڵبونی نابێت نوێژ بكات و ڕۆژو بگرێت و حەراميشە مێردەكەی لەگەڵيدا جووت ببێت تاوەكو پاك دەبێتەوە .

پاك بوونەوەكەشی كاتی دياری كراوی نی يە ، واتە هەر كاتێك بۆی دەركەوت خوێنی پاش منداڵ بوونی نەماوە و ئاوە سپيەكەی بينی ـ هەر وەك چۆن لە كاتی عادەی مانگانەدا دەيبينێت ـ ئەوا پێويستە خۆی بشوات و نوێژەكانی ئەنجام بدات و حەڵاڵيشە مێردەكەی لەگەڵيدا جووت ببێت ئەگەر چی پاش حەوت ڕۆژ يان پاش شازدە ڕۆژ يان بيست و دوو ڕۆژ يان پاش سێ ڕۆژيش بێت يان كەمتر يان زياتر بە مەرجێك لە (٤٠) چل ڕۆژ تێپەڕ نەكات .

بەڵام ئەگەر ئافرەتێك خوێنی دوای منداڵبوونی بەردەوام بوو ئەوا تاوەكو (٤٠) چل ڕۆژ خۆی ناشوات بۆ نوێژ و حەڵاڵيش نی يە مێردەكەی لەگەڵيدا جووت ببێت ، ئەنجا لە دوای (٤٠) چل ڕۆژەكە خۆی دەشوات بۆ ئەوەی بتوانێ نوێژەكانی بكات و حەڵاڵيشە مێردەكەی بچێتە لای .

وە ئەگەر دوای (٤٠) چل ڕۆژ خوێنی هەبوو ئەوا ئەو خوێنە پێی دەوترێت (استحاضة) واتە نەزيف

بوون و بە (خوێنی دوای منداڵ بوون) حیساب ناکرێت ، لەم حاڵەتەدا نوێژی لە سەرە و دروستیشە مێردەکەی بچێتە لای ، بەڵام دەبێت بۆ هەر نوێژێك دەستنوێژەکەی نوێ کاتەوە ، هەروەها دەبێت بچێت بۆ لای پزیشکی پسپۆر بۆ چارەسەر وەرگرتن .

(مامۆستا محمد عبد الرحمن)

**٢٠- سەلامی خوتان لیّ بیّ ، من هەفتەی سیّ ڕۆژ ئیش دەکەم ڕۆژی شەش سەعات فریای ئیشی ماڵەوش دەکەوم بۆ خزمەتی خێزانەکەم ئایا ئەوە حەرامە ؟**

**وەڵام :** سەرەتا ئەوە بزانە کەوا لە ئیسلامدا پارە دەرکردن و بژێوی پەیدا کردن ئەرکی سەرشانی پیاو نەك ئافرەت ، چونکە خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ٱلرِّجَالُ قَوَّٰمُونَ عَلَى ٱلنِّسَآءِ بِمَا فَضَّلَ ٱللَّهُ بَعۡضَهُمۡ عَلَىٰ بَعۡضٖ وَبِمَآ أَنفَقُواْ مِنۡ أَمۡوَٰلِهِمۡ ٣٤﴾ [النساء] .واتە : پیاوان سەرپەرشتیارن بە سەر ئافرەتانەوە بەوەی کە خوا فەزڵی هەندێکیانی داوە بە سەر هەندێکی تریانەوە .. وە بەوەی کە خەرجی دەکەن بۆیان لە پارە و ماڵەکانیان .

وە پیاوان پرسیاریان کردووە لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئایا ماف خێزانی یەکێك لە ئێمە چیە بە سەریەوە ؟ پێغەمبەریش (ﷺ) فەرموویەتی : (أن تطعمها إذا طعمت ، وتكسوها إذا اكتسيت ...) .

واتە : خواردنی بۆ دابین بکات ئەگەر پێویستی پیّ بوو ، وە جلوبەرگی بۆ دابین بکات ئەگەر داوای کرد .

هەروەها خوای گەورە فەرموویەتی:﴿أَسۡكِنُوهُنَّ مِنۡ حَيۡثُ سَكَنتُم مِّن وُجۡدِكُمۡ ٦﴾ [الطلاق] .

جێگای نیشتەجێبوونیان بۆ دابین بکەن بەو شێوەیەی کە خۆتان نیشتەجێبوون بە پیّ توانا‌تان .

کەواتە : دابین کردنی خواردن و جلوبەرگ و خانوی نیشتەجێبوون ئەرکی سەر شانی پیاوە نەك ئافرەت .

واتە : ئەگەر ئافرەت مێردی کردبوو ئەوا دەبێت مێردەکەی ئەو پێداویستیەکانی ژیانی بۆ دابین بکات ، وە ئەگەر کچ بوو ئەوا لە سەر باوکێتی ... هتد .

بەڵام ئەگەر ئافرەتێك کەسی نەبوو بژێوی بۆ خۆی و منداڵەکانی پەیدا بکات ئەوا ئەو کاتە پێویستە ئیش بکات بەم مەرجانە :

١ ـ دەبێت ئەو ئیشە نەبێتە ڕێگر لە ئاستی خزمەت کردنی ماڵ و پەروەردەکرنی منداڵەکانیدا .

٢ ـ دەبێت ئیشەکە لە خودی خۆیدا حەڵاڵ بێت .

٣ ـ دەبێت تێکڵاوی پیاوان نەکات لە شوێنی ئیشەکەیدا .

٤ ـ دەبێت بە ئیزن و ڕەزامەندی سەرپەرستیارەکەی بچێتە دەرەوە .

٥ ـ دەبێت بە داپۆشراوی و پۆشتەیەوە بچێتە دەرەوە .

بەڵام بۆ بە دەست خستنی پارەیەکی زیاتر لە پێویست یان بۆ دابین کردنی ژیانی ڕەفاهیەت و

کەماليات ئەوا نابێت ئافرەت بچێتە دەرەوە بۆ ئيش کردن چونکە ئەمە ئەرکی سەر شانی ئافرەتان نىيە ، بەڵکو خزمەت کردنی ماڵ و منداڵ لە ئەستۆی ئافرەت دايە و بژێوی پەيدا کردنيش لە ئەستۆی پياواندايە .

(مامۆستا محمد عبد الرحمن)

**٢١- ئايا جووت بوون لەگەڵ خێزانی خۆت لەکاتی عادەی مانگانە تاوانە؟**

**وەڵام :** جووت بوون لەگەڵ ئافرەت لەکاتی عادەی مانگانە تاوانە و کارێکی خراپە يەکێکە لەتاوانە گەورەکان خوای گەورە دەفەرموێ : ﴿وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الْمَحِيضِ قُلْ هُوَ أَذًى فَاعْتَزِلُواْ النِّسَاء فِي الْمَحِيضِ وَلاَ تَقْرَبُوهُنَّ حَتَّىَ يَطْهُرْنَ﴾ البقرة ٢٢٢ .

**پێغەمبەری خوا فەرموويەتی :** (إصنعوا كل شيءٍ إلا النكاح) رواه الجماعة إلا البخاري وفي لفظ (إلا الجماع) **وە ئەفەرموێ :** (من أتى حائضاً أو امرأة في دبرها أو كاهناً فقد كفر بما أنزل على محمد) رواه الترمذي و أبو داود وابن ماجه وغيرهم وصححه الألباني . **واتە : هەر کەسێك بچێتە لای ژنەکەی لە کاتی حەيزدا ، يان لە کونی دواوە ، يان بچێت بۆ لای جادووبازێك و قسەکەی بە ڕاست بخاتەوە ، ئەوا کوفری کردووە و بێباوەڕ بووە بەوەی کە دابەزيوەتە سەر (محمد** صلى الله عليه وسلم) .

**واتە : کوفری بچووك ئەمەش بەڵگەيە لەسەر ئەوەی کە تاوانێکی گەورەيە کەوابوو هەرکەسێ بەئەنقەست و بزانێت حەرامە ئەوکارەبکات ئەوە تاوانێکی گەورەی کردووە پێويستە تەوبەی لێ بکات و ئەبێت** (کفارة)**ەکەی بدات کە بريتی يە لە يەك دينارى زێڕ ئەگەر لە پێشەکی بێ نوێژييەوە بوو وەئەگەر لە کۆتايی بێ نوێژييەوە بوو نيو ديناری زێڕ . ابن عباس خوای لێ ڕازی بێ ئەم حوکمەمان لە پێغەمبەرەوە** صلى الله عليه وسلم **بۆدەگێڕێتەوە کە فەرموويەتی :** (يتصدق بدينار أو نصف دينار) رواه أبو داود و النسائي وابن ماجه و صححه الألباني .

**ئەوەی کە ووتمان ئەگەر لەپێشەکی بێ نوێژييەوە بوو يان لە کۆتايی لە (ابن عباس)ەوە دەگێڕێتەوە فەرموويەتی :** (إن أصابها في فور الدم تصدق بدينار وإن كان في آخره فنصف دينار) صحيح . **بڕوانە کتێبی** الإرواء (٢٠٢) .

**ڕوونکردنەوە : يەك دينار زێڕ واتە : پێنج گرام ئاڵتون .**

**بۆ ئەوەی بزانين پێنج گرام چەنێك پارە دەکات پێويستە X٥ نرخی يەك گرام ئاڵتون بکەين = ئەو پارەيەی کە پێويستە بدرێت بە هەژاران لە بری کەفارەتی کردنی ئەم تاوانە.**

**(مامۆستا خليل أحمد)**

www.ba8.org

**٢٢- لە کاتی چونە سەر جێگا لە گەڵ خێزانم چی بکەم کە هەر خەیاڵم لای خێزانی خۆم بێت نەك کەسانی تر ؟**

**وەڵام :** ئەم کارانەی خوارەوە بکە :

١ ـ کاتێك جلەکانت دادەکەنیت بڵێ : (بسم الله) ، بۆ ئەوەی جنۆکە سەیری لاشەت نەکات و لێت نزیك نەبنەوە و ئەو جۆرە خەیاڵانەت بۆ دروست نەکەن .

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((سَتْرُ مَا بَيْنَ أَعْيُنِ الْجِنِّ وَعَوْرَاتِ بَنِي آدَمَ إِذَا دَخَلَ أَحَدُهُمُ الْخَلاَءَ أَنْ يَقُولَ : بِسْمِ اللَّهِ)) [صحيح الـــجامع الصغير رقم : (٣٦١٠)] .

واتە : پەردەی نێوان چاوی جنۆکە و عەورەتی ئادەمیزاد ئەوەیە لە کاتێکدا جلەکانی دادەکەنیت بڵێت : (بسم الله) .

٢ ـ ئەگەر ویستت لە گەڵ خێزانەکەتدا جووت ببیت ئەوا پێش ئەوە بڵێ : (بسم الله اللهم جنبنا الشيطان وجنب الشيطان ما رزقتنا)

چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((لَوْ أَنَّ أَحَدَكُمْ إِذَا أَرَادَ أَنْ يَأْتِيَ أَهْلَهُ فَقَالَ : **بِاسْمِ اللَّهِ ، اللَّهُمَّ جَنِّبْنَا الشَّيْطَانَ وَجَنِّبِ الشَّيْطَانَ مَا رَزَقْتَنَا** ، فَإِنَّهُ إِنْ يُقَدَّرْ بَيْنَهُمَا وَلَدٌ فِي ذَلِكَ لَمْ يَضُرُّهُ شَيْطَانٌ أَبَدًا)) صحيح البخاري رقم : (٧٣٩٦) وصحيح مسلم رقم : (٣٦٠٦) .

واتە : ئەگەر یەکێك لە ئێوە ویستی بچێتە لای خێزانەکەی و بڵێت : (بە ناوی خواوە ، خوایە بە دوورمان گرە لە شەیتان و شەیتان دوور بخەرەوە لەوەی کە پێمان دەبەخشیت) ئەنجا ئەگەر خوا دایتابێ کەوا لەو جووت بوونەوە منداڵیان ببێت ئەوا هەرگیز هیچ شەیتانێك زەرەر و زیانی پێناگەیەنێت .

٣ ـ لە خوا بترسە و گوێ بە وەسوەسەی شەیتان مەدە و داوا بکە لە خوا کە لەو خەیاڵاتە خراپانە پەنات بدات .

٤ ـ سەیری ئافرەتانی تر مەکە (واتە : نەزەر مەکە) بۆ ئەوەی خەیاڵت نەڕوات بۆ لای ئەوان چونکە ئەمە کارێکی حەرامە و تاوانە

٥ ـ بڵێ بە خێزانت با لە کاتی چونە سەر جێگەدا خۆی بۆت بڕازێنێتەوە و یاری و قسەی خۆشت بۆ بکات بۆ ئەوەی سەرنجی تۆ ڕابکێشێت بۆ لای خۆی و بیروخەیاڵت بکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی ئەوەوە بە تەنها (مامۆستا محمد عبد الرحمن).

**٢٣- زۆر لە هاوسەرەکەم تووڕە دەبم ، چ بکەم باشە ؟ چ لە ئەو بکەم کە بیگۆڕم ، تەبیعەتمان زۆر دوورە لە یەك .**

**٢٤- وە زۆر جار لە خۆمەوە دڵتەنگ دەبم و بێزار دەبم و هەندێ جار دەگاتە ڕادەی بێزاربوون لە ژیانم ، چ بکەم لەو کاتانەدا ؟**

**وەڵامی پرسیاری یەکەم :**

١ ـ دەستنیشانی ئەو هۆکارانە بکە کە تووڕەت دەکات چ لە خۆتدا بێت یان لە خێزانەکەتدا بێت ، پاش دەستنیشان کردنیان ئەنجا بە پێی توانا خۆتانی لێبپارێزن .

٢ ـ تاوەکو پێت دەکرێت تووڕە مەبە چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ((لاَ تَغْضَبْ)) [صحيح البخاري] ، واتە : تووڕە مەبە .

٣ ـ وە ئەگەر تووڕە بوویت ئەوا ئەم کارانە ئەنجام بدە بۆ ئەوەی بەرەو هەڵە نەتبات :

ـ پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ((إِذَا غَضِبَ أَحَدُكُمْ فَقَالَ : أَعُوذُ بِاللَّهِ سَكَنَ غَضَبُهُ)) [صحيح الـجامع الصغير رقم : (٦٩٥)] .

واتە : ئەگەر پیاوێك لە کاتی تووڕەبووندا بڵێت : (أعوذ بالله) ئەوا تووڕەیەکەی دادەمرکێتەوە . چونکە تووڕەیی لە شەیتانەوەیە .

ـ پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ((إذا غضب أحدكم وهو قائم فليجلس فإن ذهب عنه الغضب وإلاَّ فليضطجع)) [صحيح أبي داود رقم : (٤٧٨٢)] .

واتە : ئەگەر یەکێك لە ئێوە تووڕە بوو وە لەو کاتەدا لە سەر پێ ڕاوەستا بوو ئەوا با دابنیشێت ، جا ئەگەر تووڕەیەکەی ڕۆیشت و نەما ئەوا باشە ، ئەگینا بە هەڵابزێت و ڕاکشێت .

ـ پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ((إِذَا غَضِبَ أَحَدُكُم فَلْيَسْكُتْ)) [صحيح الـجامع الصغير رقم : (٦٩٣)] .

واتە : ئەگەر یەکێك لە ئێوە تووڕە بوو ئەوا با بێدەنگ ببێت .

٤ ـ وە ئەگەر تووڕە بوویت لە هەندێك ڕەفتاری هاوسەرەکەت و هەندێك تەبیعەتیت بە دڵ نەبوو ئەوا ڕقی لێ هەڵمەگرە بەڵکو چاوپۆشی لێ بکە ، چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ((لاَ يَفْرَكْ مُؤْمِنٌ مُؤْمِنَةً إِنْ كَرِهَ مِنْهَا خُلُقاً رَضِيَ مِنْهَا آخَرَ)) [صحيح مسلم] ، واتە : با پیاوی ئیماندار ڕق هەڵنەگرێت لە ئافرەتی ئیماندار ئەگەر ڕەوشتێکی ئەو ئافرەتەی پێ ناخۆش بوو وە لە هەمان کاتدا ڕازی بوو لە ڕەوشتێکی تری .

٥ ـ وە با لە کاتی تووڕە بوونتدا هاوسەرەکەت هەوڵ بدات هێمنت کاتەوە و ڕازیت بکات ، چونکە ئەمە سیفەتی ئافرەتە بەهەشتیەکانە ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ((نِسَاؤُكُمْ مِنْ أَهْلِ الْجَنَّةِ الْوَدُودُ الْوَلُودُ الْعَؤُودُ عَلَى زَوْجِهَا الَّتِي إِذَا غَضِبَ جَاءَتْ حَتَّى تَضَعَ يَدَهَا فِي يَدِ زَوْجِهَا وَتَقُولَ لاَ أَذُوقُ غَمْضاً حَتَّى تَرْضَى)) [سلسلة الأحاديث الصحيحة رقم : (٢٨٧)] .

واتە : ئافرەتە بەهەشتیەکان لە ئێوە ئەوانەن کە : زۆر ڕووخۆش و ڕوومەت کراوەن و زۆر منداڵیان دەبێت و زۆر زوو دەگەڕێنەوە بۆ لای مێردەکانیان ئەوانە کەوا ئەگەر مێردەکەیان تووڕە ببێت دێت بۆ

ئەوەی دەستی بخاتە ناو دەستی مێردەکەی و دەڵێت : چاوەکانم خەویان لێناکەوێت تاوەکو تۆ ڕازی نەبیت .

ئەمانەیە سیفاتی ئافرەتی چاك و صالح .

* وە بە نیسبەت گۆڕینی تەبیعەتی هاوسەرەکەتەوە دەڵێم :

دەبێت هاوسەرەکەت بە پێی توانا هەوڵ بدات بۆ ئەوەی مافە شەرعی‌یەکانی تۆ بدات و گۆڕانکاری بە سەر خۆیدا بێنێت بە مەبەست ڕازی کردنی تۆ ، لە بەر ئەم فەرموودەیە :

عَنْ حُصَيْنِ بْنِ مِحْصَنٍ (رضي الله عنه) : ((أَنَّ عَمَّةً لَهُ أَتَتِ النَّبِيَّ (ﷺ) فِي حَاجَةٍ فَفَرَغَتْ مِنْ حَاجَتِهَا فَقَالَ لَهَا : أَذَاتُ زَوْجٍ أَنْتِ ؟ قَالَتْ : نَعَمْ ، قَالَ : فَأَيْنَ أَنْتِ مِنْهُ ؟ قَالَتْ : مَا آلُوهُ إِلاَّ مَا عَجَزْتُ عَنْهُ ، قَالَ : انْظُرِي أَيْنَ أَنْتِ مِنْهُ فَإِنَّهُ جَنَّتُكِ وَنَارُكِ ؟!)) [صحيح الترغيب والترهيب رقم : (١٩٣٣) وسلسلة الأحاديث الصحيحة رقم : (٢٦١٢)] .

واتە : ئافرەتێك هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) ئەویش پێی فەرموو : ئایا تۆ مێردت هەیە ؟ ئافرەتەکەش وتی : بەڵێ ، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی : ئایا تۆ چۆنیت لە گەڵیدا ؟ وتی : هیچ کەمتەرخەمیەك ناکەن ئیللا ئەوە نەبێت کە لە تواناما نی‌یە ، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی : بڕوانە تۆ چۆنیت لە گەڵیدا چونکە مێردەکەت بەهەشت و دۆزەخی تۆیە .

* وە دەبێت تۆیش بە پێی توانا گۆڕانکاری بە سەر خۆتدا بهێنیت چونکە ئەویش مافی بە سەر تۆوە هەیە هەر وەك چۆن تۆ مافت بە سەر ئەوەوە هەیە ، وە ئیصلاحیش بە هەردوو لا دەکرێت .

وە ئەم ئامۆژگاریە دەخەمە بەر دەستی هاوسەرەکەت بۆ ئەوەی سوودی لێوە وەربگرێت :

عەمری کوڕی حجر پاشای کیندە داخوازی (أم أياس بنت عوف بن مسلم الشيبانـــي) کرد ، کاتێ وەختی گواستنەوەی هات دایکی کچەکە بە تەنیا لە گەڵ کچەکەیدا دانیشت و چەند ئامۆژگاری‌یەکی کرد ، ئامۆژگاری‌یەکان بنەماکانی بەختەوەری ژیانی ژن و مێردایەتی و چ پێویستە لە سەر ئافرەت بەرامبەر بە مێردەکەی بیکات بە دیار خست بۆی :

ئامۆژگاری یەکان بریتی بوون لـە :

یەکەم و دووەم : بە قەناعەت بە و بە باشی گوێڕایەڵ و فەرمانڕەوای بە .

سێیەم و چوارەم : نەکەی بهێڵی شتێکی ناشیرینت پێوە ببینێت ، یان بۆنی ناخۆشت لێوە بکات ، بەڵکو با خۆشترین بۆنت هەڵمژێ .

پێنجەم و شەشەم : ئاگاداری کاتەکانی خواردن و نوستنی بە ، چونکە برسێتی گڕ لە پیاو بەردەدات ، و تێر خەو نەبوونیش مایەی تووڕە بوونە .

حەوتەم و هەشتەم : ماڵ و سامانی بپارێزە و چاودێری منداڵەکانی بکە .

نۆیەم و دەیەم : سەرپێچی فەرمانی مەکە ، نهێنی ئاشکرا مەکە ، چونکە ئەگەر سەرپێچی فەرمانی

بکەیت یان دڵیت شکاند ، و نهێنییت ئاشکرا کرد : ئەوا غەدر و توڕیی ئەو پارێزراو نابێ .

ئەگەر مێردەکەت غەمبار بوو نەکەی خۆت دڵخۆش و شادمان پیشان بدەیت ، وە ئەگەر دڵخۆش بوو نەکەی خۆت بە غەمبار پیشان بدەیت .

**وەڵامی پرسیاری دووەم :**

ئەم کارانەی خوارەوە ئەنجام بدە بۆ ئەوەی لە بێزاری و دڵ تەنگی ڕزگارت ببێت :

١ ـ بەرزکردنەوەی ئاستی ئیمان و کردەوەی چاکە ئەنجام دان ، چونکە خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ مَنْ عَمِلَ صَٰلِحًا مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُۥ حَيَوٰةً طَيِّبَةً ۖ وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَجْرَهُم بِأَحْسَنِ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿٩٧﴾ ﴾ [النحل] .

واتە : هەر کەسێك کردەوەی چاکە بکات لە نێر و مێ و ئیماندار بێت ئەوا ژیانێکی خۆش و بەختەوەری پێ دەدەین لە دونیادا و لە قیامەتیشدا بە باشترین شێوە پاداشتی کردەوەکانیان دەدەینەوە .

٢ ـ پەیوەست بوون و دەست گرتن بە بەرنامەکەی خواوە کە بریتییە لە ئاینی ئیسلامی پیرۆز وەك خۆی ، چونکە خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَمَنْ أَعْرَضَ عَن ذِكْرِى فَإِنَّ لَهُۥ مَعِيشَةً ضَنكًا وَنَحْشُرُهُۥ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ أَعْمَىٰ ﴿١٢٤﴾ قَالَ رَبِّ لِمَ حَشَرْتَنِىٓ أَعْمَىٰ وَقَدْ كُنتُ بَصِيرًا ﴿١٢٥﴾ قَالَ كَذَٰلِكَ أَتَتْكَ ءَايَٰتُنَا فَنَسِيتَهَا ۖ وَكَذَٰلِكَ ٱلْيَوْمَ تُنسَىٰ ﴿١٢٦﴾ ﴾ [سورة طه] .

واتە : هەر کەسێك پشت هەڵبکات لە بەرنامەکەی خوا ئەوا بەڕاستی ژیانێکی پڕ لە بێزاری و ناسۆری هەیە و لە ڕۆژی قیامەتیشدا بە کوێری حەشری دەکەین ، دەڵێت : پەروەردگارم ئەوە بۆ بە کوێری حەشری دەکەیت خۆ من لە دونیادا بینا و چاو ساغ بووم ؟ خوا دەفەرموێت : ئاوەها ئایەتەکانی ئێمەت بۆ دەهات و تۆیش پشت گوێت دەخست بۆیە تۆیش ئەمڕۆ بێ بایەخ دەکرێیت .

٣ ـ بەردەوام بوون لە سەر قورئان خوێندن و زیکری خوای گەورە ، چونکە زیکری خوا دەبێتە مایەی ئارامگرتنی دڵ وەك خوای گەورە فەرموویەتی :﴿ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَتَطْمَئِنُّ قُلُوبُهُم بِذِكْرِ ٱللَّهِ ۗ أَلَا بِذِكْرِ ٱللَّهِ تَطْمَئِنُّ ٱلْقُلُوبُ ﴿٢٨﴾ ﴾ [الرعد] .

واتە : ئەوانەی کەوا ئیمانیان هێناوە و دڵیان بە زیکری خوا ئارام دەگرێت ، وریا بە تەنها بە زیکری خوا دڵەکان ئارام دەگرێت و بەختەوەر دەبێت .

٤ ـ وە زۆربەی جار و تایبەت لە بەیانیان و ئێواراندا ئەم زیکر و دوعایە بخوێنە : (اللهم إني أعوذ بك من الهَم والحزن والعجز والكسل والجُبن والبُخل وظلع الدين وغلبة الرجال) .

٥ ـ پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((ما أصابَ أحداً هَمٌّ ولا حَزَنٌ فقال :

اللهُمَّ إنِّي عَبْدُكَ ، وابنُ عَبْدِكَ ، وابنُ أَمَتِكَ ، ناصِيَتِي بِيَدِكَ ، مَاضٍ فِيَّ حُكْمُكَ ، عَدْلٌ فِيَّ قضاؤُكَ ، أَسْأَلُكَ بِكُلِّ اسْمٍ هُوَ لَكَ ، سَمَّيْتَ بِهِ نَفْسَكَ ، أَوْ عَلَّمْتَهُ أحداً مِنْ خَلْقِكَ ، أَوْ أَنْزَلْتَهُ في كِتَابِكَ ، أَوْ اسْتَأْثَرْتَ في

عِلْمِ الغَيْبِ عِنْدَكَ ، أنْ تَجْعَلَ القُرْآنَ رَبِيعَ قَلْبِي وَنُورَ صَدْرِي وَجَلاءَ حُزْنِي وَذَهَابَ هَمِّي ، إلاَّ أَذْهَبَ اللهُ هَمَّهُ وحُزْنَهُ وأَبْدَلَهُ مَكَانَهُ فَرَجاً)) [سلسلة الأحاديث الصحيحة رقم : (١٩٩)] .

واتە : هەرکەسێك غەم و پەژارە و ناڕەحەتیەیەکی تووش ببێت و بڵێت :

خوایە من بەندەی تۆم ، و کوڕی پیاوێکم کە بەندەی تۆیە ، و کوڕی ئافرەتێکم کە بەندەی تۆیە ، پێشەسەرم لە دەستی تۆدایە ، حوکمی تۆ بەسەرمدا پەیڕەوکراوە ، بڕیاری تۆ بەسەرمدا ڕاست و دادپەروەرانەیە ، داوات لێدەکەم بە هەموو ناوێك کە ناوی خۆتت پێ‌ناوە ، یان فێری کەسێکت کردووە لە دروستکراوەکانت ، یان داتبەزاندووە لە کتێبەکەتدا ، یان تایبەتت کردووە بە خۆتەوە لە زانستی غەیبدا لای خۆت ، کەوا قورئان بکەیت بە بەهاری دڵم و ڕووناکی سینگم و هەڵگری پەژارەم و لابەری غەمم .

ئیللا خوا غەم و پەژارەی لادەبات و لە جێی ئەوەدا دەیگۆڕێتەوە بە دڵ فراوانی .

٦ ـ پرسیار کراوە لە ئیمامی (الــحسن البصري) و وتویانە : (ما لنا نراك مطمئناً) ؟

واتە : ئەوە چی بەردەوام دەتبینین بەختەوەریت و بێ تاقەت و بێزار نیت ؟

ئەویش لە وەڵامدا فەرمووی : بەڕاستی دەزانم کەوا رزق و ڕۆزیم کەسێکی تر نایبات جگە لە من بۆیە دڵم بۆی ئارامی گرتووە ، وە بەڕاستی دەزانم کەوا خوا ئاگای لێمە بۆیە شەرمی لێدەکەم بە سەر تاوانەوە بمبینێت ، وە بەڕاستی دەزانم کەوا کردەوەکانم کەسێکی تر نایانکات بۆم منیش خۆم پێیەوە سەرقاڵ و مەشغوڵ کردووە ، ، وە بەڕاستی دەزانم کەوا مردن چاوەڕوانمە منیش خۆم ئامادە دەکەم بۆ دوای مردن بەڕاستی ئەوەیە ڕێگاکانی بەختەوەری و ئاسوودەیی . (مامۆستا محمد عبد الرحمن)

**٢٥- بەڕێزان من منداڵم بوە پێش چل ڕۆژ پاك بومەوە نوێژم کرد بەڵام ئێستا چلەم چووە و خوێنێکی کەمم هەیە ئایا ئەتوانم نوێژ بکەم تکایە زوو وەڵامم بدەنەوە زۆر سوپاس .**

**تێبینی : پێنج ڕۆژ پێش چلە نوێژم کرد وە ئێستا پێنج ڕۆژ دوای چلە خوێنم هەیە**

**وەڵام :** خوێنی زەیسانی ـ واتە : خوێنی دوای منداڵ بوونی ئافرەت ـ لە شەریعەتدا کاتی دیاری کراو بۆ زیاترینی دانراوە کە چل ڕۆژە ـ هەروەکو لە کوردەواریدا پێی دەووترێت خوێنی چلە ـ ئەوەش بە پێی فەرموودەی ( أم سلمه ) دایکی ئیمان داران کە تێدا فەرموویەتی : " كانت النفساء على عهد رسول الله صلى الله عليه وسلم تقعد بعد نفاسها أربعين يوما أو أربعين ليلة و ... " ( صححه العلامة الألباني في صحيح سنن أبي داود : ٣١١) .

واتە : ئافرەتان لە سەردەمی پێغەمبەردا ـ صلى الله عليه وسلم ـ دوای منداڵ بوون لە چل ڕۆژ یان چل شەو زیاتر دادەنیشتن لە ئەنجامدانی عیبادەتەکانیان .

بەڵام کاتی دیاری کراو بۆ کەمترینی دانەنراوە ـ بە واتایەکی تر : کەمترینی دیاری نەکراوە چەند ڕۆژ بێت ـ بەڵکو لە ئافرەتێکەوە بۆ ئافرەتێکی تر دەگۆڕێت

جا خوشکی خۆم : مادام تۆ پێش چلە پاك بوویتیەوە ئەوا پێویستە لە سەرت نوێژ ئەنجام بدەیت و ڕۆژوو بگریت ، ئەو خوێنەش کە لە دوای چلە بەردەوام دەبێت لە ئافرەت بە ( استحاضة ) دادەنرێت ، (

استحاضة ) وەکو نەزیف وایە ، و حوکمی وەکو حوکمی پاکێتیە ، و نوێژ و ڕۆژووشت لە سەر فەرزە لەو کاتەدا ، و نابێت ئەنجامیان نەدەیت ... خوای پەروەردگار زاناترە .

وَآخِرُ دَعْوَانا أَنِ الْحَمْدُ لِلّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

(مامۆستا عدنان بارام)

**٢٦- من لە دوای چەند مانگێك لە شووکردنم لە مێردەکەم جیابوومەوە چونکە زانیم کە لە گەڵ ئافرەتی تردایە و ئەچێت بۆ شوێنی تر و زۆر شتی خراپ و نابەجێ و ناشەرعی ، بۆیە کە دڵنیا بووم لە گەڵی بمێنمەوە ئەوا خۆم و دینەکەم و شەرەفم لە دەست ئەدەم بۆیە جیابوومەوە پێش چەند مانگێك ، ئەو کاتە سکم نەگەشتوە چل ڕۆژ بێ پرسی ئەو منداڵەکەم لەبار برد ، هەندێك جار زۆر هەست بە تاوان دەکەم ، ئایا تاوانم کردووە بێ پرسی ئەو ئەو کارەم کردوە ؟**

**وەڵام :** لەبار بردنی منداڵ تاوانە و دروست نییە ، وە ئەگەر ڕۆحی بە بەردا کرابێت ئەوا دەبێتە کوشتن (قەتل) کە یەکێکە لە تاوانە گەورەکان ، وە زانایانی ئیسلام جیاوازییان تێدایە سەبارەت بە کاتی (ڕۆح بە بەراکردنی منداڵ) ئایا لە (٤٠) چل ڕۆژەی پەیدا بوونییەوە دەبێت یان لە (١٢٠) چوار مانگانەوە دەبێت ، جا ئەو حاڵەتەی تۆ پێی تاوانبار دەبی بەڵام بە کوشتن (قەتل) حیساب ناکرێت (إن شاء الله) چونکە پێش چل ڕۆژ بووە ، بۆیە پێویستە لە سەرت تەوبە بکەیت و داوای لێبووردن لە خوا بکەیت و پەیشمان ببیتەوە لەو کارەت .

ئەمە لە لایەکەوە ، لە لایەکی تریشەوە تۆ بە بێ پرسی (مێردەکەت) منداڵەکەت لە بار بردووە ئەمەش تاوانە چونکە ئەو منداڵە حەقی ئەویشی تێدا هەبووە لە بەر ئەوەی بەشێکی هی ئەویش بووە ، بەڵام ئەم تاوانەش بە تەوبە کردن و پەشیمان بوونەوە و بەخۆداچوونەوە خوا لێت خۆش دەبێت (إن شاء الله) .

بەڵام بە پێویستی دەزانم کەوا هەندێك شتت بۆ ڕوون بکەمەوە :

١ ـ پێویستە لە سەر ئافرەت و (هەروەها لە سەر سەرپەرشتیارەکەشی بە تایبەت لە باوك و برا و کەسوکاری) کەوا پێش ئەوەی شووبکات و بە شووبدرێت بیربکاتەوە و پرسیار بکات و بکەن : ئایا ئەو کوڕەکەی کە هاتووەتە خوازبێنی ئەو کچە کێیە ؟ وە ئایا دین و ئەخلاق و ڕەوشتی چۆنە ؟

بەڕاستی نابێت نە کچەکە خۆی و نە سەرپەرشتیارەکەشی زوو بە زوو بڕیارێکی سەرپێیانە بدەن و پێش تێڕوانین و پرسیار کردن و هەڵسەنگاندنی کوڕی خوازبێنیکار ئەو بڕیارە ترسناکە بدەن ، بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ لەم بارەیەوە فەرموویەتی : ((إذا أتاكم من ترضون دينه وخلقه فأنكحوه ، إنْ لا تفعلوه تكن فتنة في الأرض وفساد كبير)) [صحيح سنن الترمذي رقم : (١٠٨٤)] .واتە : ئەگەر کەسێك هات بۆ خوازبێنی ژن لێتان لە دین و ئەخلاقی ڕازی بوون ئەوا ژنی بدەنێ ، ئەگەر وا نەکەن ئەوا فیتنە و ئاشوب و فەساد و بەدڕەوشتییەکی گەورە ڕوودەدات لە زەویدا .

لە ڕوانگەی ئەم فەرموودەیەوە ئاشکرا دەبێت تۆ هەر لە سەرەتاوە هەڵەت کردووە لە شووکردنت بەو

کوڕەی کە خۆت دەڵێیت : (چونکە زانیم کە لە گەڵ ئافرەتی تردایە و ئەچێت بۆ شوێنی تر و زۆر شتی خراپ و نابەجێ و ناشەرعی ، بۆیە کە دڵنیا بووم لە گەڵی بمێنمەوە ئەوا خۆم و دینەکەم و شەرەفم لە دەست ئەدەم) ! ! !

٢ ـ بەڕاستی زۆر چاکت کردووە کەوا زوو فریای خۆت کەوتوویت و لێی جیابوویتەتەوە بە مەبەستی ئەوەی (خۆت و دینەکەت و شەرەفت لە دەست نەدەیت) ، ئەمەش بەڵگەیە لە سەر لە خوا ترسان و خۆپارێزیت لەوەی کە زیان بە دین و شەرەفت دەگەیەنێت .. جا ئەمە نیشانەی ئیمان و ڕەوشت بەرزی و ئەدەب و شەرم و حەیا و حیشمەتە ..

چونکە بەڕاستی هاوەڵێتی کردن و هاوسەرێتی و خێزانداریێتی لە گەڵ کەسێکی بێ دین و ڕەوشت خراپدا ووردە دین و ئەخلاقت پێناهێڵێت و ژیانی دونیا و دینت دەسوتێنێت ، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ لەم بارەیەوە فەرموویەتی : ((الـــمَرْءُ على دين خليله ، فلْينظُرْ أحدُكم مَنْ يُخالِـــلْ ؟)) [صحيح أبي داود رقم : (٤٨٣٣)].واتە : مرۆڤ لە سەر دینی برادەرەکەیەتی ، جا با یەکێك لە ئێوە بڕوانێت بۆ ئەوەی بزانێت برادەرێتی و تێکەڵی کێ دەکات ؟

ئەمە بە نیسبەت برادەرەوە ، کەواتە هاوسەر لە پێش ترە !

هەروەها پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەم بارەیەوە فەرموویەتی : ((لا تُصاحِبْ إلاَّ مؤمناً ، ولا يأكلْ طعامك إلاَّ تَقي)) [صحيح أبي داود رقم : (٤٨٣٢)]

واتە : هاوەڵێتی ئیماندار نەبێت نەیکەیت ، وە با کەس خواردنت نەخوات ئیللا کەسێکی لە خوا ترس و خۆپارێز لە تاوان نەبێت . (مامۆستا محمد عبد الرحمن)

**٢٧- ئایا ڕاستە دەڵێن نابێت ئافرەت بە لەشگرانی یەوە شیر بداتە منداڵەکەی ؟**

**وەڵام :** هیچ بەڵگەیەك نەهاتووە لە سەر نادروستێتی و ڕێنەدان بە شیردانی ئافرەت لە کاتی لەش گرانیدا .

(مامۆستا محمد عبد الرحمن)

**٢٨- ئەگەر کەسێ لەبەر سك پڕی توانای نوێژکردنی نەبێ ئەوە تاچەند گوناهە؟ بۆ نموونە من پێشتر نوێژم کردووە بەڵام ئێستا سکم حەوت مانگانە توانام نیە وەك پێویست نوێژەکانم بکەم و بەرێك وپێکی بەرێوەیان بەرم ئەمە تا چەند گوناحە وە من دەبێ چی بکەم لەمحاڵەتەدا ؟ زۆرسوپاس بۆ وەڵام دانەوەتان .**

**وەڵام :** سك پڕی یان بوونی حەمل بە هیچ شێوەیەك نابێتە ڕێگر لە ئەنجامدانی نوێژە فەرزەکان ، بەڵام بەڕاستی جێی سەرسوڕمانە ئایا بۆ سك پڕی وای لێتکردووە کە نەتوانی نوێژەکانت وەك پێویست بکەیت ؟! ئایا هەزاران بەڵکو ملیونەها ئافرەتی موسڵمان بە درێژای سەدها ساڵە بۆ سك پڕی ڕێی نوێژی لێنەگرتوون ؟!

وە ئەگەر مەبەست ئەوە بێ کە لە کاتی نوێژدا ناتوانیت بە پێوە بوەستی ئەوا دەتوانیت بە دانیشتەوە نوێژەکەت بکەیت وە ئەگەر بە دانیشتنەوە نەتتوانی ئەوا بە هەڵاژیانەوە بیکە بەڵگەی ئەم فەرموودەیە کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((صَلِّ قائماً فإنْ لــم تستطع فقاعدا فإن لــم تسنطع فعلى جنب)) .صحيح البخاري رقم (١١١٧)

واتە : بە پێوە نوێژ بکە ئەگەر نتتوانی ئەوا بە دانیشتنەوە وە ئەگەر نەتتوانی ئەوا بە سەر لادا بیکە .

وە ئەگەر لە کاتی رکوع و سوجدەدا ناتوانیت زۆر بوەستیت ئەوا تەنها یەك جار (سبحان ربــي العظيم) و (سبحان ربــي الأعلى) بڵێ .

(مامۆستا محمد عبد الرحمن)

**٢٩- سڵاوی خوای گەورەتان لــێ بێ بەڕێزان خوای گەورە عیلم و زانیاریتان پێ ببەخشێت بۆ خزمەتکردنی دینی ئیسلام ، برا گیان من هاوسەریکم بۆ خۆم هەڵبژاردووە لە خوا بە زیاد بێت نوێژ دەکات و قورئان دەخوێنێ بەڵام لەچك ناکات وە جل و بەرگی کورتیش لەبەر ناکات منیش ڕازی بووم بەوەی کەی قەناعەتت بۆ دروست بوو بیکەیت ئەویش وەعدی داوە ، ئایا من غەڵتم نەکردووە لە ڕازی بوونم لەسەر ئەو مەرجە چونکە من لەم ئاراستەیە سەیرم کرد کە نوێژ بکات** إن شاء الله **خوای گەورە هیدایەتی ئەدات بۆ لەچکەکەش ، برایان ئایا لای خوا گوناهبارم یان نا بۆ ئەم کارە کە کردوومە ؟**

**وەڵام :** لەچك نەکردن لە کاتی دەرچووندا بۆ بازاڕ و پێش چاوی نامەحرەم کارێکی حەرامە و تاوانێکی گەورەیە و پێچەوانەکردنی ئەم بەڵگانەیە :

- خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَقُل لِّلْمُؤْمِنَٰتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَٰرِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا ۖ وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَىٰ جُيُوبِهِنَّ ۖ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ ... وَلَا يَضْرِبْنَ بِأَرْجُلِهِنَّ لِيُعْلَمَ مَا يُخْفِينَ مِن زِينَتِهِنَّ ۚ وَتُوبُوٓا۟ إِلَى ٱللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَ ٱلْمُؤْمِنُونَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴿٣١﴾ ﴾ [النــور] .

واتە : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ بڵی بە ئافرەتانی ئیماندار چاویان بنوقێنن لە نامەحرەم و دامێنیان بپارێزن و جوانی خوایان دەرنەخەن تەنها ڕوومەت و هەردوو لەپیان نەبێت و با سەرپۆشەکانیان (لەچکەکانیان) ڕاخەن بە سەر گەردنیاندا و جوانی خوایان دەرنەخەن ... وە با پێیان نەدەن بە زەویدا بۆ

www.ba8.org

ئاشکراکردنی جوانی‌یە شاراوەکانیان ، وە تەوبە بکەن و بگەڕێنەوە بۆ لای خوا هەمووتان ئەی باوەڕداران بۆ ئەوەی سەرفراز و بەختەوەر بن .

ـ پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ((صنفان من أهل النار لـــم أرهما : ( وذكر منها ): نساء كاسيات عاريات مائلات مــميلات رؤوسهن كأسنمة البخت الــمائلة ، لا يدخلنَّ الــجنة ولا يــجدن ريـــحها ، وإنَّ ريـــحها ليوجد من مسيرة كذا وكذا )) [صحيح مسلم رقم : (٢١٢٨)] .

واتە : دوو بەش لە ئەهلی دۆزەخ هەن من نایانبینم : ... ئافرەتانێك جلیان لەبەردایە و ڕووتیشن بەلارولەنجەوە ڕێدەکەن و سەرەنجی پیاوان ڕادەکێشن بۆ خۆیان و سەریان وەك سەر پشتی ووشتر وایە (قژیانی لە سەر کۆدەکەنەوە) ، ئەو ئافرەتانە ناشنە ناو بەهەشتەوە و بۆنیشی ناکەن ...

مەبەست بە (کاسیات عاریات) ئەوەیە کە ئافرەتێك جلی لەبەردایە بەڵام هەموو لاشەی نەپۆشیوە بۆ نموونە جلێکی تەنك لەبەر بکات کە لەشی لێیەوە دیارە یان جلێکی کورت بێت کە بەشێك لە لاشەی بەدەر دەکەوێت وەك سەر و مل و گەردن و قۆڵ و قاچەکانی ، ئەمانەش لەو کەسانەن کە ناچنە بەهشتەوە و بۆنی بەهەشتیش ناکەن ، مەگەر دوای تۆبە کردن .

کەواتە دەبێت خێزانت تەوبە بکات و پەشیمان ببێتەوە لەو تاوانە و هەموو تاوانەکانی .

وە بە نیسبەت ئەوەوە کە دەڵێت نوێژ دەکات و قورئان دەخوێنێت بەڵام لەچك ناکات !!!

بەڕاستی جێی سەرسوڕمانە کەوا ئافرەتێکی نوێژگەر و قورئان خوێنن لەچك نەکات ! بۆ ؟!چونکە خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿وَأَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَۖ إِنَّ ٱلصَّلَوٰةَ تَنْهَىٰ عَنِ ٱلْفَحْشَآءِ وَٱلْمُنكَرِ ﴿٤٥﴾﴾ [العنكبوت] . واتە : نوێژ بە ڕێکوپێکی ئەنجام بدە ، وە بەڕاستی نوێژ ڕێگری دەکات لە خراپە و تاوان .

نەکردنی لەچکیش خراپە و تاوانە و دەبێت نوێژەکەی ڕێگری ئەو تاوانەی لێبکات .

هەروەها خوا لە قورئاندا فەرمانی کردووە بە لەچك کردن وەك لە ئایەتەکەی پێشەوەدا هاتووە ، کەواتە با ڕەفتار بکات بەو قورئانەی کە دەیخوێنێت .

کەواتە لەچك نەکردنی خێزانت هەڵەیە و ڕازی بوونی تۆش بەو کارە هەر هەڵەیە و تاوانبارتان دەکات و دەبێت هەردووکتان تەوبە بکەن .(مامۆستا محمد عبد الرحمن)

**٣٠- خێزانم لە مانگی ڕەمەزان نەیتوانی بەڕۆژوو بێت لەبەر ئەوەی دووگیان بوو بەهیچ شێوەیەك نەیتوانی زیاتر لە دوو ڕۆژ بەڕۆژوو بێت لەبەر زۆری ڕشاندنەوەی و تێك چوونی باری تەندروستی تكایە بۆم ڕوون بكەنەوە كەوا بەس بەڕۆژوو بێتەوە یان كەفارەتی لەگەڵدا بدات؟**

**وەڵام :** ئافرەتی سك پڕ و شیردەر ئەگەر لە خۆیان و منداڵەكانیان بترسن و لە تاوانایاندا نەبێت ڕۆژوو بگرن ئەوا بە ڕۆژوو نابن و هەموو ڕۆژێك خواردنی هەژارێك دەدەن و قەزاكردنەوەیان لە سەر نییە .

(ابن عباس) فەرموویەتی :((الحُبْلَى والمُرْضِعُ إِذَا خَافَتَا أَفْطَرَتَا وَأَطْعَمَتَا كُلَّ يَوْمٍ مسْكِيْنًا)).

واتە : ئافرەتی سك پڕ و شیر دەر ئەگەر لە خۆیان و منداڵەكانیان ترسان ئەوا بە ڕۆژوو نابن و بۆ هەموو ڕۆژێك خواردنی هەژارێك دەدەن .

وە لە ( مالك )ەوە دەگێڕنەوە ئەویش لە (نافع )ەوە كە (ابن عمر) پرسیاری لێ كرا دەربارەی ئافرەتی سك پڕ ئەگەر لە منداڵەكەی ترسا ، فەرمووی : " تُفْطِرُ وَتُطْعِمُ مَكَانَ كُلَّ يَوْمٍ مسْكِيْنَاً مُدًّا مِنْ حنْطَة " ، واتە : ڕۆژوو ناگرێت و بەرامبەر بە هەر ڕۆژێك خواردنی هەژارێك دەدات (مُدّ)یك لە گەنم .

وە لە ( ابن عمر )ەوە دەیگێڕنەوە كە فەرموویەتی : " الحَامِلُ وَالمُرْضِعُ تُفْطِرُ وَلا تَقْضِي " ، واتە : ئافرەتی سك پڕ و شیردەر ڕۆژوو ناگرێت و قەزاشی ناكاتەوە.

وە لە ڕێگەیەكی ترەوە : " أنَّ امْرَأتَهُ سَأَلَتْهُ وَهِيَ حُبْلَى ، فَقَالَ : أَفْطِرِي وَأَطْعِمِي عَنْ كَلِّ يومٍ مسْكِيْنَاً وَلا تَقْضِي " ، وە لە ڕێگەی سێیەمەوە هەر لەوەوە ﷛ : " أنَّ بِنْتَاً لَهُ كَانَتْ تَحتَ رَجُلٍ مِنْ قُرَيْش ، وَكَانَتْ حَامِلاً ، فَأَصَابَهَا عَطَشٌ فِي رَمَضَان ، فَأَمَرَهَا أَنْ تُفْطِرَ وَتُطعِمَ عَنْ كُلِّ يَوْمٍ مسْكِيْنَاً ".

وە تەنها فیدیە دانی لە سەرە بە بێ قەزاكردنەوە ، لە (ابن عباس) ەوە دەگێڕنەوە كە یەكێك ـ لەو كەنیزەكانەی كە منداڵی لێی هەبوو (أم ولد) ـ بە سك پڕی یان شیردەری بینی و فەرمووی : " أَنْتِ مِن الَّذينَ لا يُطِيْقُونَ ، عَلَيْكِ الجَزَاءُ ، وَلَيْسَ عَلَيْكِ القَضَاءُ ".واتە : تۆ لەوانەی كە توانای ڕۆژوویان نییە ، فیدیەدانت لە سەرە نەك قەزا كردنەوە .بڕوانە كتێبی : (**چۆنێتی ڕۆژووی پێغەمبەر ﷺ**) (مامۆستا عدنان بارام)

www.ba8.org

**٣١ و ٣٢ -سەرەتا دەست خۆشی ئەم بەرنامە جوانەی سایتی بەهەشتان لێدەکەم .**

**بەڕێزان بەئەرك نەبێت دوو پرسیارم هەیە.**

**١ـ ئایا لە کاتێکدا کەمن بەڕۆژوم دەتوانم لەگەڵ خێزانەکەم جووت ببم .**

**٢ـ وەئایا دەتوانم ماچی خێزانی خۆم بکەم وەلەسەر جێگا لەباوەشمدا بێت بەبیٰ جووت بوون . لەگەڵ ئەوەشداکەمن بەڕۆژوم . ( زۆرسوپاستان دەکەم )**

**وەڵامی پرسیاری یەکەم :** زانایان جووت بوونیان لەگەڵ خێزاندا بە بەتاڵ کەرەوەی ڕۆژوو داناوە ، لەوانە : ئیمامی ( **الشوكاني** ) لە کتێبی : (**الدراى المضية**) دا : ( ٢ / ٢٢) فەرموویەتی : ( جووت بوون لە گەڵ خێزان دار ڕۆژوو بەتاڵ دەکاتەوە ئەگەر کەسێك ئەنجامی بدات بە ئەنقەستەوە ، بەڵام ئەگەر لە کاتی لە بیر چووندا ئەنجام بدرێت ، هەندێك لە زانایان دەیخەنە ڕیزی ئەو کەسەی خواردن و خواردنەوەی خواردبێت لە کاتی لە بیر چوون دا ) .

هەروەها ئیمامی ( **ابن القيم** ) لە کتێبی : ( **زاد المعاد** ) دا : ( ٢ / ٦٠ ) فەرموویەتی : (( بەڵگەی قورئان لەسەر ئەوەیە کە جووت بوون لەگەڵ خێزان دا ڕۆژوو بەتاڵ دەکاتەوە ، هەر وەکو چۆن خواردن و خواردنەوە ڕۆژوو بە تاڵ دەکەنەوە ، خیلافیش لەوەدا نیە )) .

بەڵگەش لە سەر ئەوەی کە ڕۆژوو گرتن خۆگرتنەوەیە لە جووت بوون لەگەڵ خێزاندا هەروەها لە خواردن و خواردنەوە ، وە هەر کەسێك ڕۆژووەکەی بە تاڵ بکاتەوە بە جووت بوون لەگەڵ خێزاندا ، پێویستە لەسەر ڕۆژووەکەی قەزا بکاتەوە و کەفارەتیش بدات ، بەڵگەش لەسەر ئەمە فەرموودەی ( **أبو هريرة**) یە ﵁ کە لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە و دەفەرمووێت : " **أَتَاهُ رَجُلٌ فَقَالَ : يَا رَسُولَ اللهِ هَلَكْتُ ؟ قَالَ : وَمَا أَهْلَكَكَ ؟ قَالَ : وَقَعْتُ عَلَي امْرَأَتِي فِي رَمَضَانَ ، قَالَ : هَلْ تَسْتَطِيعُ أَنْ تَعْتِقَ رَقَبَةً ؟ قَالَ : لا ، قَالَ : هَلْ تَسْتَطِيعُ أَنْ تَصُومَ شَهْرَيْنِ مُتَتَابِعَيْنِ ؟ قَالَ : لا ، قَالَ: فَهَلْ تَسْتَطِيعُ أَنْ تُطْعِمُ سَتِّينَ مِسْكِينَا ؟ قَالَ : لا قَالَ : اجْلِسْ ، فَجَلَسَ ، فَأُتِيَ النَّبِيُّ** صلى الله عليه وسلم **بِعَرَقٍ فِيهِ تَمْرٌ ، قَالَ : تَصَدَّقْ بِهِ ، قَالَ : مَا بَيْنَ لابَتَيْهَا أَحَدٌ أَفْقَرَ مِنَّا ، قَالَ : فَضَحِكَ النَّبِيُّ** صلى الله عليه وسلم **حَتَى بَدَتْ أَنْيَابُهُ ، قَالَ : خُذْهُ فَأَطْعِمْهُ أَهْلَكَ** " ( ثبت الحديث بألفاظ مختلفة عن البخاري : (٥١٦/١١) رقم : (٦٧٠٩) و (١٩٣٦) ، ومسلم رقم : (١١١١) ، والترمذي رقم : (٧٢٤) ، والبغوي : (٢٨٨/٦) ، وأبي داود رقم : (٢٣٩٠) ، والدارمي : (١١/٢) ، وابن ماجه رقم : (١٦٧١) ، وابن أبي شيبة : (١٨٣/٢ ــ ١٨٤) ، وابن خزيمة : (٣ /٢١٦) ، وابن الجارود رقم : (١٣٩) ، والشافعي رقم : (٢٩٩) ، ومالك : (١ / ٢٩٧) ، وعبدالرزاق : (٤ / ١٩٦) . وأرسله بعضهم ، ووصله جلهم ، وصحت عند بعضهم زيادة : " **اقضي يوما مكانه** " وقد صححها الحافظ ابن حجر في (الفتح) : (٥١٦/١١) ، وهو كما قال ، والعرق : زنبيل منسوج من بسائج الخوص . **واتە : زەمبیلێکی چنراو لە شوڵی دار )** .

واتە : پیاوێك هاتە خزمەتی پێغەمبەر ﷺ و پێی فەرموو : تیاچووم ئەی پێغەمبەری خوا ، ئەویش پێی فەرموو : چی لە ناوی بردیت ؟ فەرمووی : لەگەڵ خێزانەکەمدا جووت بووم لە مانگی ڕەمەزاندا ، فەرمووی : ئایا دەتوانیت کۆیلەیەك ڕزگار بکەیت ؟ فەرمووی : نەخێر ، فەرمووی : ئایا دەتوانیت دوو مانگ لە سەر یەك بە ڕۆژوو بیت ؟ فەرمووی : نەخێر ، فەرمووی : ئایا دەتوانیت خواردنی

شەست هەژار بدەیت ؟ فەرمووی : نەخێر ، فەرمووی باشە دانیشە و چاوەڕێ بکە ، ئەویش دانیشت ، لەو کاتەدا سەبەتەیەك خورمایان هێنا بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ئەم خورمایە بەرەو بیکە بەخێر ، فەرمووی : لە نێوان ئەم پەڕو ئەو پەڕی ئەم شارەدا کەسێکی تر نیە لە ئێمە هەژارتر بێت ، ( **أبو هريرة** ) رضي الله عنه دەفەرمووێت : پێغەمبەری خوا ﷺ پێکەنی تا دانەکانی دەرکەوت و فەرمووی : بیبە ، بە خواردنی خێزانەکەتی دە .

کەواتە ناتوانیت لە کاتێکدا کە بە ڕۆژوو دەبیت لەگەڵ خێزانەکەتدا جووت ببی.

**وە سەبارەت بە پرسیاری دووەم** دەڵێم ماچ کردن و دەست بازی بۆ ڕۆژووان لە گەڵ خێزانی خۆیدا شتێکی ڕێپێدراوە ، بەڵام بەمەرجێ توای خۆڕاگرتنیان هەبێت ، نەکو بکەونە تاوانی جووت بوونەوە ، کە ماچ کردن و دەستبازی کردن دەرگایەکە بۆی ، بەڵگەش ئەو فەرموودەیەیە کە لە ( **عائيشة** ) وە - ڕەزای خوای لێبێت - سەلمێنراوە فەرموویەتی : " **كَانَ رَسُولُ اللهِ ﷺ يُقبِّلُ وَهُوَ صَائِمٌ وَيُبَاشِرُ وَهُوَ صَائِمٌ ، لَكِنَّه كَانَ أَمْلَكَكُمْ لِإِرْبِهِ** " ( أخرجه البخاري : ( ٤ / ١٣١ ) رقم : ( ١٩٢٧ ) ، ومسلم رقم : ( ١١٠٦ ) ) .

واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ ماچی دەکرد لەکاتی بەڕۆژوو بوونی دا و دەسبازیشی لەگەڵ خێزانەکانیدا دەکرد لە کاتی بە ڕۆژوو بوونی دا ، بەڵام لە هەمووتان زیاتر توانای بە سەر خۆیدا هەبوو .

لە گەڵ بوونی ( **کەراهەت** ) بۆ لاوان و گەنجان ، یان کەسانێك کە متمانەیان لە سەر خۆیان نیە ، جگە لە پیران بەڵگەی ئەوەش ئەم فەرموودەیەیە کە ( **عبد الله** ) ی کوڕی ( **عمرو** ) ی کوڕی ( **العاص** ) رضي الله عنه دەگێڕێتەوە و دەفەرمووێت : " **كُنَّا عِنْدَ النَّبِيِّ ﷺ فَجَاءَ شَابٌ ، فَقَالَ : يَا رَسُولَ اللهِ أُقَبِّلُ وأنا صَائِمٌ ؟ قَالَ : لا ، فَجَاءَ شَيْخٌ فَقَالَ : أُقَبِّلُ وأنَا صَائِمٌ ؟ قَالَ : نَعَم ، قَالَ : فَنَظَرَ بَعْضُنَا إلَى بَعْضٍ ، فَقَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ : إنَّ الشَّيْخَ يَمْلِكُ نَفْسَهُ** " ( أخرجه أحمد : ( ٤ / ١٨٥ و ٢٢١ ) من طريق ابن لهيعة ، عن يزيد بن أبي حبيب ، عن قيصر التجيبي عنه ، و سنده ضعيف ، لضعف ابن لهيعة . وله شاهد أخرجه الطبراني في ( الكبير ) رقم : ( ١١٠٤٠ ) من طريق حبيب بن أبي ثابت ، عن مجاهد ، عن ابن عباس ، و حبيب مدلس ، وقد عنعنه . فهو به حسن ، و يراجع له ـــ لزاما ـــ ( الفقيه و المتفقه ) ص : ( ١٩٢ ـــ ١٩٣ ) ، فإن له طرقا أخرى ) .

واتە : لاوێك هات و پرسی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ماچی خێزانەکەم بکەم لە کاتی بە ڕۆژوو بوونم ؟ فەرمووی : نەخێر ، پاشان پیاوێکی پیر هات و پرسی : ئەی پێغەمبەری خوا ماچی خێزانەکەم بکەم لە کاتی بە ڕۆژوو بوونم ؟ فەرمووی : بەڵێ . (**عبد الله** ) فەرمووی : ئێمەش هەندێکمان سەیری هەندێکی ترمانی کرد ، پاشان پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : پیاوی پیر توانای بەسەر خۆیدا هەیە .

بۆ زانینی زیاتر سەبارەت بە ئەحکامەکانی ڕۆژووان ، و چۆنێتی ڕۆژووی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم ) لە ڕەمەزاندا ، ئەم کتێبە بخوێنەوە ( **چۆنێتی ڕۆژووی پێغەمبەر** (صلى الله عليه وسلم ) **لە ڕەمەزاندا** ) ... خوای گەورەش زاناترە .

(مامۆستا عدنان بارام)

www.ba8.org

**٣٣و٣٤ - من مێردم هەیە و ئێستا ڕەمەزانە من بەڕۆژوو دەبم بەڵام پرسیارەکەم ئەوەیە :**

**١ / ئایا دەتوانم لەگەڵی بخەوم شەوانە ؟**

**٢ / یان کە بەڕۆژوو بوم دەتوانم ماچی بکەم یان ماچم بکات ؟**

لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا دەڵێم : لە پێشدا هاوەڵانی پێغەمبەرمان محمد ﷺ ئەگەر یەکێکیان بە ڕۆژوو ببوایەن و کاتی ڕۆژوو شکاندنیان بهاتبایە خواردن و خواردنەوەیان دەخوارد و لە گەڵ خێزانەکانیاندا جووت دەبوون پێش ئەوەی بخەون ، بەڵام ئەگەر هەر یەکێکیان خەوی لێ بکەوتبایە پێش نان خواردنی ئێواران هیچ لەوانەی بۆ حەڵاڵ نەبوو ئەنجامی بدات لە خواردن و خواردنەوەو جووت بوون لەگەڵ خێزانەکانیان تا ڕۆژەکەی تر ، پاشان خوای بە توانا و بەخشندە ڕەحمەتی خۆی بەسەردا ڕشتن .

بەوەی کە مۆڵەتی ئەوەی دان ئەو کارانە ئەنجام بدەن تا پێش دەرکەوتنی فەجر ، ئەوانیش ئەو شتەیان پێ خۆش بوو ، ڕوون کەرەوەی ئەم ڕووداوە ئەم فەرموودەیەیە : کە لە ( البراء) ی کوڕی ( عازب) ەوە ﵁ دەگێڕنەوە فەرموویەتی : " كَانَ أَصْحَابُ النَّبِيِّ صلى الله عليه وسلم إِذَا كَانَ الرَّجُلُ صَائِمًا ، فَحضَرَالإفطَار ، فَقَالَ قَبْلَ أَنْ يُفْطِرَ ، لم يَأكُل لَيْلَتِهِ ولا يَوْمِهِ حَتى يُمْسِي ، وإنَّ قيسَ بن صِرْمَةِ الأنْصاري كَانَ صَائِمَاً ، فَلَمَّا حضرَ الإفْطَارُ أَتَى امرأتِهِ فَقَالَ لها : أَعِنْدَكَ طَعَامٌ ؟ قَالَتْ : لا ، ولكِن أنطَلِقُ فَأَطْلُبُ لَكَ ، وَكَانَ يَومُهُ يَعْمَل ، فَغَلَبَتْهُ عَيْنَاهُ ، فَجَاءَت امرأتُهُ ، فَلَمَّا رَأَتْهُ قَالَتْ : خَيْبَةٌ لَكَ ( ئەم ووشەیە کاتێك ئەوترێت : کەسێك بە داواکاری یان بە مەرامی خۆی نەگات ) ، فَلَمَّا انْتَصَفَ النَّهارُ غُشِيَ عَلَيْهِ ، فَذُكِرَ ذَلِكَ لِلنَّبِيِّ صلى الله عليه وسلم ، فَنَزَلَتْ هَذِهِ الآية : ﴿ أُحِلَّ لَكُمْ لَيْلَةَ الصِّيَامِ الرَّفَثُ إِلَى نِسَآئِكُمْ ﴾ ، فَفرِحُوا بِذَلِكَ فَرَحَاً شَدِيْدَاً ، وَنَزَلَتْ : ﴿ وَكُلُواْ وَاشْرَبُواْ حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَكُمُ الْخَيْطُ الأَبْيَضُ مِنَ الْخَيْطِ الأَسْوَدِ مِنَ الْفَجْرِ﴾ ( أخرجه البخاري : ( ٤ / ٩١١ ) رقم : ( ١٩١٥ ) ) .

واتە : هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ ئەگەر یەکێکیان بە ڕۆژوو ببوایە و کاتی شکاندنی بهاتایە و ئەو کاتە بڕۆشتبایە بێ ئەوەی نان بخوات ئەوا ئەو شەوە و ڕۆژیش تا ئێوارە بەسەر دەهات هیچی نە دەخوارد . جارێکیان کە ( **قیس** ) ی کوڕی (**صیرمة**) ەی ئەنصاری بە ڕۆژوو دەبێت و کە کاتی ڕۆژوو شکاندن دێت ، دێتە لای خێزانەکەی و پێی دەفەرمووێ : هیچ خواردنێکت لا هەیە ؟ ئەویش فەرمووی : نەخێر ، بەڵام ئەڕۆم بۆت داوا دەکەم ، کە چی ( **قەیس** ) لەبەر هیلاك بوونی لە کاری ڕۆژانەی خەوی لێ کەوت ، کەخێزانەکەی گەڕایەوە و بینی خەوی لێ کەوتووە فەرمووی : بە ئاواتی خۆت نەگەیشتی ، بەو هۆیەوە لە کاتی نیوەڕۆدا بورایەوە ، ئەوە لە لای پێغەمبەر ﷺ باس کرا لە ئەنجامدا ئەم ئایەتە دابەزی : ﴿ أُحِلَّ لَكُمْ لَيْلَةَ الصِّيَامِ الرَّفَثُ إِلَى نِسَآئِكُمْ ﴾ ، واتە : بۆتان هەیەو ڕەوایە لەمەو دوا لە شەوانی ڕۆژوو گرتندا ( تا کاتی دەرکەوتنی فەجر ) لەگەڵ خێزانەکانتان جووت ببن . هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ بەم شتە زۆر خۆشحاڵ بوون ، پاشان ئەم ئایەتە دابەزی : ﴿ وَكُلُواْ وَاشْرَبُواْ حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَكُمُ الْخَيْطُ الأَبْيَضُ مِنَ الْخَيْطِ الأَسْوَدِ مِنَ الْفَجْرِ ﴾ ، واتە : بخۆن و بخۆنەوە تا سپیایی ڕۆژتان بۆ لە تاریکی شەو ڕوون دەبێتەوە . ئەم سۆزە خواوەندیەی

کە خوای بەسۆز و خاوەن میهرەبانی ڕشتوویەتی بەسەر بەندە بێ فیز و گوێڕایەڵەکانیدا ، ئەو بەندانەی کە فەرموویان : ﴿ سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا غُفْرَانَكَ رَبَّنَا وَإِلَيْكَ الْمَصِيرُ ﴾ کاتی ڕۆژووی ڕۆژووان دیاری دەکات : دەست پێ کردن و کۆتای هاتنی ، ئەوەش لە دەرکەوتنی فەجرەوە تا پشت هەڵکردنی ڕۆژ و سەر هەڵدان و دەست پێ کردنی شەو ، وە بە نەمانی بازنەی خۆر لە ئاسۆدا .

کەواتە خەوتنی شەوانەی تۆ لە گەڵ مێردی خۆت کارێکی ڕەوایە و جووت بوونیشتان بەهەمان شێوە ، تا کاتی دەرکەوتنی فەجر یان گزنگی ڕاستگو کە سەرەتای دەست پێکردنی ڕۆژووەکەتە و کاتی نوێژی بەیانیە ، بەهەمان شێوە خەوتنی ڕۆژیش لە گەڵ مێردەکەت هەر ڕەوایە بەڵام ئەگەر متمانەت لە سەر ئەوە بێت کە ناکەونە جووت بوونەوە ، ئەو کاتە ئەگەر بترسیت نابێت لە گەڵیدا بە ڕۆژ بخەویت ، بۆ ئەوەی توشی تاوان نەبیت .

وە سەبارەت بە پرسیاری دووەم دەڵێم : **ماچ کردن و دەست بازی بۆ ڕۆژووان لە گەڵ مێردی خۆیدا شتێکی ڕێپێدراوە ، بەڵام بەمەرجێ توانای خۆڕاگرتنیان هەبێت ، نەکو بکەونە تاوانی جووت بوونەوە** ، کە ماچکردن و دەستبازی کردن دەرگایەکە بۆی ، بەڵگەش ئەو فەرموودەیەیە کە لە ( **عائیشة** ) وە ـ ڕەزای خوای لێبێت ـ سەلمێنراوە فەرموویەتی : **" كَانَ رَسُولُ اللهِ** صلى الله عليه وسلم **يُقَبِّلُ وَهُوَ صَائِمٌ وَيُبَاشِرُ وَهُوَ صَائِمٌ ، لَكِنَّه كَانَ أَمْلَكَكُمْ لِإرْبِهِ "** ( أخرجه البخاري : ( ٤ / ١٣١ ) رقم : ( ١٩٢٧ ) ، ومسلم رقم : ( ١١٠٦ )) .

واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ ماچی دەکرد لەکاتی بەڕۆژوو بوونی دا و دەسبازیشی لەگەڵ خێزانەکانیدا دەکرد لە کاتی بە ڕۆژوو بوونی دا ، بەڵام لە هەمووتان زیاتر توانای بە سەر خۆیدا هەبوو .

بەڵگەی ئەوەش کە ئەم کارە **(مەکروهە)** بۆ لاوان و گەنجان ، یان کەسانێك کە متمانەیان لە سەر خۆیان نیە ، جگە لە پیران :

( **عبد الله** ) ی کوڕی ( **عمرو** ) ی کوڕی ( **العاص** ) ﷺ دەگێڕێتەوە فەرموویەتی : **" كُنَّا عِنْدَ النَّبِيِّ** صلى الله عليه وسلم **فَجَاءَ شَابٌ ، فَقَالَ : يَا رَسُولَ اللهِ أُقَبِّلُ وأنا صَائِمٌ ؟ قَالَ : لا ، فَجَاءَ شَيْخٌ فَقَالَ : أُقَبِّلُ وأنَا صَائِمٌ ؟ قَالَ : نَعَم ، قَالَ : فَنَظَرَ بَعْضُنَا إلى بَعْضٍ ، فَقَالَ رَسُولُ اللهِ** صلى الله عليه وسلم : **إنَّ الشَّيخَ يَمْلِكُ نَفْسَهُ "** ( أخرجه أحمد : ( ٤ / ١٨٥ و ٢٢١ ) من طريق ابن لهيعة ، عن يزيد بن أبي حبيب ، عن قيصر التجيبي عنه ، و سنده ضعيف ، لضعف ابن لهيعة . وله شاهد أخرجه الطبراني في ( الكبير ) رقم : ( ١١٠٤٠ ) من طريق حبيب بن أبي ثابت ، عن مجاهد ، عن ابن عباس ، و حبيب مدلس ، وقد عنعنه . فهو به حسن ، و يراجع له ــ لزاما ــ ( الفقيه و المتفقه ) ص : ( ١٩٢ ــ ١٩٣ ) ، فإن له طرقا أخرى).

واتە : لاوێك هات و پرسی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ماچی خێزانەکەم بکەم لە کاتی بە ڕۆژوو بوونم ؟ فەرمووی : نەخێر ، پاشان پیاوێکی پیر هات و پرسی : ئەی پێغەمبەری خوا ماچی خێزانەکەم بکەم لە کاتی بە ڕۆژوو بوونم ؟ فەرمووی : بەڵێ . ( **عبد الله** ) فەرمووی : ئێمەش هەندێکمان سەیری هەندێکی ترمانی کرد ، پاشان پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : پیاوی پیر توانای بەسەر خۆیدا هەیە .

بۆ زانینی زیاتر سەبارەت بە ئەحکامەکانی ڕۆژووان ، و چۆنێتی ڕۆژووی پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) لە ڕەمەزاندا ، ئەم کتێبە بخوێنەوە ( **چۆنێتی ڕۆژووی پێغەمبەر** ( صلى الله عليه وسلم ) **لە ڕەمەزاندا** ) . وَآخِرُ دَعْوَانَا أَنِ

الْحَمْدُ لِلّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ. (مامۆستا عدنان بارام)

**٣٥- سڵاوی خوای گەورەتان لێ بێت بەڕێزان من پرسیارەکەم ئەمەیە : ئایا هیچ دوعایەك هەیە بۆ منداڵ بوون وە کامەیە و چۆن دەکرێت؟ خوا جەزاتان بداتەوە .**

**وەڵام :** دوعای تایبەت بۆ منداڵ بوون تا ئێستا هیچ دوعایەکم نەبینیوە کە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم هانمان بدات بۆ کردنی بەڵام دروستە هەر دوعایەکی بە زبانی خۆت و بەوەی کە خۆت پێی دڵخۆش بیت بیکەیت ئەگەر هەر دەتەوێت چاو لە پێغەمبەران و پێشینانی خۆت بکەیت کە چاکتریش ئەمەیانە ئەوە دوعاکەی (زکریا) بکە لە سورەتی ال عمران دا دەفەرموێ : ﴿ رَبِّ هَبْ لِي مِن لَّدُنْكَ ذُرِّيَّةً طَيِّبَةً إِنَّكَ سَمِيعُ الدُّعَاء﴾ (٣٨) سورة آل عمران

واتە : پەروەردگار نەوەی چاك و پاکم پێ ببەخشە بەڕاستی تۆ بیسەری دوعاو نزایت .

وە لە سورەتی الأنبیاء دەفەرموێ :﴿ رَبِّ لَا تَذَرْنِي فَرْدًا وَأَنتَ خَيْرُ الْوَارِثِينَ﴾(٨٩) سورة الأنبياء

واتە : پەروەردگار من بەتەنها مەهێڵەرەوە (نەوەیەکی چاك و پاکم پێ ببەخشە) تۆش چاکترین زاتێکی لە پاش من و هەموو مردووەیەك دەمێنیتەوە .

**(مامۆستا خليل أحمد)**

**٣٦- سڵاو بەڕێزان : ئەگەر کەسێك بە ژنەکەی بڵێت ئەگەر ئەو کارە تیکرار بکەیتەوە سێ جار سێ بەسێ تەڵاقت کەوتبێ وە ژنەکەی ئەو کارە تیکرار نەکاتەوە تەڵاقی کەوتوە یان نا؟ وە ئایا ئەگەر ژنەکە لە دوای دە ساڵی تر ئەو کارە دوبارە بکاتەوە تەڵاقی دەکەوێت؟**

**وەڵام :** ئەگەر کەسێك بە ژنەکەی وت ئەو کارە بکەی یان تیکرار بکەی تەڵاقت کەوتبێ یان سێ بە سێ تەڵاقت کەوتبێ یان سێ جار بڵێ تەڵاقت کەوتبێ ئەگەر ژنەکەی نەیکرد ئەوا هیچی لەسەر نییە قسەی خۆی بردۆتە جێ بەڵام ئەگەر ژنەکەی قسەکەی ئەمی شکاند ئەوە ئەو کاتە ئەم تەڵاقە پێی دەووترێت تەڵاقی (تعليق) پەیوەست ئەم جۆرەش دەبێتە دوو بەشەوە :

یەکەم : ئەگەر نیەتی تەڵاقدانی ببێت واتە وەك سوێندێك مامەڵەی لەگەڵ نەکات ئەوا پێی دەووترێت **(التعليق الشرطي)** ئەو کاتە تەنها یەك تەڵاقی دەکەوێ و هەر چەندێکی وتبێ .

دووەم : بەڵام ئەگەر نیەتی تەڵاقدانی نەبێت تەنها وەك سوێندێك بیخوات چۆن کەسێك بڵێت سوێند بە خوا ئەگەر ئەو شتە بکەیت یات تیکرار بکەیتەوە ئەوە پێی دەووترێت **(التعليق القسمي)** ئەمە ڕای پەسەند ئەوەیە تەڵاقی ناکەوێت ئەنجا ئەگەر کاتێکی تر ئەو کارە بکات وەکو نوسیوتە ١٠ ساڵ ئەم بەشەی پرسیارەکە حوکمی ئەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ مەبەستی پیاوەکە ئەو شتەی تەڵاقی لەسەر خواردووە و لێبوردنی پیاوەکە بەهەر حاڵ إن شاء الله تەڵاقی ناکەوێت چونکە گوزرانی ١٠ ساڵ دوایی سوێندەکە بەڵگەیەکی بەهێزە ئەو ژن و پیاوە توانیویانە بەیەکەوە بژین و نیازی لەیەك جیابوونەوەیان نییە .

**(مامۆستا خليل أحمد)**

**٣٧- سەیر کردنی فلمی ڕووت لە گەڵ خێزانی خۆت دا تاچەند گوناحە؟**

**وەڵام :** سەیرکردنی فلمی ڕووت خۆی گوناهە و هۆکاریشە بۆ گوناهی گەورە وخراپ تر ، ئەنجا بێ شەرمییەکی گەورەیە لەبەرامبەر خوادا و دوورکەوتنەوەیە لە ڕەحمەتی خوا ، بەڵام لەگەڵ خێزاندا تەماشای فیلمی خراپ سەرەڕای گوناهە بۆ خۆت گوناهی ئەویشت لەسەرە چونکە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی : (كلكم راعٍ وكلكم مسئول عن رعيته) واتە : ئێوە هەمووتان چاودێرن هەموشتان لێپرسراون بەرامبەر ژێردەستەکاناتن ئەم کارە نەك هەر گوناهە و بەس بەڵکو لەدەستدانی غیرەت و پیاوەتیشە چونکە کەسی ناوبراو بەم کارەی خێزانی ڕادەهێنێت لەسەر کاری خراپ و ئارەزوو و شەهوەت لە خێزانیدا دەجولێنێت وە ئاراستەی دەکات بۆ شتانێکی خراپ.

**(مامۆستا خليل أحمد)**

**٣٨- ئایا ڕابواردن لەگەڵ خێزانی خۆتدا لە ڕێگەی کۆمەوە بە کۆندۆمەوە دروستە؟**

**وەڵام :** ڕابواردن و جووتبوون لەگەڵ خێزاندا لە پاشەوە دروست نیە و یەکێکە لەتاوانە گەورەکان جا ئەگەر خستنە ژوورەوەی ئەندام بە ڕووتی بێت یان بە کوندومەوە (کیس) چونکە جێگای ڕابواردن لەگەڵ ئافرەتدا دیاری و دەست نیشان کراوە وەك خوای گەورە دەفەرموێ : ﴿ فَأْتُوهُنَّ مِنْ حَيْثُ أَمَرَكُمُ اللَّهُ ﴾ (٢٢٢) سورة البقرة .

**(مامۆستا خليل أحمد)**

**٣٩- ئایا هیچ ڕێگایەك هەیە كە بەدیلی جووت بوون بێت لەكاتی حەیزدا؟**

**وەڵام :** ئەگەر ئافرەت لە حەیزدا بوو وا چاکترە ئەو ماوەیە پیاو لێی دووربکەوێتەوە بەبەڵگەی ئەم ئایەتە : ﴿وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الْمَحِيضِ قُلْ هُوَ أَذًى فَاعْتَزِلُواْ النِّسَاء فِي الْمَحِيضِ وَلاَ تَقْرَبُوهُنَّ حَتَّىَ يَطْهُرْنَ فَإِذَا تَطَهَّرْنَ فَأْتُوهُنَّ مِنْ حَيْثُ أَمَرَكُمُ اللّهُ إِنَّ اللّهَ يُحِبُّ التَّوَّابِينَ وَيُحِبُّ الْمُتَطَهِّرِينَ﴾(٢٢٢) سورة البقرة

واتە :پرسیارت لێ دەکەن دەربارەی عادەتی مانگانەی ئافرەت پێیان بڵێ : ئەوە ئازار و زەرەرە کەوابوو خۆتان بەدووربگرن لە هاوسەرەکانتان کە لەو حاڵەتەدا بن و نزیکیان مەکەون تا پاك دەبنەوە جا کاتێك پاك و خاوێن بوونەوە و خۆیان شت بچنە لایان بەو شێوەیەی کە خوا فەرمانی داوە .

دروستیشە هەموو یارییەکی لەگەڵ بکات بەمەرجێ جیماعی لەگەڵ نەکات بەبەڵگەی ئەم فەرموودەیە و چەندین فەرموودەی تر (إصنعوا كلَّ شيء إلا النكاح) واتە : دروستە هەموو شتێکی لەگەڵ بکەن جیماع نەبێت هەروەها لە پاشەوە بەبەڵگەی تر قەدەغەکراوە وەك دەفەرموێ : (من أتى حائضاً فقد كفر ومن أتى امراة في دبرها فقد كفر...) هەروەها سێکسی دەم (الجنس الفموي)یش حەرامە لەبەر زیان و پیسێتی ئەو کارە .

**(مامۆستا خليل أحمد)**

**٤٠- ئەگەر ئافرەت لە (حيض) پاك بوویەوە پێش ئەوەی خۆی بشوات دروستە جیماعی لەگەڵ بکرێت؟**

**وەڵام :** بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

لەم مەسەلەیەدا چەند بۆ چونێکی جیاواز هەیە زۆربەی زانایان ئەڵێن گەر ئافرەت لە خوێنی حەیز پاك بوویەوە دەبێت (غوسل) بکات ئەنجا دروستە بۆ مێردەکەی جیماعی لەگەڵ بکات ئەم ئایەتەش دەکەنە بەڵگە کە خوای گەورە دەفەرموێ : ﴿وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الْمَحِيضِ قُلْ هُوَ أَذًى فَاعْتَزِلُواْ النِّسَاء فِي الْمَحِيضِ وَلاَ تَقْرَبُوهُنَّ حَتَّىَ يَطْهُرْنَ فَإِذَا تَطَهَّرْنَ فَأْتُوهُنَّ مِنْ حَيْثُ أَمَرَكُمُ اللّهُ ...﴾ (٢٢٢) سورة البقرة

واتە ئەی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم پرسیارت لێ دەکەن دەربارەی عادەتی مانگانەی ئافرەت پێیان بڵێ : ئەوە ئازار و زەرەرە کەوا بوو خۆتان بەدوور بگرن لە هاوسەرەکانتان کە لەو حاڵەتەدا بن و نزیکیان مەکەون تا پاك دەبنەوە ، جا کاتێك پاك و خاوێن بوونەوە خۆیان شت بچنە لایان بەو شێوەیەی کە خوا فەرمانی پێ داوە.

دەڵێن (فَإِذَا تَطَهَّرْنَ) کاتێك پاکبوونەوە واتە : بە ئاو ، ئەم زانایانەش وەك مالیك و شافعی و طبری بەڵام (مجاهد) و (عكرمة) و (طاوس) ئەڵێن تەنها نەمانی خوێن بۆ مێرد دروستە بچێتە لای و جیماعی لەگەڵ بکات. والله أعلم .

**(مامۆستا خليل أحمد)**

**٤١- ئەگەر ئافرەت لە گەڵ مێردەکەی خراپ بوو پاداشتی چیە؟**

**وەڵام :** بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

خوای گەورە فەرمانی کردووە بە تێکڕای موسڵمانان بە چاکبوون لە نێوان خۆیاندا بەرامبەر بە خودا وە ژنان بەرامبەر بە پیاوان و پیاوانیش بەرامبەر بە ژنان بەتایبەت ژن و مێرد دەبێ تەواو کەری یەکتر بن و ڕێز لەیەك بگرن وە دەبێ قسە لەیەکتر وەربگرن و ژنانیش گوێڕایەڵی مێردەکانی خۆیان بکەن جا خراب بوون لەگەڵ مێرد دا تاوانە و لەسنور دەرچوونە چونکە بۆ ڕاگرتنی شیرازەی خێزان ئاینی ئیسلام وا فێرمان دەکات و دەڵێ ئەگەر سوژدە بردن بۆ کەس و دروستکراوەکان ڕەوا بوایە ئەوا دەبو ئافرەت سوژدە بۆ مێردەکەی ببات بەڵام سوژدە بردن تەنها بۆ خودایە . ئەمەش لەبەر پاراستنی خێزانە و بەتایبەتیش بۆ پاراستنی خودی ئافرەتەکەیە لە گومڕابوون و توشبون بە تاوان .

**(مامۆستا خليل أحمد)**

**٤٢- من خێزاندارم حەز ناکەم خێزانەکەم پانتۆڵ و جلوبەرگێك کە من بەدڵم نەبێت لەبەری بکات بەڵام خێزانەکەم حەزدەکات لەبەری بکات زۆرجار گرفتی ئێمە لەسەر ئەوە دەبێت موشکیلەمان بەڵام من ناچارم قەبوڵی بکەم ئایا گوناهبار دەبم بەڵام لە دڵەوە زۆر پێم ناخۆشە کە لەبەری دەکات .**

**وەڵام :** بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

پانتۆڵ لەبەر کردن بۆ ئافرەتان دروست نیە پێویستە ئافرەتانی موسڵمان لە خوا بترسن و جوانی خۆیان دەرنەخەن و سەرنجی پیاوان بۆ لای خۆیان ڕانەکێشن چونکە بە هۆیانەوە ئەوان تووشی تاوان دەبن لەسەر پیاوانیش واجبە خێزانەکانیان قەدەغە بکەن لەم جۆرە کارانە وە پێویستە پیاوان دەسەڵاتداربن بەسەر ژنەکانی خۆیاندا چونکە لە ئایندەدا خۆیان و ژنەکانیان زیانیان پێ دەگات بەڵام ئەگەر هاتوو حەقی سەرشانی خۆی ئەنجام دا و بەڵام هەر سوودی نەبوو ئەوا ئەم تاوانبار نابێت بەڵام دەبێ چارەسەر بکرێت بەهەر حاڵێك بێت تەنانەت ئەگەر بە لەیەك جیابوونەوەش بێت چونکە ناشێ پیاوی موسڵمان خێزانی ئەو کارە بکات چونکە ئەم کارە لەم ئاستە ناوەستێ و سەر دەکێشێ بۆ شتی خراپتر ، وە ئامۆژگاری پیاوان دەکەم کە بە جوانی لەگەڵ خێزانەکانیاندا مامەڵە بکەن و سۆز و خۆشەویستیان بۆ بنوێنن هەرکات ئەمە بوو دڵنیابە ئافرەتانیش بەقسەی پیاوەکانیان دەکەن ئەگەر هەر سوودی نەبوو ئەوە پێویستە بگەڕێنەوە بۆ لای دادوەر بۆ ئەوەی کێشەکەیان بۆ چارەسەر بکات . واللە أعلم .

(مامۆستا خلیل أحمد)

**٤٣- بەناوی خوای گەورە سڵاوی خوات لێ بێ ئایا لە ڕێگەی ئینتەرنێت یان تەلەفۆن مارە برین دروستە لە حاڵەتی زەروریدا؟**

**وەڵام :** مارە کردن و ژن بە مێرددان لای زانایان چەندین مەرجی هەیە دوای ئەوەی هەردوو لا واتە : (کوڕ و کچ)موسڵمان بن وە لە ئیسلام دەرنەچوبن . ئەو مەرجانەش بریتین لە : (ڕەزامەندی کچ و کوڕ و سەرپەرشتی کردنی بەشوودان لەلایەن خاوەنی کچەوە ، مارەیی دانان ، بونی دوو شایەت ، داڕشتە (صیغة)ی گرێبەستی هاوسەرگیری) .

پێویستە (لای زۆربەی زانایان)بۆ هەموو ژن بە مێردانێك ئەم مەرجانە هەبێت ئەگەر نەبوون ئەوا ئەو هاوسەرگیریە دروست نەبووە ، جا ئەوەی کە لە پرسیارەکەدا هاتووە دەربارەی ژن بە مێرددان لەڕێگەی تەلەفۆنەوە یان ئینتەرنێت یان هەر دەستەواژەیەك لەم جۆرە ، بۆ وەڵامی ئەم شێوازە پێویستە دیراسەی ڕوکنەکانی ژن بە مێرددان بکەین ڕەزامەندی کچ و کوڕ ، دانانی مارەیی بۆ کچ ، پێدانی (إیجاب) و قەبوڵکردن لە لایەن مێردەوە ڕوبدات تا ئێرە کێشەمان نییە هەموو هەیە تەنها شایەتەکان جا ئەوانەی کە دەڵێن ئامادەبوونی شایەتەکان مەرجی دروست بوونی زەواجەکەیە دەڵێن لەبەر ئەوەی شایەتەکان لە گەڵ کچ و کوڕەکە لەیەك شوێندا کۆنابنەوە دروست نیە . بەڵام ئەوانەی کە ئەڵێن بوونی شایەت مەرجی دروستبوونی زەواجەکە نیە هەبوونی شتێکی باشە بەڵام مەرجیش نیە . وە ئەو فەرموودانەی کراون بە

بەڵگە بۆ ئەم مەسەلەیە هەموو لاوازن لەوانە حەدیسی (لا نكاح الا بوليّ وشاهدي عدل) رواه الدارقطني والطبراني والبيهقي ئەمە وەكو فەرموودەی (مرفوع) وەكو قسەی هاوەڵان (ابن عباس) وتوویەتی .

بۆیە ئەم مەسەلەیە دیراسەی زیاتری دەوێ بەڵام ڕای پەسەند إن شاء الله ئەوەیە ئەگەر شایەتیش نەبوو دروستە بەمەرجێ ئەو بە مێردانە ئاشكرا بكرێت وەكو شێخی ئیسلام ابن تیمیه ئەڵێ : ئەگەر ژن بە مێرددان شایەتیش نەبێت بەڵكو خاوەنی كچەكە بەشوی بدات و ئەم شوكردنەش لەناو خەڵكدا بڵاوبێتەوە دروستە لە مەزهەبی ئیمامی مالیكدا وە ڕیوایەتێك لە ئیمامی ئەحمەدەوە ئەم ڕاوبۆچونەش دیارترین و ڕونترین ووتەی زانایانە موسڵمانان لەسەردەمی پێغەمبەردا صلى الله عليه وسلم ژنیان بە شوو دەدا و پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمانی پێ نەدەكردن بە شایەت گرتن وە لە بەمەرجگرتنی شایەت لە هاوسەرگیری هیچ فەرموودەیەكی سەلمێنراو نیە نە لە (صحاح)دا و نە لە (السنن) دا و نە لە (المساند) دا ...هتد .

وە ئەگەر بكرێت ئەو شایەتانە كوڕو كچەكە بناسن باشترە هەروەها دەتوانرێ لای كوڕە دوو شایەت هەبێ و لای كچیش دوو شایەت هەبێ . شایەتەكانیش خۆیان گوێیان لە گفتوگۆی هەردوو لابێ : ژنپێدانی خاوەن و قەبوڵكردنی مێردەكە و ڕەزامەندی كچەكە ببیسن ئەمە ئەگەر نەتوانرا لە جێگایەكدا كۆببنەوە ئەگەر بكرێت بەیەكەوە دابنیشن باشترە .

(مامۆستا خلیل أحمد)

**٤٤- ئایا دەكرێ پیاوێك دوو ژن بهێنێت و لەیەك ژووردا بخەون؟**

**وەڵام :** ئاینی پیرۆزی ئیسلام فەرمانی كردووە بە عەورەت پۆشی لە هەموو كاتێكدا تەنها لە چەند كاتێكدا نەبێت كە لە شەرعدا مۆڵەتی پێدراوە ، وەك لەم فەرموودەیەوە بۆمان ڕوندەبێتەوە كە (بهز) ی كوڕی (حكيم) لە باپیریەوە دەیگێڕێتەوە كە وتوویەتی : ووتم ئەی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم (عەورەتەكانمان كامەی داپۆشین و كامی دانەپۆشین ، پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمووی : (احفظ عورتك إلا من زوجتك أو ما ملكت يمينك قلت يا سول الله إذا كان القوم بعضهم في بعض؟ قال إن كان احدنا خالياً قال فالله أحق أن يستحيا من الناس ) رواه الترمذي برقم ٢٧٦٩ وابن حبان برقم ١٩٢٠ وحسنه الشيخ الألباني برقم ١٥٥٩.

كەوا بوو ئاینی پیرۆزی ئیسلام فەرمانی كردووە بە عەورەت پۆشی تەنانەت ئەگەر بەتەنهاش بێت فەرمانی سوننەت واتە واجب نیە ، ئەم پرسیارەش كە هاتووە پیاوێك لەگەڵ دوو خێزانی بەیەكەوە بخەوێت ئەمەش بێگومان سەرەڕای ئەوەی كاری پێغەمبەر صلى الله عليەوسلم وا نەبووە ئەنجا عەورەتی یەكێك لەو خێزانە بۆ ئەوی تریان دەردەكەوێت ، وە پەیڕەو كردنی سوننەتی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم باشترین چارەسەرە . (مامۆستا خلیل أحمد)

**٤٥- ئەگەر ژن و پياوێك منداڵيان نەبێ و خەتا لە پياوەكە بێت ژنەكە بۆی هەيە داوای تەڵاق بكات لە پياوەكەی لەبەر منداڵ.**

**وەڵام :** زانايانی شەريعەتی ئيسلامی پێكهاتوون لەسەر ئەوەی ساغ و سەلامەت بوونی مێرد لە هەندێ نوقسانی مەرجێكی بنەڕەتی يە بۆ بەردەوام بوونی ژيانی هاوسەرگيری لەلايەن ئافرەتەكەوە بەو مانايەی ئەگەر ئافرەت نوقسانی بەدی كرد لە مێردەكەيدا مافی خۆيەتی داوابەرز بكاتەوە بۆ لای دادوەر بەمەبەستی جيابوونەوە وە لەنێوان خۆی و مێردەكەی . شەرعزانەكان هەرچەندە جياوازن لە دياری كردنی نوقسانييەكان بەڵام پێكهاتوون لەسەر ئەوەی (شلەپەتە)يی ناتەواوی يە و دەبێتە هۆكار بۆ داواكاری ژن بۆ جيابوونەوەی لەگەڵ مێرديدا بەڵام منداڵ نەبوون دەسەڵاتی پياو يان ژنی تيا نيە هۆكار نيە بۆ جيابوونەوەی ژن و مێرد لەيەكتری مەبەستمان لە هۆكار نەبوونی ئەوەی مافی خۆيان نيە گرێبەستی هاوسەرگيری هەڵوەشێنێتەوە . والله اعلم. (مامۆستا خليل أحمد)

**٤٦-ئايا لە چ كاتێكدا تەڵاق بە دەستی ئافرەتە، ئەگەر ئافرەتێك بۆی دەركەوت كە مێردەكەی خيانەتی لێ دەكات دروستە داوای تەڵاقی لێبكات؟**

**وەڵام :**

بسم الله الرحمن الرحيم

سوپاس و ستايش بۆ خوای گەورە وە درودو سڵاو لە سەر گيانی پێغەمبەری خوا وە لەسەر خێزان و كەس وكاری ئيماندارو هاوەڵان و شوێن كەوتوانی تا رۆژی دوايی.

بۆی هەيە داوای لێ بكات، بەڵام ئەوە پێی دەوترێت (خلع)، بۆی هەيە داوای جيابونەوەی لێ بكات .

(مامۆستا **عبداللطيف**)

**٤٧- ئايا مارەيی پاشەكی ئافرەت كەلەلايەن مێردی دەمێنێتەوە ئەگەر لە(٢٠) بيست مسقال زياتر بوو زەكاتی لەسەرە؟ وەلەسەر پياوەكەيە يان ژنەكە؟ وەئەگەر هەيەتی كەی دەدرێت؟**

**وەڵام :** بسم الله الرحمن الرحيم

زەكات لە سەر ئافرەتەكەيە چونكە ماڵی ئەوە،كاتێك ئەگەر مێردەكەی دەوڵەمەند بێت،بەڵام ئەگەر مێردەكەی فەقير بوو زەكاتی لە سەر نيە. هەر كاتێك ئافرەتەكە (٢٠)مسقاڵەكەی وەرگرت زەكاتی (١) ساڵی لێ دەردەكات.

بڕوانە(مجموع فتاوي ابن عثيمين رحمه الله) بەرگی (١٨)لاپەرە (٣٠)

(مامۆستا عبدالكريم)

**٤٨- هەموومان دەزانین کە تەڵاق دان لەلایەن خوای گەورە حەڵاڵ کراوە: بەڵام زۆر کەسی واهەن لەسەر هیچ و خۆڕایی خیزانەکانیان تەڵاق دەدەن ئایا ئەوەی ئەم کارانە دەکات لەلای خوای گەورە سزاکەی چیە و چۆنە خوای گەورە جەزای خیرتان بداتەوە .؟**

**وەڵام :** بسم الله الرحمن الرحيم

تەڵاق دان بە بێ ئەوەی ئافرەتەکە تاوانێکی کردبێت کارێکە خوا پێی خۆش نیەو کرداری چاکە کاران نیە چونکە دروست نیە بۆ مسوڵمانان بە بێ هۆی شەرعی زیان بە کەس بگەیەنیت چ جای خێزانەکەی خۆی پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) فەرمویەتی (لاضرر ولا ضرار) رواه ابن ماجه والدار قطني واتە (نە زیان لە خۆت بدە نە لەخەڵکی) پاشان چی ئەکات لەو بەڵێنەی کە داوویەتی بەو ئافرەتەو کەس و کاری؟

(مامۆستا عبدالكريم)

**٤٩-ماڵەکەم تەنها یەك ژوورە وە ئەو ژوورەش قورئانی تێدایە ئایا بونی تەلەفزوێن لەو ژوورە یان خۆگۆڕین یان کاری سەرجێی لەگەڵ خێزانم دروستە لەو ژوورە کە قورئانی تێدایە؟**

**وەڵام :** بسم الله الرحمن الرحيم

نابێت تەلەفزیۆنەکەت بە کار بهێ نیت بە شێوەیەك کە پێچەوانەی قورئانەکەو شەرعی خوا بێت بۆ ئەوانەی تر دروستە و گوناهبار نابێت. والله اعلم.(مامۆستا عبدالكريم)

**٥٠- ئایا دروستە لە کاتی عادەدا بە دەستی مێردەکەم خۆم ڕەحەت بکەم و بە هەمان شێوەش بۆ مێردەکەم ؟**

**وەڵام :** بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

بەڵێ ئەو کارە بۆ هەردووکتان دروستە و هیچی تێدا نی یە، بە بەڵگەی ئەم فەرموویە :

عن أنس بن مالك (رضي الله عنه): ((أن اليهود كانوا لا يجلسون مع الحائض في بيت ولا يأكلون ولا يشربون قال فذكر ذلك للنبي (صلي الله عليه وسلم) فأنزل الله: [وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الْمَحِيضِ قُلْ هُوَ أَذًي فَاعْتَزِلُواْ النِّسَاء فِي الْمَحِيضِ] فقال رسول الله (صلي الله عليه وسلم): اصنعوا كل شيء إلاَّ الـــجماع))[صحيح سنن ابن ماجه رقم: (٦٤٤)] .

واتە: جولەکە لە گەڵ ئافرەتی بێ نوێژدا دانەدەنیشتن لە ماڵدا و خواردنیان لە گەڵیدا نەدەخوارد و خواردنەوەیان، جا ئەمەیان باس کرد بۆ پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) خوای گەورەش ئەم ئایەتی دابەزاند و فەرمووی: پرسیارت لێ دەکەم سەبارەت بە ئافرەت لە کاتی حەیزدا ؟ بڵێ: ئازاری تێدایە بۆیە لە کاتی حەیزدا نزیکی ئافرەت مەبنەوە، جا پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: هەموو شتێکیان لە گەڵدا بکەن تەنها جیماع (جووت بوون) نەبێت.

کەواتە دروستە بە یەکتر ـ بە هەر شێوەیەك بێت ـ خۆیان ڕەحەت بکەن تەنها بە جووت بوون نەبێت.

(مامۆستا محمد عبد الرحمن)

-----------------------------

**ماڵپەڕی بەهەشت**
**www.ba8.org**